حکومەتی هەرێمی کوردستان/ عێراق

وەزارەتی خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی

زانکۆی سلێمانی

کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی

بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان

# کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان

توێژینەوەکە پێشکەش بە ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت _ زانکۆی سلێمانی کراوە وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکان

لەلایەن

هەڵۆ کریم محمد

بەسەرپەرشتی

پ.ی.د. کریم احمد عزیز        پ.ی.د احمد رفیق کریم

2722 کوردی        2022 زاینی        1444 کۆچی

بِسْمِ اللهِ الرِّحْمٰنِ الرِّحِيْمِ

﴿يُؤْتِي الْحِكْمَةَ مَنْ يَشاءُ وَمَنْ يُؤْتَ الْحِكْمَةَ فَقَدْ أُوتِيَ خَيْراً كَثِيراً وَما يَذَّكَّرُ إِلَّا أُولُوا الْأَلْبابِ﴾

**صدق الله العظيم**

**سورة البقرة**

**الآية( *269* )**

## **بڕیاری سەرپەرشتیاران**

ئەم نامەیەی خوێندکار ( هەڵۆ کریم محمد ) بەناونیشانی ( **کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتە کۆمەڵایەتیەکان** ) بەچاودێری ئێمە لەکۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت/ زانکۆی سلێمانی ئامادەکراوە، وەک بەشێک لە پێداویستییەکانی بەدەستهێنانی پلەی ماستەر لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکاندا لەو پێناوەدا واژۆمان کردووە.

**سەرپەرشتیاران:**

**پ.ی.د. کریم احمد عزیز**

**پ.ی.د. احمد رفیق کریم**

**/ / ٢٠٢٢**

**بەپێی ئەو پێشنیازانە ئەم نامەیە پێشکەش بە لیژنەی تاوتوێکردن دەکەم.**

**پ.ی.د. فواد خالد سعید**

**سەرۆکی بەشی زانستەکۆمەڵایەتییەکان**

**/ / ٢٠٢٢**

## بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی

ئەم نامەی خوێندکار ( هەڵۆ کریم محمد )کە ناونیشانی بریتیە لە (کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکان )، پێداچونەوەی زمانەوانی بۆکراوە ، ئەو هەڵانەشی کەتێیدابوو ڕاستکراونەتەوە بەوەش نامەکەی لەڕووی زمانەوانی و شێوازی دەربڕینەوە ئامادەیە بۆ گفتوگۆکردن.

واژۆ

ناو:

ڕێکەوت / / 2022

## بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ

ئێمە وەک ئەندامانی لیژنەی گفتوگۆ، ئەم نامەی خوێندکار ( هەتۆ کریم محمد ) بەناونیشانی ( **کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان** ) خوێندنەوەو گفتوگۆمان دەربارەی ناوەڕۆک و لایەنەکانی تری کردووە، بڕیارماندا بە پلەی (            ) بڕوانامەی ماستەری لە ڕێگاکانی وانەوتنەوەی زانستەکۆمەڵایەتییەکانی پێبدرێت.

واژۆ:
ناو: پ.د. ندوه محمد شریف
ئەندام: سەرۆک لیژنە
ڕێکەوت:   /   /2023

واژۆ:
ناو: پ.د.سامان حسین احمد
ئەندام:
ڕێکەوت:   /   / 2023

واژۆ:
ناو: پ.ی.د. کوردستان حمید محمد
ئەندام:
ڕێکەوت:   /   / 2023

واژۆ:
ناو: پ.ی.د.کریم احمد عزیز
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت:   /   / 2023

واژۆ:
ناو: پ.ی.د.احمد رفیق کریم
ئەندام و سەرپەرشتیار
ڕێکەوت:   /   / 2023

لەلایەن ئەنجومەنی کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەتی زانکۆی سلێمانی ژمارە (      ) لە ڕێکەوتی (  /   /2023   ) پەسەندکرا.

واژۆ:
پ.ی.د. حسن فخرالدین خالد
سەرپەرشتیاری کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت
ڕێکەوتی:   /   / 2023

**پێشکەشە :-**

- هەموو مامۆستاکانم لە هەموو قۆناغەکانی خوێندنم.
- گشت هاوڕێ دڵسۆزەکانم.
- بەو کەسانەی خزمەت بە زانست و زانیاری دەکەن.
- بە هەموو مامۆستایەکی دڵسۆز و پەرۆش بۆ پیشەکەی.
- گشت توێژەرێک کە ئامانەتی زانستی دەپارێزێت.

## سوپاس و پێزانین :

- سوپاس بۆ خوای گەورە کەیارمەتی دام لەتەواوکردنی توێژینەوەکە.
- سوپاسی هەردوو سەرپەرشتیار بەڕێزان ( پ.ی.د.کەریم احمد عزیز ) و ( پ.ی.د احمد رفیق کریم ) دەکەم کەهاوکارم بوون لەتەواوبونی توێژینەوەکە.
- سوپاسی کتێبخانەی زانکۆی هەڵەبجە و. کتێبخانەی زانکۆی سلێمانی.
- تەواوی مامۆستاو دڵسۆزان دەکەم کە ماندوو بوون لەپێدانی ڕێنماییەکان و دابینکردنی سەرچاوە زانستییەکان بۆ نووسینی ئەم توێژینەوەیە.

# پوختەی توێژینەوەکە

ئامانج لەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە : " زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژیی کارتە کراوەکان لەسەر دەستکەوتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان "، لەڕێگەی تاقیکردنەوەی ئەم گریمانانەی خوارەوە :

_جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0,05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بە (ستراتیژی کارتەکراوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن.

_جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0,05) لەنێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بە (ستراتیژی کارتەکراوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ پێوەری پاڵنەری فێربوون.

توێژەر پشتی بەدیزاینی ئەزمونی بۆ دوو گروپی هاوسەنگ بەست، گروپی ئەزمونی بەپێی ستراتیژیی کارتەکراوەکان بابەتی وانەیان پێدەوترایەوە، گروپی کۆنترۆڵکراو بەڕێگای ئاسایی هەمان بابەتیان پێدەوترایەوە، بە تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی پاشکۆ (پاڵنەری فێربوون )و تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستهاتی خوێندن، بەپشت بەستن بە ڕێبازی نیمچە ئەزمونی.

کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتی بوو لە قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قەزای پێنجوێن بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021 - 2022 ) کە پێکهاتووە لە ( 46 ) قوتابخانە و قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بریتی بوو لە ( 897 ) قوتابی کە بە ڕۆژ دەوام دەکەن.

توێژەر لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەیدا پشتی بە شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی سادە بەست بۆ دەستنیشانکردنی نموونەی توێژینەوە، قوتابخانەی ( جەلال مەحموودی بنەڕەتی ) بەمەبەست هەڵبژارد لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکە نموونەی توێژینەوە بەشێوەی هەڕەمەکی هەڵبژێردرا لەنێوان (سێ) پۆلی خوێندنی حەوتەمی بنەڕەتی( ب ، ج ) هەڵبژێردران بە نموونەی توێژینەوەکە کە ( 51 ) قوتابی بوو . بۆ دیاریکردنی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکار بەسەر هەردوو پۆلی نموونەی توێژینەوە توێژەر جارێکی تر شێوازی هەڕەمەکی سادەی بەکارهێنا لە ئەنجامدا هۆبەی ( ب ) بوو بەگروپی ئەزموونی و ( هۆبەی ( ج ) بوو بە گروپی کۆنترۆڵکار، پاش دوورخستنەوەی قوتابیانی دەرنەچوو لە ساڵی پێشوو کە ( 7 ) قوتابی بوو نموونەی توێژینەوەکە بوون بە (44) قوتابی لە ئەنجامدا گروپی ئەزموونی بوو بە (22) قوتابی و گروپی کۆنترۆلکراو بە ( 22 ) قوتابی.

پاشان هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوە لە گۆڕاوەکانی ( تەمەن ، زیرەکی ، زانیاری پێشوو دەربارەی بابەتەکانی خوێندن ، نمرەی ساڵی پاریان لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان ، ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانیان، پاڵنەریان )، توێژەر دوو ئامڕازی بەکارهێنا لە جێبەجێکردنی توێژینەوەکە یەکەمیان تاقیکردنەوەی دەستهاتی خویندن بوو کەئامادەی کردبوو، خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی بۆدەرهێنا ئەوانیش بریتی بوون لە دروستکردنی

نەخشەی (خشتە) تاقیکردنەوە بەپێی نەخشەکە ( 30 ) برگەی پرسیار بەپێی چوار ئاستی بلۆم لە جۆری هەڵبژاردن و پرسیاری وەڵام سنوردار ئامادەکرد و ڕاستێتی بۆ دەرهێنا و پاشان شیکردنەوەی ئامارییەکانی بەسەر تاقیکردنەوەکە جێبەجێکرد کە بریتی بوون لە ئاستی گرانی و ئاسانی بڕگەکانی تاقیکردنەوە و هێزی جیاکەرەوەی بەندوو کارای جێگرەوەی هەڵە دواتر نەگۆڕی تاقیکردنەوەکەی دەرهێنا ئەویش لەسەر بنەمای وەڵامی ( 100 ) قوتابی بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە بە دوو هاوکیشەی ئەلفاکرونباخ و ڕێگای بەنیوەکردنی سپیرمان براون.

ئامرازی دووەم پێوەری پاڵنەری فێربوون بوو توێژەر ئەم پێوەرەی ئامادەکردوو ڕاستێتی بۆدەرهێناو پاشان شیکردنەوەی ئامارییەکانی جێبەجێکرد بەسەریدا ئەوانیش بریتیبوون لە : ( هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان و ڕاستێتی پەیوەستی ناوخۆیی بڕگەکان و دواتر بەهای نەگۆڕی بەدوو هاوکێشە دەرکرد ئەوانیش هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسۆن و هاوکۆلکەی پەیوەندی کندال بوو ئەنجامی هەموو ئەوانەش پەسەندبوون لەڕوویی ئامارییەوە.

بۆ زیاتر ووردبوون لە گەیشتن بە ئەنجامی توێژینەوەکە، دروستی ناوەوە و دەرەوەی ئەزموونی بەدەستهێنرا بۆ هەندێ گۆڕاو.

توێژەر لە ڕێکەوتی ( 2022/2/7 ) دەستی بەئەنجامدانی ئەزموونیەکە کردوو سێ بەشەوانەی لە هەفتەیەکدا دەوتەوە ، وە لە ڕێکەوتی ( 4/14 / 2022 ) کۆتای پێهێنا.

بەخستنەڕووی ئەنجامەکانی تایبەت بەگریمانەی یەکەم و دووەم دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە، لەنێوان نمرەکانی هەردوو گروپی توێژینەوەکە لە بەرژەوەندی قوتابیانی گروپی ئەزمونی لەسەر زیادبوونی دەستهاتی خوێندن و گەشەکردنی پاڵنەری فێربوونیان لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن و پێوەری پاڵنەری فێربووندا، لە دوای جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، ئەمەش بۆ سەرکەوتووی و کاریگەری پراکتیزەکردنی ستراتیژی کارتەکراوەکان دەگەڕێتەوە.

لە بەرڕۆشنای ئەنجامەکان توێژەر گەیشتە ئەو دەرئەنجامەی کە :- بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان لە ووتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان _ مێژوو، بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کارایی زیاترە لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربووندا بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی.

بەپێی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردەو پێشنیاز خرانەڕوو کە ڕەنگە سوودی هەبێت.

# پێڕستی بابەتەکان


| ناونیشانی بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| ئایەتی قورئان | I |
| بڕیاری سەرپەرشتیاران | II |
| بڕیاری هەڵسەنگێنەری زمانەوانی | III |
| بڕیاری لیژنەی گفتوگۆ | Iv |
| پێشکەش | V |
| سوپاس و پێزانین | vI |
| پوختەی توێژینەوە | vIII _vII |
| پێڕستی بابەتەکان | X_ Ix |
| پێڕستی خشتەکان | XI |
| پێڕستی هێڵکاری | XI |
| پێڕستی پاشکۆکان | XII |
| لیستی کورتکراوەکان | XII |
| بەشی یەکەم / ناساندنی توێژینەوە | 10-1 |
| گرفتی توێژینەوە | 1 |
| گرنگی توێژینەوە | 3 |
| ئامانجی توێژینەوە | 7 |
| گریمانەی توێژینەوە | 7 |
| سنوری توێژینەوە | 7 |
| پێناسەی زاراوەکان | 8 |
| بەشی دووەم / چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو | 39-11 |
| چوارچێوەی تیۆری | 11 |
| ستراتیژییەتەکانی فێربوونی کارا | 11 |
| فێرکردنی هەرەوەزی دەروازەیەک بۆ فێرکردنی کارا ، ستراتیژیی کارتەکراوەکان | 17 |
| دەستهاتی خوێندن | 21 |
| پاڵنەری فێربوون | 24 |
| بابەتەکۆمەڵایەتییەکان | 31 |
| بابەتی مێژوو | 32 |
| توێژینەوەکانی پێشوو | 34 |
| بەشی سێیەم / ڕێکارییەکانی توێژینەوە | 63-40 |
| ڕێبازی توێژینەوە | 40 |
| دیزاینی توێژینەوە | 40 |

| | |
|---|---|
| 41 | کۆمەڵگەی توێژینەوە |
| 41 | نموونەی توێژینەوە |
| 42 | هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە |
| 46 | ئامڕازەکانی توێژینەوە |
| 56 | ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە |
| 57 | ڕاستی و دروستی ناوەکی و دەرەکی دیزاینی توێژینەوە |
| 59 | هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە |
| 60 | ئامڕازە ئامارییەکان |
| 69_63 | بەشی چوارەم / خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان |
| 64 | خستنەڕووی ئەنجامەکان |
| 66 | شیکردنەوەی ئەنجامەکان |
| 69 | بەراوردکردنی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێستا |
| 71-70 | بەشی پێنجەم / دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان |
| 70 | دەرئەنجامەکان |
| 70 | ڕاسپاردەکان |
| 71 | پێشنیارەکان |
| 79_72 | سەرچاوەکان |
| 72 | سەرچاوەکان بەزمانی کوردی |
| 73 | سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی |
| 78 | سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی |
| 80 | پاشکۆکان |
| أ_ب | پوختەی توێژینەوە بەزمانی عەرەبی |
| b-a | پوختەی توێژینەوە بەزمانی ئینگلیزی |

# پێڕستی خشتەکان


| لاپەڕە | ناونیشانی خشتەکان |
|---|---|
| 16 | جیاوازی نێوان وانەوتنەوەی کلاسیکی و وانەوتنەوەی کارا |
| 35-34 | ئەو توێژینەوانەی کە ستراتیژیەتی کارتەکراوەکانیان ئەزموون کردووە |
| 37-36 | ئەو توێژینەوانەی کە باس لە پاڵنەری فێربوون دەکەن |
| 42 | نموونەی توێژینەوە |
| 44 | هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە لەهەندێ گۆڕاودا |
| 45 | ئاستی خوێندەواری و دایکان و باوکانی قوتابیان |
| 49 | دابەشکردنی نمرەکان بۆ برگەکانی پێوەر |
| 50 | بابەتی خوێندراو لەماوەی ئەزموونداو و ژمارەی لاپەڕەکانیان |
| 52 | خشتەی تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن |
| 58 | دابەشکردنی بەشە وانەکان |
| 64 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی ( تائی ) بۆ زانینی جیاوازی لە ناوەندە نمرەو لادانی پێوەری وبەهای ( تائی ) لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی هەردوو گروپ |
| 65 | بەهای قەبارەی کاریگەری هاوکۆلکەی ئیتاو کوهین |
| 65 | بەهای ئاستی ئاماژیی قەبارەی هاوکۆلکەی ئیتاو کوهین |
| 66 | ئەنجامی تاقیکردنەوەی ( ت ) تائی بۆزانینی جیاوازی لە ناوەندە نمرەولادانی پێوەری وبەهای ( ت ) لە تاقیکردنەوەی گەشەکردنی پاڵنەری فێربوونی هەردوو گروپ |
| 67 | بەهای قەبارەی کاریگەری هاوکۆلکەی ئیتاو کوهین |


# پێڕستی هێڵکاری


| لاپەڕە | ناونیشانی هێڵکاری |
|---|---|
| 32 | سروشتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان |
| 40 | دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە |
| 124 | وانەوتنەوە بەستراتیژیەتی کارتەکراوەکان |

## پێڕستی پاشكۆكان


| ناونیشانی پاشكۆكان | لاپەڕە |
|---|---|
| فۆڕمی وەرگرتنی زانیاری تایبەت بە مامۆستایان | 80 |
| فۆڕمی وەرگرتنی زانیاری تایبەت بەقوتابیان | 81 |
| فۆرمی زانیاری قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی | 82 |
| ناوی پسپۆڕوشارەزایان لەوەرگرتنی ڕاوبۆچونیان لەهەندێ ڕێكارەكانی توێژینەوە | 84_83 |
| ناوی شارەزایانی زمانی عەرەبی و كوردی | 84 |
| تەمەنی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە بەمانگ | 85 |
| نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە لەبابەتەكۆمەلایەتیەكانی سالی پار | 86 |
| تاقیكردنەوەی مەعریفەی پێشوو | 88_87 |
| نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە مەعریفەی پێشوودا | 89 |
| نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپ لە زیرەكیدا | 90 |
| نمرەی پالنەری فێربوونی هەردوو گروپ لەتاقیكردنەوەی پێشەكی و پاشەكی دا | 91 |
| فۆڕمی ڕاوەرگرتنی شارەزایان لە بارەی پێوەری پالنەری فێربوون | 95_92 |
| ئەنجامی تاقیكردنەوەی تایی بۆ هێزی جیاكەرەوەی دەستەواژەكانی پێوەری پالنەری فیربوون | 97_96 |
| ئەنجامی پەیوەندی بڕگەكانی پێوەری پالنەری فێربوون بەكۆی بڕگەكان و دەرەجەی گشتی پێوەر | 98 |
| ئەنجامی نەگۆڕی تاقیكردنەوەی پێوەری پالنەری فێربوون | 100_99 |
| فۆڕمی ڕاوەرگرتنی شارەزایان دەربارەی ئامانجە ڕەفتارییەكان | 107_101 |
| هاوكۆلكەی ئاسانی و گرانی و هێزی جیاكەرەوەی بڕگەكانی تاقیكردنەوە | 108 |
| كارایی جێگرەوە هەلەكان | 109 |
| فۆڕمی ڕاوەرگرتنی شارەزایان دەربارەی تاقیكردنەوەی دەستهات | 117_110 |
| فۆڕمی ڕاوەرگرتنی شارەزایان دەربارەی پلانی وانەوتنەوە | 127_118 |
| كلیلی وەلامە ڕاستەكانی تاقیكردنەوەی دەستهاتی خوێندن | 129_128 |
| نمرەی قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە لە تاقیكردنەوەی دەستهات | 130 |
| قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی | 132_131 |
| ڕێگەپێدان بۆ كاری ئەزموونی توێژینەوەكە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پێنجوێن | 133 |
| ئەنجامدانی كاری ئەزموونی لەقوتابخانەی جلال محمودی بنەڕەتی | 134 |
| پشتگیری قوتابخانەی ناوشاخانی بنەڕەتی بۆ ڕێكارییەكانی توێژینەوە | 135 |
| پشتگیری قوتابخانەی ملەكەوەی بنەڕەتی بۆ ڕێكارییەكانی توێژینەوە | 136 |


## لیستی كورتكراوەكان

| | | | |
|---|---|---|---|
| ب.د/ د. ن | بێ دەزگای چاپ | ب.ط | بەبێ چاپ |
| و / ت | وەرگێڕ | W.E | بێ چاپخانە |

# 1 بەشی یەکەم :

## ناساندنی توێژینەوە (التعریف بالبحث) Definition of the search

1_1 گرفتی توێژینەوە (مشکلة البحث)

1_2 گرنگی توێژینەوە (أهمیة البحث)

1_3 ئامانجی توێژینەوە (هدف البحث)

1_4 گریمانەی توێژینەوە ( فرضیة البحث)

1_5 سنوری توێژینەوە ( حدود البحث )

1_6 پێناسەی زاراوەکان (تحدید المصطلحات)

## 1-1 کێشەی توێژینەوە (مشكلة البحث) Research Problem:

دابەزینی ئاستی تێگەیشتنی قوتابی لە بابەتەکانی خوێندن و دەستکەوتیان و نەبونی پاڵنەری فێربوون بەیەکێک لە گیروگرفتە باوەکان دادەنرێت لە قۆناغەکانی خوێندنی بنەڕەتیدا لە وولاتە تازە پیگەیشتووەکاندا، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕاهاتنی مامۆستایان لەسەر شێوازی وانەوتنەوەی کۆن و شارەزانەبوون یاخود پەیڕەونەکردن لەو ستراتیژ و ڕێگایانەی کە قوتابی دەکەنە تەوەری سەرەکی لە پرۆسەی فێربوون.

لە کۆنفرانسێکی جیهانیدا بە ناونیشانی: " پەروەردە بۆ هەموان لە ساڵی 1990 لە شاری (جومتین) لە وڵاتی تایلاند ئەنجامەکەی ئەوە بوو کە تێکچونی کوالێتی خوێندن لە خوێندنی بنەرەتیدا لە وڵاتانی تازەپێگەییشتووی ئەمەریکای لاتین و ئەفریقا و ئاسیا و وڵاتانی عەرەبی پێویستی بە ستراتیژی بەتوانا هەیە بۆ پێچەوانەکردنەوەی و خستنەوە شارێی درووستی خۆی (Kaluge, 1998: 1 )، هەروەها کۆنفرانسی نێودەوڵەتی پەروەردە کە لەلایەن (یونسکۆ)وە لە بڕیارنامەی ژمارە ( 34 ) ی خۆیدا پەسەندکرابوو لە (25- 28)ی مانگی ئەیلولی ساڵی (2008) کە پێکهاتبوو لە بەشداریکردنی ( 153 ) وڵات لەنێویشیاندا هەندێ لەوڵاتە عەرەبییەکان کە لە وڵاتی سویسرا کۆنفرانسەکە بەسترا، لەپاڵ داهێنانی پرۆگرامی نوێ و پەروەردەی کوالێتی زیاتر جەختی لەسەر ڕاهێنانی مامۆستایان دەکرایەوە بە ستراتیژە نوێیەکان، هەروەها ئاڕاستەکردنی قوتابی لە فێرکردنی تیۆریەوە بۆ پراکتیکیی و بەشداریکردنی کارانی فێرخوازان لەپرۆسە فێرکارییەکاندا (Unesco, 2009: 8 ،18).

توێژینەوەکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا ئەوەیان خستۆتەڕوو کە ڕێگای وانەبێژی بە یەکێک لە ڕێگا باوەکان دادەنرێت لە پرۆسەی وانەوتنەوە لە ناوچەکە، ئەم بابەتەش کێشەیەکە پێویستی بە چەندین توێژینەوەی ئەکادیمی هەیە بۆ ئەوەی لەڕووی زانستیەوە لێیبکۆڵرێتەوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی لە زۆربەی کۆنگرەو کۆنفرانسە پەروەردەییەکانی وەزارەتی پەروەردەی عێراق و هەرێمی کوردستان کە زیاتر جەخت لەسەر بەکارهێنانی ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە دەکەنەوە و بەپێویستی دەزانن نوێگەرییە پەروەردەییەکان پەیڕەوبکرێت، بۆنموونە یانزەهەمین کۆنفرانسی پەروەردەیی لەبەغدا بەڕێوەچوو لەساڵی 2005 ئاماژە بە ئاشناکردنی مامۆستایان بە ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە دەکات کە لەگەڵ پێشکەوتنە خیراکانی جیهان بگونجێت.

ئەوەتا تەنانەت لە ڕاپۆرتی یونسکۆ سەبارەت بە عێراق ئاماژەی بۆ لاوازی ئاستی مامۆستایان لەوانەوتنەوەدا کردووە.

سەبارەت بە کوردستانیش کۆنفرانسی کۆنفرانسی سێیەمی پەروەردەیی لە (2005 ) و کۆنفرانسی چوارەمی پەروەدەیی لە (2007 ) جەخت لە گۆرانکارییە پەروەدەیی و فێرکارییەکان دەکەنەوە، لەنێویشیاندا گرنگیدانە بە ستراتیژی نوێی وانەوتنەوە (سیوەیلی، 2012: 6_7).

توێژەر لەگەڕان بەدوای ئەو توێژینەوانەی کە باس لەم کێشەیە دەکەن، بەتایبەت ئەو توێژینەوانەی کە ئەزمونی ستراتیژیەتێکی نوێیان کردووە، چەندین توێژینەوەی دەستکەوت لە شوێنە جیاوازەکانی هەرێمی کوردستان کە بەڵگەن بۆ پەیڕەونەکردنی ڕێگاو ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە وەک توێژینەوەکانی (قاسم ئاغا، 2012، کریم، 2014، محەمەد، 2015 ، حمەقازی، 2016، بکر، 2016 ) چەندین توێژینەوەی تر...

هەروەها توێژەر بۆ دڵنیابوون لە هەبوون و هەستکردن بەم کێشەیە بەشێوەی هەڕەمەکی سەردانی چەند قوتابخانەیەکی سنوری قەزای پێنجوێن و چەند گوندێکی دەوروبەری کردووە ئەم کێشەیەیی بەزەقی و سەرەکی بەدیکردووە لە قوتابخانەکانی سەر بە پەروەردەی قەزاکە، بەتایبەت کاتێک پرسیار لە مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان و، قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی دەکات زیاتر ئەمەی بۆ ڕوون بویەوە، هەروەها کاتێک توێژەر ئامادەیی وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان بووە، بۆ زیاتر دڵنیابوونەوە لە کێشەکە توێژەر دوو فۆرمی ڕاپرسی نیمچە کراوەی ئامادەکرد، لە شێوەی چەند پرسیارێک سەبارەت بە گۆڕانکارییەکان لە وانەوتنەوەیان و کێشەی پاڵنەری فێربوون و دەستهاتی خوێندن لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، پاشکۆی (1،2)، لەدوای بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی ئەنجامەکەی بەم شێوەیە بوو ڕێژەی( 70% )ی مامۆستایان پشتیان بەرێگەی وانەبێژی و پرسیارو وەڵام بەستبوو، هەروەها ( 30% ) کێشەی فێربوونیان دەگەڕاندەوە بۆ دەستەبەرنەبوونی ئامڕازەکانی فێربوون و نەبوونی پاڵنەری قوتابی و ژینگەی قوتابخانە..هتد.

سەبارەت بە ئەنجامی وەڵامی قوتابیان ( 72 % ) ڕازی نەبوون لە وانەوتنەوەی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ نەبوونی کارایيەکانی پۆل و بەشداریپێنەکردنیان لەلایەن مامۆستاوە، هەر بۆیە توێژەر بیری لە بەکارهێنانی ستراتیژێکی نوێ کردووە لەسەر بنەمای هەندێک لە توێژینەوەو ئەدەبیاتی بوارەکە کە وایاندەبینی پەیڕەوکردنی ستراتیژێکی وەک (ستراتیژی کارتەکراوەکان) قوتابی دەکاتە تەوەر و بەشدارییەکی کارانەی پێدەکات لە وانەوتنەوەدا، کە ئەمەش بۆخۆی گرفتی توێژینەوەکەمانە، چونکە ستراتیژی کارتەکراوەکانە وەک گۆڕاوێکی سەربەرخۆ داناوە، توێژەر پێشبینی ئەوەی لێدەکات لە وانەوتنەوەی بابەتە

کۆمەڵایەتیەکان بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ببێتە هۆی زیادکردنی دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوونیان.

دەتوانین کێشەی ئەم توێژینەوەیە زۆر بەکورتی دیاری بکەین بەوەڵامدانەوەی ئەم دوو پرسیارەی خوارەوە:

1. ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان، کارایی دەبێت لەسەر زیادکردنی دەستهاتی خوێندنی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ؟

2. ئایا بەکارهێنانی ستراتیژی کارتە کراوەکان، کارایی دەبێت لەسەر گەشەکردنی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ؟

## 2-1 گرنگی توێژینەوە (أهمیة البحث) importance of the research :

سەرەتای ئەم سەدەیە تاوەکو هەنووکە جیهان هەنگاوێکی گەورەی نا لەسەرجەم بوارەکانی ژیان، ئەو هەنگاوە بەشێوەیەکە ڕۆژانە داهێنانی جۆراوجۆر لەبوارە جیاوازەکاندا دەبینرێت، بواری پەروەردەش لەو داهێنان و گۆڕانکاریانە بەدەرنییە، هەر ئەمەش لەسەر کۆمەڵگەکانی پێویست کردووە سیستمێکی پەروەردەیی نوێ و گونجاو پەیڕەوبکەن کە هاوشانی ئەوگۆڕانکاریانە بێت. بۆیە دەوڵەتانی پێشکەوتوو لە پێشبڕکێدان گەشە بە سیستمی پەروەدەییان بدەن بەشێوەیەکی گشتگیر کە سەرجەم پیکهێنەرەکانی پەروەردە لەخۆبگرێت.

سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە لەسەر کۆمەڵێک رەگەز و پێکهێنەر وەستاوە، وەک پرۆگرامێکی خوێندنی شیاو، ئامرازی فێرکاری نوێ وانەوتنەوەیەکی سەردەمیانە و بەڕێوەبردنێکی سەرکەوتوو، خوێندنگەی شیاو، لەوپێکهێنەرانەن کە ڕۆڵی بەرچاو دەبینن لەسەرخستنی پەروەردە (سیوەیلی، 2007: 5).

پرۆگرامی خوێندنی قوتابخانەیی پلانێکی پەروەردەییە و کۆمەڵێک توخم لەخۆدەگرێت کەپێکهاتوون لە:- ( ئامانجەکان ، ناوەڕۆک ، فێرکردن ، هەڵسەنگاندن ، بوارەکانی: فەلسەفی و کۆمەڵایەتی و دەرونی و مەعریفی ..هتد)، پەیوەست بە قوتابی و کۆمەڵگەوە لەدۆخەکانی فێربوونی پەروەردەیی لەناوەو دەرەوەی قوتابخانە لەژێرچاودێریدا بەکاردەهێنرێت وەک پێکهێنەرێکی پرۆسەی پەروەردە ڕۆڵێکی گرنگی هەیە لە سەرکەوتن و گەشەکردنی کەسایەتی تاک لەلایەنی دەروونی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و مەعریفییەکاندا ..هتد (سعادة و ابراهيم، 2014: 62).

خوێندنی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان وەک بڕیارلێدراوێکی خوێندن لە کۆمەڵێک بابەتی ڕێکخراو پێکدێت کە لێکۆڵینەوە لەو پەیوەندیانە دەکات کە مرۆڤەکان لەگەڵ یەکتر دەبەستێتەوە، سەرەڕای ئەو پەیوەندیانە لەگەڵ میراتی کلتوور و پێشکەوتن و ڕەوتی شارشتانیەتی هاوچەرخدا گرێدەدات، ئامانج لێیان باشکردنی پەیوەندییەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی پێشکەوتنی مرۆڤایەتی و گەیاندنیانە بەبەختەوەریی (الزبیدی، 2009: 33).

مێژوو وەک بەشێک لە بابەتە کۆمەڵایەتیەکان گرنگی خۆی هەیە بەوەی تۆمارێکی دوورودرێژو ڕێکخراوە لەڕووداوەکانی مرۆڤایەتی، باس لە واقعی ڕابردوو دەکات و بەئێستاوە دەیبەستێتەوە، بۆ ئەوەی تاک بۆ ژیانی داهاتوو ئامادەبکات، مێژوو تەنیا چیرۆکی پێشینان نییە دەربارەی ڕابردوو، بەڵکو ئێستا بەرهەمی ڕابردووە، داهاتویش بەرهەمی ئێستاو ڕابردووە (الجبوری واخرون، 2011: 9-10).

واتە مێژوو تۆماری ڕووداوەکانە، کە ئامانجی هەوڵدانە بۆ زانینی هەموو ئەو کردارانەی مرۆڤ ئەنجامی داون یان بیری لێکردونەتەوە یان هەوڵی بۆ داون هەر لەسەرەتای بونیەوە، لەلایەکی ترەوە دەتوانین وەک تۆماری ئەو ڕوداوانە دایبنێین، کە لە چوارچێوەی ئاگای مرۆڤایەتیدا ڕوویانداوە هەر لەسەرەتاوە، لەمیانەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ مرۆڤەکانی ترو ژینگەو سروشت و دەوروبەرەکەیدا ( ئەحمەد، 2020: 79).

خوێندنی بابەتی مێژوو لە چوارچێوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بەسوودە بۆ ئاشناکردن و تێگەیشتنی قوتابی لە ڕەوتی پێشکەوتن و شارستانییەتە مرۆڤایەتییەکان و بەستنەوەیان بە دۆخی ئێستاو داهاتوو، چونکە مێژوو پەیوەستە بە هەموو زانستەکانی ترو ئەمەش خودی خوێندنی مێژوو مانادار ئەکات و وای لێدەکات خاوەنی ئامانجی دیاریکراوی خۆی بێت (الغول، 2010: 48). هەموو ئەمانەی خرانەڕوو وەک بەشدارێک لەپڕۆسەی پەروەردەدا، ناتوانن بەرهەم و ئەنجامی باش بەدەستەوەبدەن ئەگەر مامۆستای کارامەو لێهاتوو نەبێت و ژینگەی گونجاوی بۆ نەسازێنێت

پەروەردەی نوێ زیاتر جەخت لەوەدەکاتەوە کە مامۆستا دەبێ وەک سەرپەرشتیار کاربکات، میتۆدەکانی کارکردن دەبێ بەپێی پێویستییەکانی قوتابی گۆڕانکاری تێدا بکرێت، هەمووکەس مافی گەشەکردنی هەبێت، حەزوو ئارەزووەکانی قوتابی لەبەرچاوبگیرێت بۆ ئەوەی پاڵنەری فێربوونی بۆ زیادبکرێت (سعید، 2015: 311).

یەکێک لەولایەنە گرنگانەی کە ئاستی کارامەییەکانی مامۆستا پیشان دەدات بریتیە لە گرتنە بەری ئەو ڕێگاو ستراتیژیانەی کە کاراییان سەلمێندراوە و گونجاون لەگەڵ ئاستی گەشەی قوتابی و ژینگە و بابەتی خوێندندا،

وانەوتنەوە کاراییەکی پیشەییە لەسێ پرۆسەی سەرەکی پێکدێت ئەوانیش: (پلاندانان ، جێبەجێکردن ، هەڵسەنگاندن) بەئامانجی یارمەتیدانی قوتابی بۆ فێربوون (زەیتون، 2003: 8).

بۆیە وانەوتنەوەی سەرکەوتوو پەیوەستە بەو ستراتیژیەت و ڕێگا و شێوازانەی مامۆستا دەیگرێتەبەر لە ناو پۆلی خوێندن لەپێناو گەشەپێدانی پاڵنەری قوتابی، باشتر وایە مامۆستا ئەو ستراتیژیەتانە بگرێتەبەر کە ڕۆڵی قوتابی تێیاندا کارایە، بەتایبەت ئەو ستراتیژیانەی کە زیاتر لە هەستەوەرێکی قوتابی دەخەنەگەڕ لە بیرکردنەوەو بەشداریکردن و ئاوێتەبوون لەگەڵ وانەووتنەوەدا، وەکو ( جۆن دیوی ) دەڵێت :"بیرکردنەوە کردەیەک نییە تەنها لەناومێشک یان لەنێوان مێشک و ئۆرگانەکانی دەنگدا ڕوودەدات، بەڵکو دەستەکان، پێیەکان، هەموو ئۆرگانەکان و کاراییەکان وەک یەک بۆ بیرکردنەوەو گۆڕانکارییەکانی ناومێشک گرنگن (سەعید، 2019: 13).

ستراتیژیی کارتەکراوەکان یەکێکە لەڕێگا کاریگەرەکانی فێرکاری بەگروپ، ئەم ستراتیژە دەتوانرێت بۆ زۆرێک لە بابەتەکانی خوێندن بەکاربهێنرێت لە قۆناغی باخچەی منداڵان دەتوانرێت بەسادەو ساکاری بەکاربهێنرێت، پاشان لە قۆناغی بنەڕەتی بەپێی ئاستەکان دەتوانرێت بەکاربهێنرێت، واتە لەگەڵ هەڵکشان بەرەو پۆلی بنەڕەتی میکانیزمەکانی پرسیاردانان لەم ستراتیژە دەگۆڕێت چاوەڕوان دەکرێ کاریگەریی گەورەی لەسەر قوتابی هەبێت، بەکارهێنانی ئەم ستراتیژە دەبێتە هۆی زیادکردنی پاڵنەری فێربوون و هەموو قوتابییانی گروپ ئەرک و مافی خۆیان دەزانن و جۆرێک لەچێژ وەرگرتنی بۆ هەر قوتابییەک تێدایە، بەپێی ئەو ڕۆڵەی پێی دەسپێردرێت (عەزیز، 2021: 60).

ستراتیژیی کارتەکراوەکان وەک ستراتیژێکی فێربوونی هەروەزی و فێربوونی کارا ڕۆڵ و گرنگی خۆی هەیە، کارەکانی ( ڤیگۆتسکی ) پیشاناندەدەن کە فێربوون لەگەڵ کەسانی دیکەو شانبەشانی ئەوانی تر ڕوو دەدەن، ئەم کردەیەش لەم ستراتیژەدا خۆی دەنوێنێت.

( ولیام گلاسەر ) سەلماندوویەتی ( 1% بۆ 9% ) ئەوشتانەی کە دەیخوێنینەوە فێریان دەبین، (20%) ئەوشتانەی دەیبیستین، (30%) ئەوشتانەی کە دەیبینین، (50%) ئەوشتانەی کە دەیبینین و دەیبیستین، (70%) ئەوشتانەی لەگەڵ کەسانی دیکە باسی دەکەین، (80%) ئەوشتانەی کەخۆمان ئەزموونی دەکەین فێری دەبین، دواجار وباشترینیان ( 90%) ئەوشتانەی کەفێری کەسانی تری دەکەین ( Jolliffe, 2007: 2).

ئەم ستراتیژە ژینگەیەکی گونجاو دەڕەخسێنێت کە دەرئەنجامەکەی ئەگەری هەیە 90% بیری قوتابی بمێنێت و گرنگی هەیە لەسەر هەستە ئەرێنییەکانی قوتابی، بەوەی کە هەستێکی خۆش و چێژبەخشیان دەداتێ، توێژینەوەکان شانبەشانی زانا دەروونناسەکانی بواری پەروەردەو فێرکردن گرنگی زۆر دەدەن بە هەستەکان لە فێربووندا.

زانایەکی وەک (Martin Maher : 2001) پێشنیاریکردوە کەپێویستە ڕۆڵی هەستەکان لە پاڵنەردا بدۆزینەوە. توێژینەوەکان گرنگی بە ڕەخساندنی دۆخێک دەدەن کە قوتابی هەست بە خۆشحاڵی و شانازی و حەزکردن بە فێربوون بکات لە پۆلەکەی لەڕووی دەروونییەوە، چونکە دواتر دەبێتە هۆی گەشەکردنی سەرەنجیان و زیادبوونی دەستکەوتی خوێندن و پاڵنەریان (Schutz, Pekrun, 2007: 4_5).

توێژەر پێی وایە، ستراتیژی کارتەکراوەکان لەبەر ئەوەی زۆربەی هەستەوەرەکانی قوتابی تێدا بەشداردەبن، دۆخێکی چێژبەخش دەڕەخسێنێت، ئەمە سەرەڕای قوتابی لەگەڵ هاوگروپەکانی کارا و پێکەوە فێردەبن لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانیاندا، چونکە یارمەتی قوتابی دەدات کە زانیارییەکان باشتر بچەسپێت لە یادەوەری درێژ خایەنیدا و یارمەتیدانی لە گەشەکردنی بیرکردنەوەو پرۆسە فیکرییەکانیدا، چونکە قوتابی خۆی تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوونە.

**لەژێر ڕۆشنایی ئەو زانیاریانەی لەسەرەوە خرانەڕوو، دەتوانین گرنگی توێژینەوەکە لەم خاڵانەی خوارەوە بخەینە ڕوو**

1. ئاشناکردنی مامۆستایانی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان بە ستراتیژەکانی فێرکردنی کارا و چۆنیەتی پڕاکتیزەکردنی هەنگاوەکانی وانەوتنەوە بە ستراتیژی کارتە کراوەکان.

2. ڕاهێنانی مامۆستایانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بە سەنتەرکردنی قوتابیان و ببنە تەوەرەی سەرەکی وانەوتنەوە کە لە ئێستادا یەکێکە لە ستانداردکردنی مامۆستایان لە وەزارەتی پەروەردە.

3. سوود گەیاندن بەلایەنە پەیوەندیدارەکان بەتایبەتی لە وەزارەتی پەروەردە لە میانەی ئەو ئەنجام و ڕاسپاردانەی ئەم توێژینەوەیە دەیان خاتەڕوو.

4. بەکارهێنانی وانەوتنەوە بەستراتیژی کارتەکراوەکان ڕەنگە ببێتە هۆی زیادبوونی پاڵنەری فێربوون کە ئەرکی مامۆستایە لە پۆلدا.

5. سوود گەیاندن بە پەرتوکخانەی کوردی بەوەی ئەم توێژینەوەیە بەپێی سنوری زانینی توێژەر یەکەمین توێژینەوەیە بەزمانی کوردی نوسرابێت لەسەر وانەوتنەوە بە ستراتیژی کارتە کراوەکان.

## 3-1 ئامانجی توێژینەوە (هدف البحث) Aim of The research:

1. زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتە کراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندنی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتە کۆمەڵایەتییەکاندا بەبەراورد بەڕێگای ئاسایی.

2. زانینی کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتە کراوەکان لەسەر گەشەکردنی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بە بەراورد بەڕێگای ئاسایی.

## 4-1 گریمانەی توێژینەوە ( فرضية البحث) Hypotheses of the Research :

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی دەستهاتی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی کە بە (ستراتیژی کارتەکراوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی دەستهاتی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن.

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی بەڵگەداری (0.05) لەنێوان ناوەندە نمرەی دەستهاتی خوێندکارانی گروپی ئەزمونی کە بە (ستراتیژی کارتەکراوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی دەستهاتی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لەتاقیکردنەوەی پاشەکی پاڵنەری فێربوون.

## 5-1 سنوری توێژینەوە ( حدود البحث ) Limitance of The Research :

1 سنوری مرۆیی: قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، لە قوتابخانە بنەڕەتییەکانی سەر بە پەروەردەی قەزای پێنجوێن کە بەڕۆژ دەوام دەکەن.
2- سنوری کات: وەرزی دووەمی ساڵی خوێندنی ( 2021 - 2022 ).
3- سنوری بابەت: بەندی ( یەکەم و دووەم وسێیەم و چوارەم ) لەکتێبی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/ مێژوو بڕیارلێدراوی خوێندن لەهەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ئامادەکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپی 2018.
4- سنوری شوێن : قوتابخانەی جەلال محمودی بنەڕەتی لە ناوەندی قەزای پێنجوێن.

## 6-1 پێناسەی زاراوەکان (تحديد المصطلحات) Determine of Terms :

### 6-1 1 کارایی ستراتیژی (فعالية استراتيجية ) Strategic Effectiveness

_ (عزيز، 2019) بریتیه له " زانینی ڕادەی کاریگەریی ستراتیژەکانی فێرکاری لەسەر ئەنجامەکانی قوتابیان لەتاقیکردنەوەکانی بەکارهاتوو" (عزيز، 2019: 13).

_ (الجبوری، 2007) بریتییە لە " ئەو کاریگەریەییەی کە وانەوتنەوە درووستی دەکات لەسەر قوتابیان لەدەرئەنجامەکانی خوێندنیان" (الجبوری، 2007: 14).

**پێناسەی ڕێکاری**

زانینی ئاستی کارایی ستراتیژی کارتەکراوەکانە لە وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/مێژوو لەپۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، بەمەبەستی دەرخستنی ڕادەی سەرکەوتوویی ئەو ستراتیژیەتە لە سەر گەشەکردنی دەستهاتی خوێندن و زیادبوونی پاڵنەری قوتابیان بۆ فێربوونی بابەتەکان.

### 2-6-1 بابەتە کۆمەڵایەتییەکان (المواد الاجتماعية ) social subjects:

_ (اللطيف، 2013) "مەبەست لێی تێگەیشتنە لە بابەتەکانی پەیوەست بە ژیان و کۆمەڵگە لە کۆیەکی یەکگرتوو لە زانیاری و ناوەڕۆکیدا و بەوابەستەیی لە نێوانیاندا دەناسرێت، وەک بابەتەکانی مێژوو ، جوگرافیا ، ئابوری ، دەروونناسی ، کۆمەڵناسی ، ...هتد، کە هەموو ئەمانە کاردەکەن بۆ پێگەیاندنی مرۆڤێکی بەسوود (اللطيف، 2013: 38).

_ (الشربينی، 2005) بریتیە لە " کۆمەڵێک بابەتی فراوانی هەمەجۆر لە بابەتەکانی خوێندن لەخۆدەگرێت وەک جوگرافیا ، مێژوو ..هتد، لێکۆڵینەوە لەدیاردە سروشتی و مرۆییەکان دەکات و دەرفەت بۆ قوتابیان دەڕەخسێنێت لە بوارە فراوانەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان " (الشربينی، 2005: 164_165 ).

**پێناسەی ڕێکاری:** بریتییە لە بابەتی مێژوو کە بۆ ئەزموونی توێژینەوەکە دیاریکراون وەک بابەتێک لە چوارچێوەی پرۆگرامی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان ڕێکخراوە بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەکانی هەرێمی کوردستاندا.

## 3-6-1 ستراتیژی کارتە کراوەکان (استراتيجية البطاقات المروحيه) Fan_N_Pick Strategy:

_ (امبو سعيدى و الحوسينيه، 2015) "یەکێکە لەستراتیژەکانی فێربوونی کارا لەسەر بنەمای چوار قوتابی بۆ هەر گروپێک دامەزراوە کە بابەتی وانە بەشێوەی کارتی ڕەنگاوڕەنگی بەشێوەی کراوە پێشکەش دەکات (امبو سعيدى و الحوسينيه، 2016: 466).

_ (الشمرى، 2011) " یەکێکە لەستراتیژەکانی فێربوونی کارا، لەسەر بنەمای ئاستی تێگەیشتنی قوتابی دادەنرێت بۆ خوێندن لەبەر ڕۆشنایی دانانی کۆمەڵێک پرسیار لەو کارتانەی کەپێشکەش دەکرێت" (الشمرى،2011: 83).

_ پێناسەی ڕێکاری:

یەکێکە لە ستراتیژە کاراکانی وانەوتنەوە، بەم ستراتیژەی وانەوتنەوە قوتابی دەبێتە تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوون، کە کۆمەڵێک کارتی ڕەنگاو ڕەنگی تێدا بەکاردەهێنرێت پرسیاری ئاست جیاوازی لەسەر تۆماردەکرێت لەوتنەوەی بابەتی بڕیارلێدراوی خوێندن.

## 4-6-1 دەستهاتی خوێندن (التحصيل الدراسي) Academic achievement:

_ ( نصرالله، 2010 ) "بریتیە لەو ئاستەی کە قوتابی بەدەستی دەهێنێت لەو بابەتەی کە لەماوەیەکی دیاریکراودا خوێندویەتی بەتاقیکردنەوە جۆراوجۆرەکان لەلایەن مامۆستایی بابەتەوە دەپێورێت و هەڵدەسەنگێنرێت بڕیاری لەسەر دەدرێت"(نصرالله، 2010: 401 ).

_ (فليه و الزكى، 2004) "هەوڵێکی زانستییە کە قوتابی لەڕێگەی کۆششەکانی خوێندن و ڕاهێنانەکان بەدەستی دەهێنێت، بەم شێوەیە دەگاتە ئەو ڕادەیەی قوتابی سوودی لەوانەکان و ڕێنماییە پەروەردەی و ڕاهێنانەکان وەردەگرێت کە پێش وەخت پێی دراوە و بۆی دیاری کراوە" (فليه و الزكى، 2004: 73-74 ).

_ پێناسەی ڕێکاری:

پێوانەکردنی توانای قوتابیانی نموونەی توێژینەوەکەیە لە چەندێتی گەیشتن بە ئامانجەکانی ئەو بابەتانەی کە لە ماوەی ئەزموونیدا دەیخوێنێت بەو نمرەیەش دەپێورێت کە لەتاقیکردنەوەدا بەدەستی دەهێنێت.

## 5-6-1 پاڵنەری فێربوون (دافعية التعلم) Learning motivation :

_ (سعيد، 2015) "دۆخێکی ناوخۆییە واله قوتابی دەکات بیرکردنەوەکانی بجولێنێت و پاڵی پێوەدەنێت گرنگی بەدۆخی فێربوون بدات و کارابیەکانی پەیوەندیدار ئەنجامبدات، هەروەها بەردەوام بێت لە ئەنجامدانی ئەو کاراییانە تاوەکو فێربوون بەدەست دەهێنێت"(سعيد، 2015: 126).

_ (الازيرجاوى، 1991) "بریتیە لە توانای ئارەزوومەندانەی قوتابی بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانی قوتابخانە بەڕادەی خۆڕاگری و بەردەوامیدان لە پێشکەشکردنی باشترینەکانی تواناو لێهاتوییەکانی، تاوەکو ئەم کردارەش ڕەنگدەداتەوە لە ڕەفتاریدا " (الازيدجاوى، 1991: 46 ).

_ **پێناسەی ڕێکاری:**

حاڵەتێکی وروژاندنی ناوەکییە هەڵسوکەتەکانی قوتابی دەجولێنیت بەرەو ئارزووکردن لە خوێندنی بابەتی مێژوو لە چوارچێوەی خوێندنی بابەتە کۆمەلایەتییەکان، هەروەها کاردەکات بۆ بەردەوامیدان بە ڕەفتارە بەرهەمهاتووەکان بۆ گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوونیان .

## 6-6-1 مێژوو ( التاريخ ) History

_ (على 1992) تۆمارێکە لە ڕووداوە یەک لەدوای یەکەکان کە نوێنەرایەتی کارلێکی مرۆڤ لەگەڵ ئەو دیاردانەی دەوروبەری دەکەن لەگەڵ ئەونوێبوونەوەو گەشەکردنی ئەزمونانەی کە لە چوار چێوەی ئەو کارلێکەوە ڕوودەدات (على 1992: 18).

(مەزهەر 2008) بریتیە لە زانستی زانستەکان، گشت زانستەکان و ڕووداوەکانی ڕۆژانەو ئاڵوگۆڕەکانی کۆمەڵ دەگرێتەوە ( مەزهەر، 2008 15).

_ **پێناسەی ڕێکاری:**

بریتیە لە بابەتێکی پرۆگرامی فێرکاری لە چوارچێوەی بابەتەکۆمەلایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی، لەلایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق دانراوە، پێک هاتووە لە پێنج بەند سەردەمانی پێش نوسین و دوای نوسینی عێراق و میسر لەخۆدەگرێت.

# 2 بەشی دووەم:

## چوارچێوەی تیۆری و توێژینەوەکانی پێشوو (الاطار نظرية ودراسات سابقه)

## Theoretical Background and Previous Studies

### 2_1 چوارچێوەی تیۆری (الاطار نظرية )

2_1_1 ستراتیژییەتەکانی فێربوونی کارا ( استراتيجيات التعلم النشط )

2_1_2 فێرکردنی هەرەوەزی دەروازەیەک بۆ فێرکردنی کارا (التعليم الفريقي مدخل الى التعلم الفعال )

2-1-3 دەستهاتی خوێندن (التحصيل الدراسى)

2_1_4 پاڵنەری فێربوون ( الدافعية التعلم )

2-1-5 بابەتەکۆمەڵایەتییەکان (المواد الاجتماعية )

2-1-6 بابەتی مێژوو (التاريخ)

### 2_2 توێژینەوەکانی پێشوو ( دراسات السابقة )

## 2_1 چوارچێوەی تیۆری (الاطار نظرية )

## 2_1_1 ستراتیژییەتەکانی فێربوونی کارا ( استراتيجيات التعلم النشط )

### 2-1-1-1 چەمک و سەرهەڵدانی فێربوونی کارا :

ڕەنگە بوترێ فێربوونی کارا بیرۆکەیەکی نوێ نییە، بەڵام وەک ڕێبازێک لەگەڵ پەرەسەندنی تیۆریە پەروەردەییەکاندا گرنگی پێدانی زیاتر بووە، وەک چۆن ئەم گرنیپێدانە لەلایەن پەروەردەکارانەوە پشتراست کراوەتەوە بە بەشداری ڕاستەوخۆی قوتابی لەپرۆسە پەروەردەییەکاندا، لە دیارترین نموونەش جون دیوییە، کە بنەمای فێربوونی لە ڕێگەی کردارەوە جەختی لەسەرکردەوە، پەروەردەیی کلاسیکی کە زیاتر حاڵەتیکی سەرلێشێواوی بۆ قوتابیان لە دوای هەر بارودۆخێکی پەروەردەیی دروست دەکرد، زیاتر بووە هۆی گرنگیپێدان بە فێربوونی کارا، کە دواتر بووە هۆی گۆڕانکاری لە ڕەوتی پەروەردەدا تا زیاتر پشت بە کاراییە جۆربەجۆرەکانی قوتابی ببەستێت. بۆیە ئارەزووی فێربوونی کارا گەشەی سەند کە چەندین ستراتیژییەت و ڕێگاو شیواز لەخۆدەگرێت قوتابی ناچار بە بیرکردنەوەو توێژینەوەو هەڵسەنگاندن دەکات لەسەر بنەمای زانستی (عواد و زامل، 2010 21_22).

بەهۆی گرنگی فێربوونی کارا لە مەیدانی پەروەردەدا پەروەردەکاران چەندین پێناسەی جیاوازیان بۆکردووە لەنموونەیان :

_ **شحاتة و النجار**، 2003: بە ڕۆڵێکی کارا بۆ قوتابیان پێناسەی دەکات لەگەڵ کارلێککردن لەگەڵ ئەو شتانەی کەدەبیبستێت و دەیبینێت یان دەیخوێنێتەوە بەشێوەیەکی بەرچاو پەیوەندی لە نێوان قوتابی و مامۆستا دروستدەکات، لە بەراوردکردن و لێکدانەوەی بیرۆکەکان و تاقیکردنەوەی گریمانەو پاشان بڕیاردان (**شحاتة و النجار**، 2003: 115).

(Silman, 2011) واتە سەرقاڵبوونی قوتابی بە کاراییە جۆربەجۆرەکانی فێربوون، لەڕووی جەستەیی و مەعریفیەوە، توانای خۆی لە بەدەیهێنانی ئامانجەکان دەخاتەکار، ئەرکەکان بەشێوەیەک ئاڕاستە دەکرێت کەمانای هەبێت و بەرەو فێربوونێکی واقعی جیهانی بنیات بنێن.

(Silman Monk, 2011: 16).

تویژەر پێی وایە هەموو ئەو ستراتیجییەتانەی فێربوون دەگرێتەوە کە قوتابی بەشداردەکات و ناچاردەکات بیربکەنەوە لەوەی کە فێردەبن بەم شێوەیە بەدوای زانیاریدا دەگەڕێن جێبەجێیی دەکەن شیدەکەنەوە، ئەنجام دروست دەکەن سەرئەنجام پاڵنەرێک بۆ قوتابی دروست دەکات کە خۆی ئەرکەکانی خۆی بەڕێوە ببات.

**2-1-1-2 ئامانجی فێربوونی کارا :**

_ هانی قوتابیان دەدات بۆ بەدەستهێنانی چەندین شارەزای و بیرکردنەوە، سەرەڕای هاندانیان بۆ بیرکردنەوەی رەخنەگرانە.

_ هەمەجۆرکردنی کارایە پەروەردەییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییە خوازراوەکان.

_ پشتگیریکردن لە باوەڕبەخۆبوونی قوتابیان بەرەو فێربوونی زانستە هەمەجۆرەکان و دۆزینەوەی کێشەگرنگەکان و چارەسەرکردنیان.

_ هاندانی قوتابیان بۆ ئەوەی خۆیان فێربکەن.

_ ئامانجی پەرەپێدانی پاڵنەری ناوەکییە بۆ فێرخوازان سەرەڕای گەشەپێدانی کاری داهێنەرانە.

_ کاراکردنی قوتابیان بۆ بەدەستهێنانی، کارامەیی کارلێککردن و کارامەیی گفتوگۆ...هتد (خیری، 2018: 30 _ 32).

_ بەستنەوەی فێربوون بە دۆخە جیاوازەکانی ژیان.

_ ئامانجی فێرکردنە بەپێی ئاستی قوتابیان هەر قوتابییەک بە خێرای خۆی فێربێت بۆ ئەوەی یارمەتی بدات لەخۆی تێبگات و لایەنی بەهێزو لاوازییەکانی بدۆزێتەوە (سید و الجمل، 2012 96).

**3-1-1-2 گرنگی فێربوونی کارا :**

گرنگی فێربوونی کارا خۆی لەوەدا دەبینێتەوە کە یەکێکە لەگرنگترین شێوازەکانی فێربوونی هاوچەرخ گرنگیەکەی لە کاریگەرە ئەرێنییەکانیدایە لە سەر پرۆسەی فێربوون بەگشتی گرنگترینیان بریتین لە :

(1) یارمەتیدانی قوتابی بۆ باشتر تێگەیشتن لە بابەتەکان بەوەی کە خۆی تەوەری سەرەکی پرۆسەی فێربوونە.

(2) زانیاریەکانیان لەبیر ناچنەوە چونکە قوتابی خۆی بەشدارە لەپرۆسەکانی فێربوون.

(3)متمانە بەخۆبوون زیاد دەکات لەناو قوتابیان.

(4)بۆ دیاریکردنی ئاستی تێگەیشتنی قوتابیان یارمەتیدەری مامۆستایە.

(5)قوتابی هاندەدات بۆ پرسیارکردن و تێگەیشتن و چارەسەرکردنی کێشەکانی ناو پۆل.

(6)هاندانی قوتابی بۆ ئاستێکی بەرزتری بیرکردنەوە، لەگێرانەوەی زانیاریەکان وەک شیکردنەوەو پێکەوە بەستنیان بۆ گەیشتن بەئامانجە دیاریکراوەکان (**المصری،** 2014: 25_26).

## 2-1-1-4 بنەماکانی فێربوونی کارا :

فێربوونی کارا چەندین بنەمای هەیە لەمەیدانی پەروەردەو فێرکردندا گرنگترینیان بریتین لە:

(1) پەیوەندی نێوان مامۆستاو قوتابی بەهێزدەکات: پەیوەندی بەردەوام لە نێوان مامۆستاو قوتابی لەدەرەوەو ناوەوەی پۆلدا گرنگترین فاکتەرە کە پاڵنەر زیاددەکات.

(2)هاوکاری و کارلێککردن لەنێوان قوتابییان: فێرکردنی کارا بەرزدەکرێتەوەو پشتگیری دەکریت کاتێک لەشێوەی تیم و گروپ ئەنجام دەدرێت.

(3) هانی فێربوونی کارا دەدات: کاتێک قوتابی بەشدار دەکرێت لە کاراییەکانی پۆلدا ئەوا سەرنجی لەسەر پرۆسەی فێربوون دەبێت و کارا دەبیت.

(4)فێرکردنی کارا کاتێکی پێویست بۆ فێربوون دابین دەکات، قوتابیان شارەزایی بەڕێوەبردنی کات دەبن، چونکە کارامەیی بەڕێوەبردنی کات فاکتەرێکی گرنگە لەفێربوونی کارا (**عبدالقادر،** 2018: 16) .

(5)فێربوونی کارا گرنگە بۆ پێشبینییەکانی بۆ چارەسەری کێشەکان چونکە ئەمە یارمەتی قوتابیان دەدات کە هەوڵی بەدەستهێنانیان بدەن.

(6)گۆڕینی ڕۆڵی مامۆستا : مامۆستا کۆنترۆڵی پرۆسەی پەروەردەو فێرکردن ناکات بەڵکو ڕۆڵی ئاسانکاری و دابینکردنی ژینگەی گونجاوی فێربوونە (**النحال،** 2016: 22).

(7)کاردەکات بۆ بەرزنرخاندنی بەهرە جیاوازەکان و شێوازی فێربوونی جیاواز: قوتابیە بەهرەمەندەکان زۆرجار شوێنەواری ڕوون لەسەر کاراییەکان لەگفتوگۆو تاقیگەو تیۆری و پراکتیکییەکان جێدەهێڵن.

(8)جەختکردنەوە لەسەر کارابیەکانی فێربوونی مانادار: گرنگیدان بو کارایانەی کە یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ هەستکردن بەزانیارییە دابینکراوەکان و بەستنەوەیان بەو زانیاریانەی لە پێشودا فێربوون (**الريحاوي**، 2016: 35).

**5-1-1-2 تایبەتمەندییەکانی فێربوونی کارا :**

فێربوونی کارا پلانێکە واتە بەبێ پلانی پێش وەخت لە لایەن مامۆستاوە ئامانجەکانی بەدینایەت ڕادەی سەرکەوتنی ئامانجەکانیش پەیوەستە بە سەرکەوتنی پلانی مامۆستا، و دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو بۆ قوتابیان بۆ جێبەجێکردنی بنەماکانی فێربوونی کارا، سەرەڕای کاری هاوبەشانەو گرێدانی پەیوەندیەکانی نێوان قوتابیان خۆیان، لەلایەکی ترەوە مامۆستا بە قوتابیانەوە، ئەم فێربوونەش لە ژینگەیەکی کراوەی فێربووندا دادەمەزرێت نەک هەر لەناو پۆلدا بەڵکو هەموو ژینگەی ناوەو دەرەوەی قوتابخانە دەگرێتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا چەندین شێوازو ستراتیجییەتی کارا هەیە بەکاربەرنامەی جیاواز بۆ فێرکردنی قوتابیان کە دەچنە ناو هەموو بابەتەکان و قۆناغەکانی خوێندن، چێژبەخشی بەیەکێک لەتایبەتمەندییەکانی دادەنرێت، سەرەڕای نەرمەو دەتوانێت لەگەڵ هەموو پێشکەوتن و تەکنەلۆجیادا خۆی بگونجێنێت بۆ یە مامۆستا دەتوانێت میتۆدی فێرکردن و تەکنەلۆجیای هاوچەرخ ئاویتە بکات و بەکاربهێنێت (رمضان، 2016: 31_32) .

فێربوونی کارا تەنها پەیوەندی بە بوارە دەروونی و مەعریفییەکانی قوتابییەوە نییە بەڵکو سەرنج دەخاتە سەر لایەنە جەستەی و سۆزییەکانیان و، تێکەڵکردنی هەستەوەرەکانی قوتابی لە پڕۆسەی پەروەردە و فێرکردن وە مامەڵەکردنی کاری تیمی و مامەڵەکردن لەگەڵ سەرچاوە و بابەت و کاری پڕاکتیکی، ئەمەش یارمەتیان دەدات بۆ زوو فێربوون و لە بیرنەچونەوەی زانیارییەکان (عقل، واخرون، 2006: 70).

### 2-1-1-6 ڕۆڵی قوتابی لە فێربوونی کارادا :

قوتابی بەشداریکی کارایە لە پڕۆسە پەروەردەییەکان، چەندین چالاکی ئەنجام دەدات بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و دۆزینەوەی نەزانراوەکان وەک پرسیارکردنی پۆل ، سەپاندنی ئەرکەکان ، بەشداریکردن لە گفتوگۆ. دەتوانرێت بەشداری قوتابی وەک ئەوەی کە بووەتە تەوەرەی پڕۆسەی پەروەردەیی سنوردار بکرێت. قوتابی بەرپرسیارە لە خۆبەڕێوەبردن و لە چەند سەرچاوەیەکەوە زانیاری وەربگرێت، سەرەڕای ئەوە کارلێککردنی بیهاوتا لەگەڵ هاوتەمەنەکان و هاو پۆلەکانیدا لەڕووی بیرکردنەوە و پرسیارو و شیکردنەوەی زانیارییەکان گەڕان بەدوای ڕاستییەکان هەروەها ڕێز لەئەوانی دیکە بگرێت و بیروڕای نوێ دەرببڕێت (سید و الجمل، 2012: 107).

### 2-1-1-7 ڕۆڵی مامۆستا لە فێربوونی کارادا :

ڕۆڵی مامۆستا بریتییە لە ئاسانکاری فێربوون و بۆ ئەوەی قوتابیان بەرەو ئامانجە پەروەردەییەکان ببات سەرەڕای هاندانیان و یارمەتیدانیان بۆ ئەوەی کارلێکی ئەرێنیان هەبێت و پەیوەندی ئەرێنی هاوبەش لە نێوانیان پەرەپێبدات، وەک دروستکردنی ژینگەیەکی گونجاو کە چالاکی جۆراو جۆری تێدا بێت.

پێویستە مامۆستا چەندین کارای پەروەردەی بەپێی هەڵوێستی پەروەردەیی و توانای قوتابیان پەیڕەوبکات دڵنیابێت کە هەر قوتابییەک بەپێی توانای زیرەکی خۆی فێردەبێت هەروەها جۆراو جۆری شێوازەکانی وانەوتنەوە بەکاردێنێت بۆ گەیشتن بە ئامانجە پەروەردەییەکان (الاشقر، 2017: 18 _ 19)، وەک گونجاندنی شێوازی ستراتیجیەتی فێربوون لەگەڵ ئامانجەکانی فێربوون و پڕۆگرامی خوێندن، سەرەڕای ئەوە پەرە دەدات بە هێڵێک لە سەرچاوەکان و ئامرازەکان کە بەکاردێت لەپڕۆسەی فێربوونی کارادا بەپشت بەست بە پلانی باش و بەڕێوەبردنی کاتی گونجاو، واتا مامۆستا ڕۆڵی وەک ڕاهێنەر و سەرپەرشتیار و یاریدەدەرە بۆ بەڕێوەبردنی کاراییەکان (سید ، الجمل، 2012: 105_106).

### 8-1-1-2 جیاوازی نێوان وانەوتنەوەی کلاسیکی و وانەوتنەوەی کارا

وانەوتنەوە بەشێوەی کلاسیکی و بەشێوەی کارا چەندین جیاوازی لەنێوانیاندا هەیە لە گرنگترینیان لەخشتەی (1)دا ڕونکراوەتەوە:

(خشتەی (1) جیاوازی نێوان وانەوتنەوەی کلاسیکی و وانەوتنەوەی کارا (علی، 2010: 237 _ 239).

| ز | ڕگەزەکان | وانەوتنەوەی کلاسیکی | وانەوتنەوەی کارا |
|---|---|---|---|
| 1 | کات | کات سنوردارە بۆ هەموو بابەتەکانی خوێندن و بۆ هەموو قوتابییەکان پێویستە قوتابی لەو کات و شوێنەی بۆی دیاریکراوە ئامادەبێت. | قوتابی بەشداری لە دیاریکردنی کات و کۆنترۆڵکردن وبەڕێوەبردنی پۆل و جێبەجێکردنەکاندا دەکات. |
| 2 | بەڕێوەبردنی ژینگەی پۆل | مامۆستا کۆنترۆڵ و بەڕێوەبردنی پۆلەکە دەکات یاساکان ڕێکدەخات و قوتابی ناچاردەکات بە پەیڕەوکردنی. | قوتابی بەشداری لە دیاریکردن و کۆنترۆڵکردن و بەڕێوەبردنی پۆل و جێبەجێکردنەکاندا دەکات. |
| 3 | ڕێگاو ستراتیژییەتەکانی وانەوتنەوە | هەمان ئەو ڕێگاو ستراتیجیەتانە پەیڕەودەکات کە لەیەک یان لەدوو وانەوتنەوەو جێبەجێی کردووە گرنگی نادرێت بە جۆراو جۆرکردنی ستراتیجیەتەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان. | هەمەجۆرکردنی ستراتیژییەتەکان بەپێی جۆری بابەت و ئاستی قوتابیان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە خوازراوەکان، تا گەیشتن بە ئاستی فێربوون. |
| 4 | سەرچاوەی فێرکردن | بەکارهینانی ئامرازو شێوازە کلاسیکییەکان وەک پەرتوکی خوێندن و شەرح و چاپکراوە کۆنەکان. | ئامرازە فێرکارییەکان پەیوەست بە ئامانجەکان و کارای فێربوون پەرەی پێدەدرێت، شێوازی پەروەردەیی نوێ پەیڕەودەکرێت کە زیاتر نمونەی فێربوونەو ڕێگە بە قوتابی دەدرێت بۆ دیاریکردنی ئەو سەرچاوانەی کە یارمەتی فێربوونی دەدات. |
| 5 | ڕۆڵی مامۆستا | مامۆستا هەڵگری زانیاری و گواستنەوەیەتی بۆ قوتابی خۆی تەوەری سەرەکییە. | مامۆستا گرنگی بەهاندان و ڕینمای دەدات سەرچاوەی ئەزموونییە بۆ قوتابیان. |
| 6 | ڕۆڵی قوتابی | قوتابی ڕۆڵی نەرێنی ئەبینێ تەنها بە گوێگرتن لە مامۆستا یان خوێندنەوەو لە بەرکردنی مەنهەجی خوێندن. | قوتابی بەشداری لە کارایە جۆربەجۆرەکاندا، دەکات لە ڕێگەی ئامرازە فێرکارییەکان، لەگەڵ هاو پۆل و هاوتەمەنەکانیدا بە هاوکاری و ڕێنمای مامۆستا. |
| 7 | ئامانجەکان | ئامانجەکان دیاری ناکرێت یان لەچەند ئامانجێکی کەمدا کورت دەکرێتەوە سنوردارە. | ئامانجەکان دیاریدەکرێت لە شێوەی ئامانجی جۆراوجۆردا. |
| 8 | ئامرازەکانی فێرکاری | جۆراوجۆر نییە. | جۆراو جۆرە. |
| 9 | ڕێکخستنی ڕۆژی خوێندن | ڕێکخستنی ڕۆژی خوێندن جێگیرە. | ڕێکخستنی ڕۆژی خوێندن بە شێوەی بەش بە هەڵبژاردن و کاتی گونجاو بەپێ بابەتەکانی خوێندن گۆرانکاری تێدا دەکرێت. |
| 10 | شوێنەکانی فێربوون | شوێن جێگیرەو کە پۆلی خوێندنە، بۆیە زۆربەی کات لە ماوەی ساڵی خوێندندا نەگۆڕە چ قوتابی یان کەلوپەلەکانی فێربوون. | دەکرێت شوێنەکان بگۆردرێت بەو ستراتیجییەی بەکاردێت بۆ یارمەتیدانی قوتابی و گەیشتن بە ئامانجەکانی |

## 2_1_2 فێركردنی هەرەوەزی دەروازەیەک بۆ فێركردنی كارا (التعليم الفريقي مدخل الى التعلم الفعال )

بايەخدان بە خوێندنی هەماهەنگی لە شەستەكانی سەدەی بيستەم دەستی پێكرد توێژینەوەكان دەركەوتن بۆ هاندان و كارلێككردنی پەروەردەيی و گفتوگۆی قوتابيیان، گرنگترينييان هەوڵ و لێكۆڵینەوەكانی سبنسر كاجانی دەروونناسی ئەمەريكی بوو لە ساڵی 1968، بەتايبەت لەساڵانی 1980 كاندا بەدواوە ئەوەيش بەوتاقيكردنەوانەی كە كردوويەتی لە قوتابخانە پەروەردەييەكەيدا لە زانكۆی كاليفۆرنيا، تا گەيشتن بەو ئەنجامەی كە ئەو قوتابييانەی بە شێوازی هاوكاری هەماهەنگی كارييان كردووە هەڵسوكەوتی كۆمەڵايەتييان و لايەنە فێركارييە پەروەردەييەكەيان گەشەی كردووە. لە ئێستادا كاجان ( 250 ) پێكهاتەی فێركردنی هەيە بۆ كاری جۆراوجۆر ديزاينكراوون وەک پەرپێدان بەشارەزای كۆمەڵايەتی و بيركردنەوە و پاڵنەرە فێركارييەكان (Almatrafi, 2016: 11_12).

بەناوبانگبوونی كاجان لە فێركردنی هاوبەشدا زياتر دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1980 هەرچەندە لەسەرەتاوە توشی گرفت بووەوە بەهۆی نەبوونی هاوكاريكردنی، بەڵام لە ساڵی 1985 پشتگيرييەكی زۆری لێكراو چەندين قوتابخانە لە ويلايەتە يەكگرتووەكانی ئەمەريكا پێشبركێيان بۆ ستراتيژيەت و پێكهاتە گرنگەكانی ئەم زانا دەروونناسە كردوو سەركەوتنی گرنگی بەدەستهێنا، بەهۆی ئەو سادەييەيی لە جێبەجێكردنی پێكهاتەو ستراتيژييەكانيدا هەبوو، مامەڵەكردنی لەگەڵ هەموو ئاستەكانی خوێندن و ئەو جۆش و خرۆشەی لە كاتی وانەكاندا دەيبەخشێت بە قوتابيان، سەرەڕای ئەو ئەنجامە گرنگانەی كەهەيەتی لە زيادكردن و گەشەپێدانی پاڵنەرو بەهاكۆمەڵايەتيی و پەروەردييەكان، لە فێركردنی خۆبەڕێوەبەريدا. لەگرنگترين ستراتيژييەكانی بريتين لە ( كارتەكراوەكان ، نووكە ژمارەييەكان ، چەندين ستراتيژی تر.

### 1-2-1-2 مەبەستەكانی كاجان لە فێركردنی هەرەوەزی لە سەر ئەم بنەمايانە دامەزراوە ئەوانيش بريتين لە :-

- سەركەوتنی گشتی قوتابيان نەک سەركەوتنی يەک قوتابی .
- ناچاركردنی قوتابی بە بەشداريكردن لە پۆل و هەڵگرتنی بەرپرسيارێتی.
- دابەشكردنی ئەرک و ڕۆڵەكان بەسەر قوتابيياندا بەشێوەی دادپەروەرانە.
- پشتيوانيكردنی قوتابيان بۆ يەكتر (حسن، 2018: 47- 49).
- هاندانی پەيوەنديە ئەرێنيەكانی قوتابيان لە پۆلدا.
- پێشكەوتنی پەروەردەی بەرزتر بۆ هەموو قوتابيانی پۆلەكە (العوضی، 2019: 16).

### 2-2-1-2 ستراتیژیی کارتەکراوەکان:

ستراتیژێکی فێربوونی کارایە کە بابەتی خوێندن لەشێوەی چەند کارتێکی ڕەنگاو ڕەنگدا ئامادەدەکریت بەپێی پێویستی قوتابیان و بابەتی خوێندن بۆ چوار قوتابی، بۆ هەرگروپێک دەرفەتی بەشداریکردن بەهەموو قوتابییان دەدات بەپێی ئاستییان و تەمەنییان کارلێکی ئەرێنی لە نێوانیاندا دروست دەکات و کاراییان دەکات لە بەشداریکردنی پۆلدا (اقدیخ، 2017: 43-44).

ئەم شێوازە سەرنج ڕاکێشە لەپۆلدا قوتابیان بەشداری پۆل دەکات و، ئامانجی تێگەیاندنی قوتابی لە بابەتی دیاریکراو بەرزکردنەوەی گیانی هاوکاری و پەرەپێدانی شارەزاییە کۆمەڵایەتییەکانە ( Ameliea, 2017: 15).

ئەم ستراتیژییەتە بەوە ناسراوە کە بۆ زۆرێک لە بابەتەکانی خوێندن بەکاردەهێنرێت. بەپێی قۆناغەکانی خوێندن ئاستەکانی پرسیار لەم ستراتیژییە دەگۆڕیت. ئەم شێوازە لە وانەوتنەوە گرنگە بۆ زیادکردنی پاڵنەری فێربوون و جۆرێک لەچێژ وەرگرتنی بۆ قوتابیان تێدایە بەپێی ئەو ڕۆڵەی پێی دەسپێردرێت.

### 3-2-1-2هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان ( پەیوەست بەمامۆستاوە) :-

لەپلانی وانەوتنەوەدا مامۆستا بابەتی خوێندن ئامادە دەکات بەشێوەی پرسیارو وەڵامی جۆراو جۆر لەسەر کارتی ڕەنگاو ڕەنگ، بەشێوەیەک پرسیارەکان لەسەر کارتە ڕەنگاو ڕەنگەکان دەنوسرێت، هەر پرسیارێک لەسەر چ ڕەنگێک نووسرا ئەوا وەڵامەکەشی لەسەر هەمان ڕەنگ دەنوسرێت، پرسیارەکان پێویستە لەسەر بنەمای ئاستی جۆراوجۆر دابنرێن و زیاتر ئەو پرسیارانەبن کە پێویستیان بە وەڵامی کورت هەیە.

پەیوەست بە مامۆستا ئەم ڕێکارییانە دەگرێتەبەر :-

- بیرۆکەی جێبەجێکردنی ستراتیژیە کە بۆ قوتابیان ڕووندەکرێتەوە.
- پۆل دابەش دەکات بۆ چەند گروپێک، دەبێت هەر گروپێک لە چوار قوتابی زیاتر نەبێت.
- ناو بۆ هەر گروپێک دادەنێت.
- مامۆستا دەست دەکات بەوانەکە ئەویش لە ڕێگەی دیاریکردنی گروپێک بۆ ڕاکێشانی پرسیارەکان.
- لەسەر وایت بۆردەکە ناوی گروپەکانی نوسیووە، بۆئەوەی هەر گروپێک چەند پرسیاری زانیوە بۆیان تۆماربکات.
- مامۆستا بۆخۆی چاودێری ڕەوشی وەڵامدانەوەکان دەکات (عزیز، 2021: 60- 61).

### 4-2-1-2 هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان (پەیوەست بە قوتابییەوە) :-

- **قوتابی یەکەم** / کارتەکانی پرسیارەکان ڕوو لەخۆی دەکات و ڕووەکەی تر بەشێوەی کراوەی دەکاتە هاوڕێ قوتابیەکەی کە بەرامبەری دانیشتووە، پاشان داوا لە قوتابی دووەم دەکات کارتێک هەڵبژێرێت.
- **قوتابی دووەم**/ کارتێک هەڵدەبژێرێ و دەیخوێنێتەوە بۆ قوتابی سێیەم بەدەنگی بەرز، پێی دەڵێت چەندە کاتی وەڵامدانەوەی پرسیارەکە.
- **قوتابی چوارەم** / ئاگادار دەکرێتەوە لە ژمارەی پرسیارەکە لە بەرئەوەی وەڵامەکە لای ئەوە.
- **قوتابی سێیەم**/ وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە. داوای ڕونکردنەوە لە قوتابی چوارەم دەکات ئەگەر پێویست بوو (ابوالحاج و المصالحه، 2016: 157).
- **قوتابی چوارەم** / هەڵسەنگاندن بۆ وەڵامی قوتابی سێیەم دەکات کە ئایا وەڵامەکەی ڕاستە یان هەڵەیە و هەروەها بیرۆکە نوێیەکان زیاد دەکات، ئەرکەکان ئاڵوگۆڕی پێدەکرێت تاوەکو هەموو کارتەکان تەواو دەبن (الشمری، 2011: 83).

### 5 -2-1-2 سوودەکانی ستراتیژیی کارتەکراوەکان:

خوێندنی کلاسیکی زیاتر پێشنیاری ئەوەیان دەکرد کە کۆمەڵێک ووشە پیشانی قوتابی بدرێ و دوای ماوەیەک تاقی بکرێنەوە تاوەکو بزانن لە یادەوەریاندا ماوە یان نا، ڤیگۆتسکی لە سەردەمێکی زوودا گۆڕانکاری لەم میتۆدەدا کرد بە بەکارهێنانی کۆمەڵێک کارت هێماو وێنە ... هتد، بۆ ئەوەی هاوکاری قوتابی بکات تاوەکو ووشەکانیان بیربکەوێتەوە. ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان دەچێتە چوارچێوەی فێربوونی هەرەوەزی و فێربوونی کارا ئەم پرەنسیپانەی ( ڤیگۆتسکی بەسەردا جێبەجێ دەبێت ئەوانیش بریتین لە :- قوتابیان وانە بەیەکتر دەڵێنەوە، هاوکاری یەکتر دەکەن، بەهۆی قوتابیانی بەتواناترەوە گەشەدەکەن، بەهۆی کارکردن بەگروپەوە لایەنی کۆمەڵایەتیان گەشەدەکەن ، قوتابی بەرلەوەی بۆ هەموو شتێ پرسیار بکات دەبێ خۆشی کەمێک بیربکاتەوە سەرەڕای بەکارهێنانی کارت و هێماکان بۆ سەرنج ڕاکێشانی قوتابیان بەمەش ئەرکەکانی مامۆستا کەمتر دەکات (سەعید، 2020: 260_ 261).

لە گرنگترین سوودەکانی ئەم ستراتیژییەتە لەم خاڵانەی خوارەوەدا کورت دەکەینەوە ئەوانیش بریتین لە :-

- دەرفەتی بەشداریکردن بە هەموو قوتابیان دەدات و قوتابی تەوەری پرۆسەی فێربوونە.

- پاڵنەری فێربوون زیادەکات بەوەی قوتابیان پشتگیری یەکتردەکەن بۆ گەیشتن بە ئەنجام و سەرکەوتنی گروپەکەیان (Ameliea, 2017: 17).

- یارمەتی قوتابیان دەدات بۆ بەکارهێنانی کارامەیی مەعریفی و دەروونی.

- هەستی بەرپرسیارێتی لە قوتابیدا زیاد دەکات و وای لێدەکات زیاتر هەوڵبدات.

- تێکەڵکردنی قوتابیانی ئاست بەرزوو ئاست نزم لە گروپەکاندا، ئەمەش گرنگە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی قوتابیان.

- پێشبرکێ بۆ باڵادەستی لە نێوان گروپەکانی پۆلدا زیاد دەکات،

- هانی فێربوونی هاوبەش لە نێوان قوتابیاندا پەرەپێدەدات.

- بڕوابەخۆبونی قوتابیان گەشەپێدەدات و یارمەتی بیرکردنەوەیان دەدات (Akedi, 2020: 7).

- تێگەیشتنی قوتابیان بۆ بابەتەکانی خوێندن زیاد دەکات چونکە خۆی بەشدارە لە خوێندنەوەو شیکردنەوەوی.

-پێشبرکێی بەرز لە ئاستی تاکادا گەشەپیدەدات. (Kristian, 2012: 25).

### 2_1_2_6 گرفتەکانی ستراتیژی کارتەکراوەکان:

ئەم ستراتیژە کۆمەڵێک لایەنی نەرینی هەیە لە جێبەجێکردنی لە گرنگترینیان بریتین لە

_ کەمی کات و ژمارەی زۆری قوتابیان.

_ ترسی قوتابی لەبەشداریکردن و ڕەخنەی هاوپۆلەکانی. (ابوالحاج و المصالحە، 2016: 157).

### 2-1-2-7 ڕۆڵی مامۆستا لە ستراتیژی کارتەکراوەکان:

- ئاسانکردن و ئاڕاستەکردن بۆ پرۆسەی فێربوون.
- ڕێنوێنیکردنی قوتابییان بۆ کاری هەرەوەزی (Team work).
- ڕێکخستنی کارابیەکانی پۆل .
- ڕاستکردنەوەی هەڵەکان و هاندان و پاداشتەکان. (محمد، 2020: 7- 8).

## 2-1-2- 8 ڕۆڵی قوتابی له ستراتیژیی كارتەكراوەكان:

- ❖ بەدواداگەڕانی زانیاری بۆ وەڵامدانەوەیەكی درووست.
- ❖ له رێگەی بیركردنەوەو شیكردنەوەوە ئەنجام بەرهەمدەهێنێت.
- ❖ بەرپرسیارێتی دەگرێتە ئەستۆ لە گروپی كاركردندا بۆ زانین و بیركردنەوە.
- ❖ تێڕوانینی جیاواز قبوڵ دەكات لەگەڵ قوتابیانی هاوڕێی لە گروپەكەیدا (محمد، 2020: 7- 8).

## 2-1-2- 9 ئامانجەكانی ستراتیژیی كارتەكراوەكان:

ستراتیژیەتی كارتەكراوەكان چەندین ئامانجی گرنگی لەبواری پەروەردەو فێركردندا هەیە، گرنگترینیان بریتین له

- بەرزكردنەوەی گیانی هاوكاری نێوان قوتابیان و كاركردنی بەشێوەی هەرەوەزی.
- دەربازبوون له كەشه ڕۆتینەكانی وانەوتنەوە (امبوسعیدی و الحوسینیه، 2015: 466).

توێژەر بەو ئەزموونەی لەم ستراتیژییەوە پێی گەیشتووە، بۆی دەركەوت كە ئەم ستراتیژییە چەندین ئامانجی گرنگی لەپشتیەوەیە، ئەوانیش بریتین لە:

1_ قوتابی خۆی ڕۆڵی كارادەبینێت لە پڕۆسەی فێربوونیدا و تەوەری سەرەكی پڕۆسەكەیە.

2_ ئامانجی بەرزكردنەوەی پاڵنەری قوتابیە بۆ فێربوون.

3_ ئامانجی بەدیهێنانی ئامانجە پەروەردەییەكانە لەلایەنی مەعریفی و كارامەیی و ویژدانییە.

## 3-1-2 دەستهاتی خوێندن (التحصیل الدراسی) achievement Academic :

### 1-3-1-2 چەمكی دەستهاتی خوێندن:

دەستهاتی ئەكادیمی ئەوە نیشاندەدات كە قوتابی دەتوانێت لە بابەتێكی دیاریكراو یان كۆمەڵە بابەتێك ئەوەی فێری بووە لەیادگەیدا بمێنێتەوە و لێیتێبگات و بەكاریبهێنێت، دیارە ئەم پرۆسەیەش پێویستی بەڕاهێنان و ئامادەكاری هەیە، ئەگەر ئەمە بەمانای گرنگیدان بێت بەو ئاستەی كە قوتابی پێی دەگات، بەوەی كە لەبەر ئەنجامی پرۆسەی فێركردن فێربووە، كەواتە دەستهات بریتیە لە هەموو ئەو كارامەییە جەستەیی و دەروونی و مەعریفیانەیی كە قوتابی دەتوانێت لەڕێگەی ئەزموونە جۆراوجۆرەكانی قوتابخانەوە بەدەستی بهێنێت و بتوانێت دووبارەی بكاتەوە لە هەڵوێستە

جۆراو جۆرەکاندا (غنيم، 2004: 127)، یاخود بەگوزارشتێکی دیکە ئاستی ئەو سەرکەوتنەیە کە فێرخواز بەدەستی دەهێنێت لە بوارێکی گشتی یان بابەتێکی دیاریکراو لە ڕێگەی تاقیکردنەوەکانەوە دەپێورێت.

توێژینەوە پەروەردەیی و دەروونییەکان دووپاتی دەکەنەوە کە کۆمەڵێک فاکتەر کار لەسەر ئاستی دەستهاتی قوتابی دەکەن لە گرنگترینیان بریتین لە:-

- ✓ زیرەکی : ئاستی زیرەکی جیاوازە لەنێوان قوتابیاندا بۆیە کاردەکاتە سەر دەستەکەوت.
- ✓ جیاوازی توانای ئەدای مامۆستا لە ڕووی پەروەردەیی و دەرونی و زانستی و جەستەییەوە.
- ✓ ئاستی حەزوئارەزوی فیرخواز دیسانەوە کاردەکاتە سەر ئاست و چۆنیەتی دەستکەوتەکان.
- ✓ ژینگەی قوتابخانەو دایک و باوکان و هەڵوێستیان بەرامبەر بە منداڵ کاردەکاتە سەر ئاستی دەستکەوتەکان (زاير و داخل، 2015: 149-150).

## 2-3-1-2 پێوانەکردنی دەستهاتی پەروەردەیی ( تاقیکردنەوەی دەستهات ):

تێگەیشتن لەو شێوازە جیاوازانەی کە لە سەردەمی نوێدا بەکاردەهێنرێت لە بواری خوێندن یان پێوانەکردنی ئەکادیمیدا دەبێت لەسەر بنەمای تێڕوانینێکی نوێ بێت بۆ ئەو پێشکەوتنە مێژوییانەی کە تاقیکردنەوەکان بە خۆیانەوە بینیووە. تاقیکردنەوەکان تاوەکو کۆتایی نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدە زیاتر پشتیان بە تاقیکردنەوە زارەکییەکان بەستووە تاوەکو ئەو کاتەی( هوراس مان ) کە پێشەنگێکی دیاری پەروەردەی بوو لە ویلایەتی بۆستنی ئەمەریکا و سەرکردایەتی گەشەپێدانی پەروەردەی گشتی دەکرد و جەختی کردەوە لەسەر تاقیکردنەوە بابەتییەکان دواتر یەکەمین تاقیکردنەوەی بابەتی لە ساڵی ( 1895 ) لە ویلاییەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جێبەجێکرا کەبریتی بوو لە:- پێوانەکردنی توانای ڕێنوسی قوتابیان نزیکەی ( 16000 ) قوتابی بەشداری کردبوو لە تاقیکردنەوەکە لە پۆلەکانی ( چوارەم بۆ هەشتەم )، دواتر لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەم چەندین تاقیکردنەوەی تر کران وەک تاقیکردنەوەکانی ( ژماردنی ستونەکان و تاقیکردنەوەی سۆرندایک و چەندانی تر، تاوەکو قۆناغ بە قۆناغ هەموو ئەزموونی ئەم تاقیکردنەوانە گەیشتووە بە نەوەکانی ئێستا و بەم شێوازە پێشکەوتنی بەخۆوە بینیوە (علام، 2000: 303).

چەمکی تاقیکردنەوە ئاماژە بۆ میتۆدێکی ڕێکخراوەکات بۆ دیاریکردنی ئاستی قوتابیان لە دەستکەوتی زانیاری لێهاتووی لە بابەتێک یان چەند بابەتیکی فێربوونی پێشووی دیاریکراو لەڕێگەی وەلامەکانیانەوە بۆ کۆمەڵێک بابەت کە بەرجەستەی ناوەڕۆکی بابەتەکە دەکات (الوائلی، 2004: 146).

تاقیکردنەوە ئامرازێکە بۆ هەڵسەنگاندنی ئاستی قوتابیان و دەرئەنجامەکانی پرۆسەی فێربوون ئامانجی پەروەردەی، لە بوارە جۆربەجۆرەکانی زانین و شارەزایی و سۆزداری کە گوزارشت لە هەڵسەنگاندنی ئەدای مامۆستاو ئاستی قوتابیان دەکات (محمد، 2016: 215).

### 2-1-3-3 تاقیکردنەوەی دەستهات چەندین گرنگی تایبەتی هەیە بۆ مامۆستاو قوتابی لێرەدا دەتوانین گرنگی تاقیکردنەوەی دەستکەوتی مەعریفی بخەینەڕوو:-

- پێوانەکردنی تواناکانی قوتابیان لەبابەتێک.
- کۆکردنەوەی داتاو زانیاری لەسەر بابەتێکی دیاریکراو.
- دەستنیشانکردنی لایەنە بەهێز و لاوازییەکانی قوتابیان و کێشەکانیان، بەمەبەستی یارمەتیدانیان و پەروەردەکردنیان.
- دابینکردنی چارەسەری گونجاو بۆ هەڵسوکەوتی قوتابیان.
- پێشبینی گۆڕانکارییەکان لە هەڵسوکەوتی قوتابیدا (العدوان و الحوامده، 2010: 199).
- هانی قوتابی دەدات بۆ پێشکەوتنی باشتر و کێبڕکێی یەکتر.
- هەڵسەنگاندنی ئاستی فێربوون لە بڕیارلێدراوی خوێندن (کراجه، 1997: 157- 158).
- بڕیاردان بۆ گواستنەوەی قوتابی لە قۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر.
- یارمەتی مامۆستا دەدات بۆ داڕشتنی ئامانجە پەروەردەییەکان و ڕاستکردنەوەیان و دەستنیشانکردنی ڕێگاو شێوازەکان و کاراییەکانی وانەوتنەوە (الردادی، 2019: 51-52).

### 2-1-3-4 تایبەتمەندییەکانی تاقیکردنەوەی درووست:

❖ دیاریکردنی ئامانجی پەروەردەی کەپێشبینی دەکەین لە قوتابیاندا بێتەدی لە کۆتای پرۆسەی وانەوتنەوەدا.

- ❖ دیاریکردنی ناوەڕۆک و بابەتی خوێندراو بەمەرجێک نوێنەرایەتی تەواوی بابەتەکە بکات.
- ❖ دروستکردنی خشتەیەک بۆ پۆلێنکردنی شێوازەکانی ڕەفتارو پێوانەکردنی.
- ❖ دانانی خشتەی تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەکە .
- ❖ ڕوونی و ووردی لە دارشتنی ووشەو برگەکانی تاقیکردنەوەکە (مدكور، 2001: 270).

## 4-1-2 پاڵنەری فێربوون ( الدافعية التعلم )

### 1-4-1-2 چەمکی پاڵنەری فێربوون:

یەکەم لێکدانەوە بۆ ئەم چەمکە لە ئاراستە فەلسەفییەکانەوە هاتووە کە لایەنی ئەقڵانی مرۆڤ و ئازادی ویست و هەڵبژاردن لە نێوان مرۆڤ و ئاژەڵدا لەسەر بنەمایەکی چۆنایەتی جیاکراوەتەوە، بەتایبەتی کە مرۆڤ عەقڵ و ڕۆح حوکم دەکەن بە ڕەفتارو پاڵنەرەکانیەوە، لە کاتێکدا ئاژەڵ بەپێی میکانیزمێکی دیاریکراو پەیڕەوی دەکات کەبە غەریزە نوینەرایەتی دەکرێت. هەندێک ڕەوتی فەلسەفی هەن باوەڕیان وایە کە دروستبونی پاڵنەر لەتاکەکاندا لەهێزی دەرەکییەوەدێت و بایەخێکی زۆر دەدەن بە ڕۆڵی بیروبۆچونەکانی داروین کە کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبوو لەسەر بەکارهێنانی غەریزە بۆ لێکدانەوەی ڕەفتاری مرۆڤ دیارترینیان ( فرۆید ) بوو (الرابغی، 2015: 116).

زاراوەی پاڵنەر ئاماژە بۆ کۆمەڵە دۆخێکی ناوەکی دەکات کە تاک دەبزوێنێت بۆ پرکردنەوەی کەموو کورییەک یان پێداویستییەکی دیاریکراو بایلۆجی بێت یان دەرونی یان کۆمەڵایەتی، پاڵنەرەکان هەوڵ دەدەن کەموو کوڕییەکان نەهێڵن تاک دەگەڕێنێتەوە بۆ حاڵەتی هاوسەنگی و خۆگونجاندن، بۆ یە ئەرکی پاڵنەر تێرکردنی پێداویستییەکانی تاکە، پارێزگاریکردنە لە هاوسەنگ ڕاگرتنی و خۆگونجاندن لەژینگە دەرەکی و ناوەکییەکەیدا (کریم، 2014: 59).

لەڕووانگەی ڕەفتارەوە هەڵسوکەوتەکانی تاک لەسەر بنەمایی هێزە ناوەکییەکانی تاک و هێزە دەرەکییەکان ڕووندەکرێتەوە، هەندێ جار تاک بەهەستێکی ناوەکییەوە جوڵەو هەڵسوکەوتەکانی دەکات، هەندێ جار بە هێزێکی دەرەکی زۆرجاریش ڕەفتارە جۆراوجۆرەکان بە کارلێککردنی بەردەوام لە نێوان هێزە ناوخۆیی و دەرەکییەکانەوە دەجوڵێنرێت.

**بۆیە پاڵنەری فێربوون لە ڕووانگەی ڕەفتارەوە واپێناسە دەکرێت کە باروودۆخێکی ناوخۆییە لەتاکدا هەڵسوکەت و کارەکانی ئاراستە دەکات، وا لەتاک دەکات گرنگی بە کارایە جۆراوجۆرەکان بدات، بەردەوام بێت تا بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکانی (منصور واخرون، 2014: 259_260)، یان بریتیە لە پرۆسەی هاندان و بەردەوامبوونی ڕەفتاری ئاڕاستەکراو بەرەو ئامانجە خوازراوەکان (Schunk, 2012: 34).**

**2-4-1-2 جۆرەکانی پاڵنەر:**

**یەکەم: پاڵنەرە ناوەکییەکان**

(أ) **پاڵنەرە ناوەکییەکان: وەک حەزی زانیاری ، گرینگیدان ، مەیل و چەندان ئارەزووی تر ئەو پاڵنەرانە لەخۆدەگرێت کە لەناو تاکەکەسەوە سەرهەڵدەدات، ئەم پێداویستییانەیش لە کەسێکەوە بۆ کەسیکی تر جیاوازە. بۆیە شێوازی رازیکردنی ئەم پێداویستیانە لەکەسیکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕیت (الطناوی، 2013: 147).**

(ب) **پاڵنەرە زگماکییەکان: مەبەست لە کۆی ئەو پێویستی و ڕەمەکە بایۆلۆژییانەیە کە لەگەڵ بونەوەری زیندوودا لە دایک دەبن، پێویستیان بە فێربوون نییە وەک سەرجەم پێویستییە گشتییەکانی کۆی ئەندامانی ڕەگەزێک بەم پاڵنەرانە دەوترێت پاڵنەری سەرەکی یان پاڵنەری مانەوە چونکە بۆ مانەوەو بەردەوامبونی بونەوەرە زیندووەکان پێویستن وەک برسیەتی تینوێتی ، هەناسەدان ... چەندانی تر (الزغلول، 2012: 217).**

**دووەم: پاڵنەرە دەرەکییەکان: لە ڕێگەی پرۆسەی کارلێککردن لەگەڵ ژینگەی مادیی و کۆمەڵایەتی گەورە دەبێت بەپیی ئەو پێداویست و پاداشت و سزایانەی کە دابیندەکرێت، ئەم پاڵنەرانە کۆمەڵێک پێداویستی دەرونی و کۆمەڵایەتی لەخۆدەگرێت بۆ تێرکردنی تاک لە پێداویستییەکانیان وەک پێویستی بەئینتیما و هاوڕێیەتی، باڵادەستی و پەسەندی کۆمەڵایەتی و پاڵنەرەکانی تر. ئەم پێویستیانە لەڕێگەی پرۆسە کۆمەڵایەتییەکانەوە لای تاکەکەس گەشە دەکات کە تاکەکەس لەخێزان و قوتابخانەو شەقام و دەزگای پەروەردەیی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکە ڕوبەڕوویان دەبێتەوە، لاساییکردنەوە و نمونەی باڵا ڕۆڵێکی بەرچاو لەبەدەستهێنانی ئەو پێویستیانە دەگێڕێ لەڕێگەی ئەو فیدباکەیشەوە بەهێز دەبێ کەکۆمەڵگا لەشێوەی پاداشت و سزا دەیدات بە تاکەکەس (الزغلول، 2012: 217).**

### 3-4-1-2 پاڵنەرو پەیوەندیی ستراتیجیەکانی فێربوون:

ستراتیجییەتەکان پەیوەندییەکی توندوو تۆڵیان بە پاڵنەرەوە هەیە بەتایبەت ئەو ستراتیجییەتانەی کە قوتابیان بەشدار دەکەن لە پرۆسەی فێربووندا، هەمیشە ستراتیجییەتەکان دەتوانن بچنە هەموو بابەتەکانی خوێندن و خۆیان بگونجێنن بەپێی ئاستەکانی خوێندن دەتوانن قوتابی بەشداری پێبکەن لە کارایییەکان چارەسەرکردنی کێشەکان ، گفتوگۆکان ، بڕیارەکان... هتد. بە ئاوێتەکردنی کەرەستە جۆراو جۆرەکانی فێربوون خودی بەشداریکردنی قوتابیان لە کارایییەکانی فێربوون پاڵنەرەکان گەشەپێدەدات لە ناخی قوتابیاندا (زيتون، 2003: 456-457).

**کارە کاریگەرییەکانی ستراتیجییەکانی فێربوون لە گەشەپێدانی پاڵنەرەکان:**

_ کارلێککردنی فێرخواز لەگەڵ بە ناوەندە ڕۆشنبیرەکان و کتێبخانەو ئامڕازە جۆراو جۆرەکانی فێربوون.

_ قوتابخانە: گونجاوی ژینگەی قوتابخانە خەڵات و سزای قوتابخانە.

_ گرنگیدان بە ئاستی پێگەیشتنی قوتابیان ، تەمەن ، جیاوازی ڕەگەزی ، ئاستی فێربوونیان لە پرۆسەی فێربووندا (ابوشريخ، 2008: 25_26).

### 4-4-1-2 وانەوتنەوەی کاریگەر و گەشەپێدانی پاڵنەر:

مامۆستای کاریگەر تەنها پەیوەست نییە بەبوونی پاشخانیکی مەعریفی باش، بەڵکو پەیوەستە بەو کاریگەرییانەی کە لە پۆلدا ئەنجامی دەدات. لێکۆڵینەوەکان لەم دواییانەدا زاراوەی وانەوتنەوەیەکی باشیان گۆڕی بۆ وانەوتنەوەیەکی کاریگەر و بەستنەوەی ڕەفتارەکانی مامۆستا بە ئەدای قوتابیانەوە پەرەپێدا و ئامانجیان بوو بزانرێت کام شێوازی ڕەفتاری مامۆستا ئەدای خوازراو لە قوتابیاندا پەرەپێدەدات، هەرچەندە هەندێ لە توێژینەوەکان تارادەیەک نەیانتوانی بگەن بەدۆزینەوەی، بەڵام زۆربەیان شێوازی کارلێکی نێوان مامۆستاو قوتابییان دۆزییەوە کە دەرئەنجامەکەی لە شێوەی پاڵنەر بۆ فێربوون، و دەستکەوتی خوێندنن و باشترکردنی تواناکانی قوتابیان بەرهەم هێنا لە گرنگترین شێوازەکانیش پەیوەستە بە هەڵبژاردنی شێوەو ڕێگاو ستراتیژیەکانی وانەوتنەوە، سەرەڕای هەڵسوکەوتەکانی مامۆستا لە ڕووی ستایش و ئامڕازوو پێویستیە گشتییەکانی وانەوتنەوەن (Borich, 2017: 4_5) .

### 5-4-1-2 پەیوەندی پاڵنەر بە فێربوونەوە:

پاڵنەر پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە هەڵسوکەوت و فێربوونی قوتابیانەوە هەیە کە چەندین کاریگەری سودبەخش لە فێربوون و هەڵسوکەوتییان هەستی پێدەکرێت، پاڵنەر ئاماژەدانە بە بارودۆخی ناوەوەی فێرخواز کە وای لێدەکات گرنگی بە پێگەی پەروەردەی بدات، هەوڵبدات بۆ ئەوەی فێرببێت ( پرۆفی ) وای دانا پاڵنەری فێربوون مەیلی قوتابیانە بۆ دۆزینەوەی کارایی و لە ئەنجامدا بە دوای فێربوون کەپێداویستییەکی ناوخۆی دابین دەکات دەگەڕێت (المعایطه، 2007: 17)، زیادبوونی هێزی پاڵنەر یارمەتی فێربوون دەدات کەمبوونەوەی ڕەنگە ببێتە هۆی وەستانی کارایییەکانی فێربوون و سەرلێشێواوی و نەتوانین بۆ کۆنترۆڵکردنی دۆخی فێربوون. دەبێت بزانین بەشێوەیەکی ئاسایی تاک بەتەنها لەژێر کاریگەری یەک پاڵنەردا فێرنابێت بەڵکو زۆربەی کات دەکەوێتە ژێرکاریگەری کۆمەڵێک پاڵنەرەوە بۆنموونە فێربوونی قوتابی لە پۆلدا لەوانەیە پەیوەست بێت بە ڕازیکردنی مامۆستاکەی یان بەدەستهێنانی نمرەی باڵا لە تاقیکردنەوەکاندا یان بۆ سەلماندنی توانای خۆی و بۆیە مامۆستا دەتوانێت شێوازی هەڵسوکەوت پەرەپێبدات کە گونجاوبێت لەگەڵ هەڵوێست و پێداویستییەکانی فێربوونی قوتابیان (منسی و اخرون، 2001: 146_147).

**لە گرنگترین پەیوەندیەکانی پاڵنەر بە فێربوونەوە بریتین لە:-**

(1) هەڵسوکەوتی قوتابیان بەرەو ئامانجە دیاریکراوەکان دەبات: قوتابیان ناسراون بە دانانی ئامانجی خۆیان ئاڕاستەکردنی هەوڵ و ڕەفتارەکانیان بەرەو بەدیهێنانی ئەو ئامانجە بەم مانایە پاڵنەر کاردەکاتە سەر ئەو هەڵبژاردنانەی کەلەلایەن قوتابیانەوە ڕووبەڕووی دەبنەوە، پاڵنەر دەچێتە ناو هەموو ئەو ئامانجانەی کە لە قوتابیان داوا دەکرێت بهێنرێنەدی لە ئامانجی بەدیهێنانی وانەیەک تاوەکو ئامانجە باڵاکان. بەم مانایە پاڵنەر لەگەڵ قوتابیدا دەژی.

(2) پاڵنەر هەوڵ و وزەی تەرخانکراو بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان زیاتر دەکا : پەرۆشی قوتابی بەدوای ئەو ئەرکەی کەپێی دراوە و بەردەوامبونی تابەدیهێنانی، ئاماژەیە بۆ کارای و زیادبوونی پاڵنەر لە ناخی قوتابیدا (العتوم واخرون، 2005: 190_191).

(3) پەرەسەندنی پرۆسەی زانیاری لە قوتابیاندا : پاڵنەر کاردەکاتە سەر چۆنیەتی و چەندیەتی پرۆسەی زانیاری ئەو قوتابیانەی کە پاڵنەری بەرزیان هەیە زیاتر سەرنجی مامۆستا دەدەن و لە بەرئەوە زانیاری زیاتر وەردەگرن لە هەردوو یادەوەری کورتخایەن و درێژخایەن (خلیلیە، 2016: 37).

### 6-4-1-2 گرنگی پاڵنەری فێربوون:

پاڵنەری فێربوون ڕۆڵێکی گرنگ دەبینێت چونکە فێربوون دەتوانێت ڕووبدات بەپاڵنەرە جیاوازەکان، زۆرێک لەدەروونناسان جەخت لەوە دەکەنەوە خراپی دەستکەوتی هەندێک لە قوتابیان دەگەڕێتەوە بۆ لاوازی توانای قوتابی و یان بەهۆی لاوازی توانای دەروونییانەوەیە. گرنگی پاڵنەر لە ڕووانگەی پەروەردەییەوە لەوەدا دیارە کە ئامانجێکی پەروەردەییە و دەتوانرێت وەک ئامرازێک سەیربکرێت کە بەکاربهێنریت بۆ گەیشتن بە چەندین ئامانجی پەروەردەیی بەشیوەی کاریگەر.

**لە گرنگترین دەستکەوتەکانی پاڵنەر لەبواری پەروەردەدا بریتین لە:-**

_ پاڵنەرەکان هۆکارێکی کاریگەرە بۆ کاریگەری لەسەر ئەدای تاک و ئاڕاستە کردنیان زۆربەی هەڵسوکەوتەکانی تاک پەیوەندی بە پاڵنەرەوە هەیە.

_ پەیوەندی بەزۆربەی بابەتەکانی دەروونناسییەوە هەیە بۆنمونە بە درک ، بیرکردنەوە، ...هتد ، یارمەتیدەرە بۆ گەشەکردنیان.

_ پاڵنەرەکان گیانی پێشبڕکێ و هاوکاری قوتابی پەرەپێدەدەن (العنانی، 2014: 133).

_ پاڵنەرەکان پرۆسەی زانیاری و سەرنجی قوتابی گەشە پێدەدەن سەرەڕای ئەوە گرنگە بۆ مانەوەی زانیارییەکان و پاراستنیان.

_ گرنگە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان و گێرانەوەی کاتی پەروەردەی (نورالدین و مریم، 2019: 23_24).

لەبەرڕۆشنای ئەوەی سەرەوە دەتوانرێت ئەوە بوترێت کە پاڵنەرەکان ڕۆڵێکی کارا دەبینن لەپاڵنانی تاک بۆ هەڵسوکەوتە جیاوازەکان و ئاڕاستەکردنییان، ئەمەش بۆ فێربوون دەکرێت زۆر ڕوونبێت کە کار لەسەر هەڵسوکەوتی قوتابی دەکات یارمەتی دەدات بۆ باشترین فێربوون و بەردەوام بوون تا گەیشتن بە ئامانجەکان.

**2-1-4-7 کردارەکانی پاڵنەر:**

کردارەکانی پاڵنەر کردارێکی کاراکردنە کە ووزەی پێویست تەرخان دەکات کە تاک بەردەوام بێت لە کارەکانی، ئەم ووزەیەش بەردەوام دەبێت تاوەک تاک پێداویستیەکانی تێردەکات سەرەڕای ئاڕاستەکردنی ڕەفتاری تاک بۆ گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکان، تاکەکان لە ئاستەکانی کاریگەرییە پاڵنەرییەکاندا جیاوازن بەڵام لە هەموو بارودۆخێکدا پاڵنەرەکان ناوخۆی بن یان دەرەکی کردارەکانی تاکەکان دەهەژێنن بۆ گەیشتن بە مەبەستە پەروەردەییەکان.

پاڵنەرەکان دەتوانێت ئەم کردارانە لە تاکدا جێبەجێبکات:

_ دروستکردنی ڕەفتار لەتاکدا کاراکردنی ڕەفتاری تاک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان .

_ جگە لە ئاڕاستەکردنی هەڵسوکەوتی تاک بەرەو ئامانجەکان یارمەتی تاک دەدات بۆ هەڵبژاردنی ئامرازی گونجاو و چالاکی گونجاو (الرابغی، 2015: 128_129).

_ پاراستنی بەردەوامی و دابینکردنی ووزەی پێویست بۆ ڕەفتارکردن بۆ گەیشتن بە ئامانجە دیاریکراوەکان کە دەبێت فێرخواز بە ئامانجەکانی ئیستاو ئامانجەکانی داهاتوو بگات (السيد واخرون، 2011: 289_290).

**2-1-4-8 تیۆرییەکانی پاڵنەری فێربوون:**

(1) **تیۆری برۆنەرو دۆزینەوەی فێربوون** : ( جێریۆم برۆنەر ) لە کتێبەکەیدا ( عملية التربية ) ڕایگەیاند کە هەر هەوڵێک بۆ پەرەپێدانی پەروەردە بە پاڵنەری فێربوونەوە دەستپێدەکات، برۆنەر ئەوەی خستەڕوو کە دۆزینەوەی فێربوون لە عەقڵێکی ئامادەکراوەوە سەرهەڵدەدات ئەو دۆزینەوەیەش نەک تەنها وا لە قوتابیان دەکات کەرەستەکان ڕێکبخەن بۆ دۆزینەوەی پەیوەندی نێوانیان، بەڵکو یارمەتیشیان دەدات کە خۆیان بەدوور بگرن لە زانیاری سلبی کە رەنگە دوورییان بخاتەوە لەو زانیاریانەی کەپیشتر بەدەستیان هێناوە، سەرەڕای ئەوە پێشەنگی قوتابیان دەکەن بۆ ئەوەی بابەتەکان بەشێوەیەکی کاریگەرتر بەرێوەببەن (مصری، 2019: 55).

(2) **تیۆری فرۆم**: تیۆرێکی مەعریفییە کە تاکەکان جەخت لە پێشبینییەکان دەکەنەوە لەسەر خۆیان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین، ئەم بیردۆزە جیاوازی دەکات لە نێوان دوو زاراوەی بنەڕەتیدا ئەوانیش کاراکتەری کۆمەلایەتی و کاراکتەری کەسییە . فرۆم ڕەچاوی ئەوەی کرد کە پاڵنەر دەرئەنجامی سێ هۆکاری بنەڕەتییە:-

أ_ پێشبینی : بڕوایەکە سەبارەت بە ئەگەری ئەنجامدانی کارێکی تایبەت بەئامانجەکانەوە بۆ بەدەستهێنانی ئەنجامە دیاریکراوەکان، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ئەوەدەبێت کە تاک ئاگاداری توانای خۆی بێت لەگەڵ ئەو کارەی ئەنجامی دەدات واتە ئاگاداری پەیوەندی نێوان هەوڵ و ئەدایە.

ب_ تێگەیشتنی تاک لە پەیوەندی نێوان ئەداو ئەنجامی خوازراو.

ج_ بەها: بەهای ئەنجامەکەیە کەتاک لە ڕێگەی هەوڵیکی تایبەتەوە بەدوای بەدەستهێنانیدا دەگەڕێت، ئەمانە دەتوانن بەهایەکی ناوەکی بێت وەک ڕازیکردنی خودی یان دەرەکی وەک بەدەستهێنانی پێگەیەک (ملیک، 2019: 21 _22).

(3)**تیۆری فێربوونی کۆمەڵایەتی:** ئەم تیۆریە تیشک دەخاتە سەر کارلێککردن لەنێوان فێرخوازان و تایبەتمەندییە ڕەوشتیەکانیان و ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین. گەشەکردنی توانای تاک لە ئەنجامی کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵسوکەوتیان دەخاتە ڕوو، ئەم تیۆریە پشت دەبەستێت بە بنەماکانی تیۆری ( پاندۆرا 1986 ) کە جەخت دەکاتەوەسەر ئەم لایەنانەی خوارەوە:-

_ کاریگەری دوولایەنە: فێربوون لەئەنجامی هۆکاری کۆمەڵایەتی و زانیاری مەعریفییەوە ڕوودەدات، هەڵسوکەوتی تاکەکەسی دەکەوێتە ژێرکاریگەری نێوان تاک و دەوروبەری لە ڕێی ئەم کاریگەریەوە پەرە بەتوانا مەعریفیەکان دەدات.

_ کاریگەری هۆشیاری تاک: ئەوە دەردەخات کە هەڵسوکەوتی تاک ڕەنگدانەوەی ئەو تێگەیشتنانەن کە لەتاکدا بوونی هەیە . ئەگەر باوەڕیان وابێت لەئەنجامی کارای دیاریکراوەوە شکست دێنن کاریگەری نەرێنی دادەنێت لەسەر کاراییەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان بەڵام باوەڕکردنی تاکێک بە توانای بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێک دەبێتە هۆی پاڵنەری کردارییان.

_ ئەزموونی ڕاستەقینە: ئەزموونی کرداری گوزارشت لە ئەزمونیک دەکات کە تاکیک بەدەستی هێناوە کە سەرچاوەی زانیارییە و لەڕێگەی سەرکەوتن و شکستەکانی ڕابردووەوە.

_ کاریگەری ئەزمونی جێگرەوەکان: ڕەنگە تاک قەناعەت بەتوانای خۆی هەبێت لەسەر جێبەجێکردنی ئەرکەکەی لەدوای سەیرکردنی تاکێک لە هەمان تەمەن کە ئەو کارە دەکات، ئەم ئەزمونە جێگرەوەیش کاریگەرییەکی زۆری هەیە کاتێک تاک ئەزمونی کەمی کەسی هەیە (بطرس، 2009: 291_292).

(4)**تیۆری ئامانج:** ئەم تیۆریە وادادەنێت کە تاکەکان زیاتر پاڵنەریان بەهێز دەبێت کاتێک ئەو کارەی ئەنجامی دەدەن بەرەو ئامانجیک ئاراستە بکرێت بۆ ئەوەی بەدەست بهێنرێت. فێرخواز پاڵنەری فێربوونی زیاتر بەهێز دەبێت ئەگەر ئامانجی دەستکەوت و پێشکەوتنی فکری و مەعریفی هەبێت، تیۆری ئامانجەکان بە پرۆسە فکرییەکانەوە بەستراوەتەوەو جەخت لە گرنگی توانای مەعریفی بۆ بەدەستهێنانی فێربوون و بیرهێنانەوە دەکاتەوە هەروەها لە پەیوەندی عەقڵانی نێوان ئەو ئامانجانەی کە تاک بەدوای بەدیهێنانیدا دەگەڕێت و ئەو پاڵنەرەی کەدروست دەبێت لەئەنجامی ئەو گەڕانەوە دەکۆڵێتەوە (امال، 2007: 36 ، 40).

## 2-1-5 بابەتەکۆمەڵایەتییەکان (المواد الاجتماعية ) social subjects:

چەمکی بابەتی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ کۆمەڵێک بابەت لە قوتابخانە بنەڕەتییەکان بریتین لە ( مێژوو، جوگرافیا، پەروەردەی نیشتمانی و کۆمەڵناسی و ئابوری )، ئەم بابەتانە لێکۆڵینەوە لە پەیوەنییە مرۆییەکان لە رەهەندە جیاوازەکان لە ڕابردوو ئێستا، لە چوارچێوەی ناوخۆیی و نەتەوەی و جیهانییەکانی دەکات. بە مەبەستی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و سەرەڕای پەیوەندییەکانی تاک لەگەڵ ئەو ژینگەیەی تیایدا دەژی دەکۆڵێتەوە، گرنگی لە ئامادەرکردنی قوتابیە لەڕووی پەروەردەی و پیشەی و مەعریفیەوە کە دەیانکاتە ئەندامێکی بەسوود و کارا لە کۆمەڵگەدا بۆ ئەوەی بتوانن بەرپرسیاریەتی لەئەستۆ بگرن و هەوڵی چارەسەری گرفتەکان بدەن ( الزبيدی، 2009: 33_35).

**ئامانجی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان:**

لەگرنگترین ئامانجەکانی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لەهەرسێ بواری مەعریفی و سۆزداری و دەرونجوڵەی بریتین لە:

_ گۆڕانکارییە لە هەڵسوکەوتی قوتابیان و پێدانی زانیاری و بەها خوازراوەکان بە مەبەستی گەیشتن بە مەبەستە پەروەردەییەکان لەگەڵ ئامادەکردنی تاک لەڕووی دەروونی و سۆزی و مەعریفیەوە. (محمد، 2016: 7).

_ دەستنیشانکردنی سیستەم و دامەزراوە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوریەکان بۆ ئەوەی قوتابی ئەرک و مافی خۆی بزانێت.

_ زانینی ئەو مەترسیانەی کە مەترسی لەسەر کۆمەڵگا دروست دەکەن، بەمەبەستی ڕووبەڕووبونەوەیان و داڕشتنی شێوازو ئامرازی نوێ بۆ چارەسەرکردنیان.

_ پەرەپێدانی تواناى بیرکردنەوەی زانستی، بەکارهێنانی لەچارەسەرکردنی ئەوکێشانەی کەڕووبەڕووی تاک و کۆمەڵگا دەبنەوە.

_ بەنرخدانانی بەهای حەقیقەت و چاکە و جوانییەکانی کۆمەڵگا.

_ پەرەپێدانی تواناى دەربڕین و گفتوگۆی زانستی و قبوڵکردنی بۆچونی ئەوانی تر.

_کارامەیی بەکارهێنانی نەخشە و ئامێرە تەکنەلجییەکان (الزاملی، 2017: 21_22).

**هێڵکاری(1)**

**سروشتی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان**




(الزبیدی، 2009: 33_35)

## 6-1-2 بابەتی مێژوو (التاريخ) History

چەمکی مێژوو ئاماژە بە تۆمارێک لە ئەزموونە هەمەلایەنەکانی مرۆڤ بەدرێژای سەردەمە جیاوازەکان و کارلێکی نێوان مرۆڤ و فەزاو کات دەکات، لێکۆڵینەوەی مێژوو لەرووداو بیرۆکەکانیدا تیشک دەخاتە سەر ڕابردوو، بۆ ئەوەی دەری بخات تاچەند ئەم ڕابردووە کاریگەری لەسەر ئەم ئێستایە هەبێت کە مرۆڤ تێیدا دەژی، ئەوەی مێژوو ناخوێنێتەوە ئەزموونێک نادۆزێتەوە بتوانێت سوودی لێوەربگرێت بە هۆی گرنگی لە ئەزموونی مێژوو ئەو پەیوەندییەی کە هەیەتی لە گەڵ بابەتە جیاوازەکان بۆ یە بواری پەروەردەو فێربوونیش نابێت جیابکرێتەوە لە ڕەوتە مێژووییەکان (خضر، 2006 41).

خوێندنی مێژوو بەهایەکی پەروەردەی گرنگی هەیە بەهۆی ئەو کاریگەریانەی کەهەیەتی لەسەر هزری قوتابی و وەرگرتنی نەریتی تایبەت بەبیرکردنەوە، چونکە مێژوو ڕێگایەکی لێکۆڵینەوەیە بەپشت بەست بە ڕەخنەو بەدوادا گەڕان و هەڵسەنگاندنی بەڵگە مێژوویەکان و گەیشتن بە ئەنجامەکان ( بکر، 2016 43).

بەدەرچوون لە چەمکی مێژوو کە شێوەیەکی هەمەلایەنە پیشان دەدات دەکرێت ئامانجەکانی فێرکردنی ئەم بابەتە لە مەنهەجی قوتابخانەکاندا دیاری بکەین بەم شێوەیەی خوارەوە:

_ خوێندنەوەی ئەزموونەکان لە سەرانسەری سەردەمە جیاوازەکان، لەڕووی هۆکارەکانیان و شێوازی گەشەکردن و ئەنجامەکانیانەوە، کە چەمک و بەهاکان دابڕێژرێت بۆ قوتابی و بە ئامانجی سوود وەرگرتنی لە ژیانی ئێستاو داهاتوویاندا.

_ پەرەدان بە کاری لێکۆڵینەوە و پشکنین بەئامانجی گەیشتن بە ڕاستییە مێژوویەکان.

_ بەدەستهێنانی زانیاری مێژووی.

_ وانەوەرگرتن لە ڕووداوەکانی ڕابردوو.

_ تێگەیشتن لە ئێستا لەڕێگەی ڕابردوو.

_پەرەپێدانی تواناکانی قوتابیان.

_تێگەیشتن لە نێوان گەلانی جیهان لە ڕێگەی تێگەیشتن لە کەلتوریان (عسکر، 2013 21).

## 2_2 توێژینەوەکانی پێشوو( دراسات السابقة ) Previous Research:

لە ئەنجامی گەڕان و ووردبونەوە بۆ توێژینەوەکانی پێشوو کە لەم توێژینەوەیە نزیکن بەمەبەستی شیکردنەوەو دەرخستنی لایەنی هاوبەش و لێکچوون و جیاواز بەبەراوورد بەم توێژینەوەیەی ئێستا لەپاڵ ئاست و ڕادەی سوود بینین لێیان، توێژەر لیستی توێژینەوەکانی پێشووی بۆ دوولیست دابەش کرد ئەوانیش ئەو توێژینەوانەی کە ستراتیژیەتی کارتەکراوەکانیان ئەزموون کردووە لەسەر چەند گۆڕاوێک لەپاڵ ئەو توێژینەوانەی کە باس لە پاڵنەری فێربوون دەکەن . بەم شێوەیەی خوارەوە:

**خشتەی( 2 )**

**یەکەم / لیستی توێژینەوانەی کە ستراتیژیەتی کارتەکراوەکانیان ئەزموون کردووە:**

| ناوی توێژەران | ساڵ وشوێن بابەت | ئامانجی توێژینەوە | کۆمەڵگاونموونەی توێژینەوە | میتۆدی توێژینەوە | ئامرازی توێژینەوە | هاوکۆلکە ئاماریەکان | دەرئەنجامەکانی توێژینەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| جاسم محمد شهلا | 2020 بغداد کیمیا | دۆزینەوەی کاریگەری ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەم لە بابەتی کیمیا. | کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بریتیە لە قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەکانی ناوەندی پارێزگای بەغداد بۆ ساڵی خوێندنی ( 2019-2020 ، کە ( 6240 ) قوتابی بوو . نموونەی توێژینەوە قوتابیانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەی ( زەهرامەداین ) سێ پۆلە و دوو پۆلی هەڵبژێردرا بەشێوەی هەڕەمەکی کە ( 60 ) قوتابی بوو. | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی خوێندن | جی کوپەر ، تاقیکردنەوەی ،هاوکێشەی گرانی و هێزی جیاکەرەوەی چوارگۆشەی ئیتا. | جێبەجێکردنی ستراتیژیی کارتەکراوەکان گونجاوە ، وای لەقوتابیان کرد ڕۆڵی جیاواز بگێڕن بەپرسیارکردن و وەڵام سەرەڕای زیادکردنی دەستکەوتی خوێندن لای گروپی ئەزموونی توێژینەوەکە. |
| حسن استقلال فالح | 2018 عێراق بیرکاری | -دروستکردنی دیزاینی ( فێرکاری - فێربون)بەپێی پێکهاتەکانی کیجان لە بابەتی بیرکاری بۆ قوتابیانی یەکەمی ناوەندی - زانینی کاریگەری دیزاینەکە لە بەدەستهێنان و دروستکردنی کارامەی زانیاری لایان. | قوتابیانی پۆلی یەکەمی ناوەندی بۆ ساڵی خوێندنی ( 2017-2018 ) لە ناوەندی پارێزگای بەغداد لە (66) قوتابخانە ژمارەیان ( 38866 ) قوتابی بوون . نموونەی توێژینەوەکەی بریتیە لە قوتابخانەی ناوەندی ( المصطفی ) کە حەوت پۆلی یەکەمی تێدایە هەڵبژاردنی پۆلی ( ب ) بۆ گروپی ئەزمونی و پۆلی ( أ ) بە گروپی کۆنترۆڵکار بەشێوەیی هەڕەمەکی کە(80) قوتابین. | ئەزمونی | تاقیکردنەوەی دەستهات ، تاقیکردنەوەی کارامەیی مەعریفی | جی کۆپەر ، هاوکۆلکەی بیرسون ، هاوکۆلکەی کیودر - ریتشاردسون | - کاریگەری دیزاینی فێرکاری فێربوون بەپێی ڕاهێنانەکانی کیجان بووە هۆی زیادکردنی دەستکەوتی خوێندن و کارامەی دروستکردنی زانیاری لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی نموونەی توێژینەوەکە بوو لای قوتابیانی پۆلی یەکەمی ناوەندی. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| اقديح أنفت فتحی أحمد | 2017 غزة بيركاري | بەكارهێنانی ستراتیژیەتی كارتەكراوەكان لە پەرەسەندنی كارامەيی بیركاری و دەستكەوتی پەروەردەيی لای قوتابيانی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی. | هەموو قوتابيانی كچی پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لە كەرتی غەزە. نموونەی توێژینیەوەكە بریتيە لە قوتابيانی كچ لە قوتابخانەی ( عبسان ) لە رۆژهەلاتی شاری خانیونس لەكەرتی غەزە كە ( 72 ) قوتابی بوون بەسەردوو گروپی يەكسان. | ئەزموونی | - تاقيكردنەوەی كارامەيی بیركردنەوەی بیركاری ، - تاقيكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن | - ناوەندی ژمێرەی ، هاوكۆلكەی گرانی و هێزی جياكەرەوە . -كودر ريتشاردسون ، تی تێست ، ئيتا ، | تواناكانی قوتابيانی گروپی ئەزموونی پەرەی سەند بەبەكارهێنانی ستراتيژيەتی كارتەكراوەكان بەبەراوورد بە گروپی كۆنترۆڵكاری پۆلی چوارەمی بنەڕەتی لەكارامەيیە بيركارييەكاندا. |
| عبكە رسل جعفر صادق | 2017 بابل ڕێزمانی زمانی عرەبی | زانينی كاريگەری ستراتيژيەتی كارتەكراوەكان لەسەر دەستكەوتی خوێندنی پۆلی دووەمی ناوەندی لە ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا. | قوتابيانی پۆلی دووەمی ناوەندی لە قوتابخانەكانی كچان لە ناوەندی پارێزگای بابل كە بەڕۆژ دەوام دەكەن بۆ ساڵی خوێندنی ( 2016-2017 ) . نموونەی توێژینەوەكە قوتابيانی قوتابخانەی ناوەندی ( عفاف ) لە چوار پۆل دوو پۆلی بەشێوەی هەڕەمەكی سادە هەڵبژارد ژمارەيان ( 60 ) قوتابی بوو. | ئەزموونی | تاقيكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن . | هاوكێشەی گرانی برگە ، هێزی جياكەرەوە ، هاوكێشەی سپيرمان براون | ستراتيژيەتی كارتەكراوەكان ئاستی دەستكەوتی خوێندنی قوتابيانی گروپی ئەزموونی بەرزكردەوە ، هانی دان بۆ بەشداريكردنی كارای پۆل و ڕاكێشانی سەرنجيان بۆ بابەتەكانی فێربوون. |
| Al Matrafi Sameha | 2016 عەرەبستانی سعودی زانست | كاريگەری ستراتيژيەتی كارتەكراوەكان لەسەر دەستكەوت و ئەداو بەشداری قوتابيانی پۆلی حەوتەم لە بابەتی زانست لە سعوديە. | قوتابيانی كچ تەمەن ( 6-7) ساڵان لە سعوديە كەژمارەيان ( 1350 ) قوتابيە . نموونەی توێژينەوەكەی بريتيە لە ( قوتابخانەيی ئەندەنوس لەشاری مەككە كە ( 300 ) قوتابيە لەپۆلەكانی شەش و حەوتەمی بنەڕەتين وە ( 48 ) قوتابی بوون بە نموونەيی توێژينەوەكە. | ئەزموونی | تاقيكردنەوەی دەستهات | تيی تێست | بەكارهێنانی ستراتيژيەتی كارتەكراوەكان بووە هۆی باشكردنی دەستكەوت وئەداو بەشداريكردنی قوتابيانی گروپی ئەزموونی بەبەراورد بە قوتابيانی گروپی كۆنترۆڵكار لای قوتابيانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی زانستدا. |

**خشتەی ( 3 )**

**دووەم / ليستی ئەو توێژينەوانەی كەباس لە پاڵنەری فێربوون دەكەن:**

| ناوی توێژەران | ساڵ وشوێن بابەت | ئامانجی توێژينەوە | كۆمەڵگاو نموونەی توێژينەوە | ميتۆدی توێژينەوە | ئامرازی توێژينەوە | هاوكۆلكە ئامارييەكان | دەرئەنجامەكانی توێژينەوە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| کەریم ئالان پشتیوان | 2014 کوردستان زمانی کوردی | _ دەربڕینی زارەکی بە بەکارهێنانی فێربوونی هەرەوەزی و فێربوونی ئاسایی لەبەدەستهێنانی کارامەییەکانی دەربڕینی نوسراو لە تاقیکردنەوەی پاشدان و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی . | سەرجەم قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە پارێزگای هەولێر بۆ ساڵی خوێندنی ( 2013 _ 2014 ) . نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە قوتابیانی قوتابخانەی ( دڵزاری بنەڕەتی کچان ) کە ( 60 ) قوتابی بوو بە شێوەی یەکسان بۆ هەردوو گروپی لێکۆڵینەوەکە. | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستکەوتی کارامەییەکانی دەربڕینی نوسراو. | تاقیکردنەوەی کایی دووجا ، هاوکێشەی کۆپەر ، هاوکۆلکەکانی پەیوەستبونی پێرسوون . | بەکارهێنانی دەربڕینی زارەکی بە بەکارهێنانی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی ، دەبێتە هۆی زیادکردنی گەشەسەندنی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە بابەتی دەربڕینی نوسراو ، گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون و هەستکردن بەبەرپرسیاریەتی. |
| حمە قاضی ئەڤێ | 2016 کوردستان مێژوو . | _ زانینی کاریگەری سیستەمە هێڵکاریە مەعریفیەکان بەستراتیژی T .P. S ( ) لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنانی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی لە بابەتی مێژوو. | قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە خوێندنگەکانی سنوری پەروەردەی ڕۆژهەلات لە پارێزگای سلێمانی کە ( 164 ) خوێندنگایە ( 64 ) خوێندنگایان پۆلی حەوتەمی تێدایە کە ( 7403 ) قوتابیە بۆ ساڵی خوێندنی ( 2014_ 2015 ). نموونەی توێژینەوەکە بریتیە لە قوتابخانەی ( ئاریاسی تێکەڵاو ) لە شەش پۆلدا بەهەڵبژاردنی دوو پۆل بەشێوەی هەڕەمەکی ژمارەیان ( 56 ) قوتابی بوو. | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستهات ، پێوەری پاڵنەری بەدەستهێنان. | کای دووجا ، هاوکۆلکەی پەیوەندی بیرسون ، هاوکۆلکەی دووجای ئیتا ، تی تێست . | _ ئاوێتەکردنی سیستەمە هێڵکاریە مەعریفیەکان بەستراتیژی .T .P ( Sیارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی دەستکەوتی قوتابیان گەشەکردنی پاڵنەری بەدەستهینانیان لای قوتابیانی گروپی ئەزموونی بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی ، بەشیوەیەکی گشتی لەگوتنەوەی بابەتی مێژووی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی. |
| عبدالله ریاد محمد ودیع | 2014 فلسطین زمانی عەرەبی | _ زانینی کاریگەری ستراتیژیەتی فێربوونی چوارگۆشەیی لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لەزمانی عەرەبیدا | قوتابیانی پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی لە پارێزگای جنین نموونەی توێژینیەوەکە بریتیە لە قوتابخانەی ( بنات )ی بنەڕەتی ) کە ژمارەیان ( 60 ) قوتابیە بەسەردووگروپدا. | ئەزموونی | _ تاقیکردنەوەی دەستهات.<br>_ پێوەری پاڵنەری فێربوون | _ تاقیکردنەوەی تایی تی تێست بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی یەکسان ، ناوەندی ژمێرەیی. | تواناکانی قوتابیانی گروپی ئەزموونی پەرەی سەند لە پاڵنەرو دەستکەوتیان بە بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێربوونی چوار گۆشەی بەبەراوورد بە گروپی کۆنترۆڵکاری پۆلی پێنجەمی بنەڕەتی. |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| خلیلیە مراد احمد محمد | 2016 پارێزگای جین ڕێزمانی زمانی عەرەبی | کاریگەری ستراتیژیەتی فێرکردنی ئاڵوگۆڕ بۆ پەرەپێدانی کارامەیی ڕێزمانی زمانی عەرەبی لای قوتابیانی نۆی بنەڕەتی لە فەلەستین . بۆ دەستنیشانکردنی جیاوازی لەدەستکەوت و پاڵنەری قوتابیانی پۆلی نۆیەم لە بابەتی ڕێزمانی عەرەبی بەرەچاوکردنی ڕێگای تەقلیدی و ستراتیژیەتی ئاڵوگۆڕ. | قوتابیانی پۆلی نۆیەمی بنەڕەتی لەسەرجەم خوێندنگا حوکمیەکانی بەرێوەبەرایەتی پەروەردەی جنین بۆ وەرزی یەکەم ساڵی خوێندنی ( 2015 _ 2016 ) کە ژمارەیان ( 3658 ) قوتابیە . نموونەی توێژینەوەکەی بریتیە لە ( قوتابخانەیی العامریە لە سێ پۆل هەڵبژاردنی دوو پۆل بە شێوەی هەرەمەکی کە ( 46 ) قوتابی بوو. | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی دەستهات . _ پێوەری پاڵنەری فێربوون _ | تیی تێست ، الفا کرونباج . | بەکارهێنانی ستراتیژیەتی فێرکردنی ئاڵوگۆڕ بووە هۆی گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوونی گروپی ئەزموونی ، سەرەڕای زیادکردنی دەستکەوتی خوێندنیان لە ڕێزمانی زمانی عەرەبیدا بەبەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکار. |
| النحال سهاد فخری عادل | 2016 غزة بیرکاری | پەرە بەزانیاری و شارەزای پەیوەندیە بیرکاریەکان و پاڵنەری بەدەستهێنان لای خویندکارانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بدرێت. | قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەڕۆژئاوای شاری غزة بۆ ساڵی خوێندنی ( 2015 _ 2016 ). نموونەی توێژینەوە بریتیە ( 84 ) قوتابی کچ لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ڕافیدەین بەشێوەی یەکسان بۆ دووگروپی ئەزموونی و کۆنترۆلکار | ئەزموونی | تاقیکردنەوەی کارامەی پەیوەندی بیرکاری | تاقیکردنەوەی تایی ، هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسون . هاوکۆلکەی سبیرمان ، هاوکۆلکەی جتمان ، هاوکۆلکەی ئیتا. | ئەزموونیەکە سەلماندی کە ستراتیژیەتی سەرەژمارەییەکان دەرفەتی گفتگۆو بەشداریکردنی قوتابیانی دا سەرەرای شکاندنی ترس و شەرم لەئەنجامدا بووە هۆی گەشەپێدانی پالنەری بەدەستهێنان لای قوتابیانی گروپی ئەزموونی. |

## 2-2-2 هاوسەنگی نێوان توێژینەوەکانی پێشوو توێژینەوەی ئێستا:

لە میانی ئەم خاڵانەی خوارەوەدا، هاوسەنگی ئەم توێژینەوەیە بە توێژینەوەکانی پێشوو دەکرێت بەمەبەستی دەرخستنی ئاستی پەیوەندی و لێکچوون و جیاوازی نێوانیان:-

( 1 ) شوێنی ئەنجامدانی توێژینەوە: هەریەک لەتوێژینەوەکانی ( حسن و محمد ) لە عێراق ئەنجام دراون ، وە توێژینەوەکانی ( النحال ، اقدیح ) لە غزة، توێژینەوەکانی ( ریاد ، خلیلیة ) لە فەلەستین، وەتوێژینەوەی ( Al Matrafi) لە سعودیە، توێژینەوەی (عبکە) لە بابل، هەریەک لەتوێژینەوەکانی ( کەریم ، حمە قاضی ) لە هەرێمی کوردستانی عێراق ئەنجام دراوون کە هاوبەشن لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا کە لە هەرێمی کوردستان ئەنجامدراوە.

( 2) ئامانجی توێژینەوە: هەموو توێژینەوەیەک ئامانجی تایبەتی خۆیان هەیە بەپێی ئەوکێشەیەی کەچارەسەری دەکات، هەموو توێژینەوەکان لە ئامانجی دەستهاتی خوێندن هاوبەشن، هەندێ لەتوێژینەوەکانیش پاڵنەری فێربوون و بەدەستهینان ئەمەیش لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا هاوپەیوەندە لەڕووی ئامانجی دەستهاتی خوێندن کەبریتیە لە ( دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون).

(3) دیزاینی ئەزموونی: هەموو توێژینەوەکان دیزاینی ئەزمونییان بەکارهێناوە کەپێویستە بۆ ئەزموونکردنی ستراتیژیەکانی فێربوون، ڕێبازیان ئەزمونیە لەکاتێکدا ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ڕێبازی نیمچە ئەزموونی بەکارهێناوە.

(4) نموونەی توێژینەوە: هەموو توێژینەوەکان نموونەی توێژینەوەکانیان بریتیە لە پۆلەکانی بنەڕەتی بە وەرگرتنی ڕێژەی جیاواز لە نموونەکانیان، بەپێی پێویستی و گونجاوی ئەو (ڕێگاو ستراتیژیانەی کەبەکاریان هێناوە، وەک ( حسن 2018: 80 ، Al Matrafi : 2016: 48 ، اقديح : 2017: 72 ، محمد، 2020 ، 60 ، عبكه : 2017: 60 ، حمه قاضی، 2016: 56 ، خليلية، 2016: 46 ، عبدالله، 2014: 60 ، النحال، 2016 ، 84 ، کەریم، 2014: 60 )، قوتابی بوو ئەمە لەکاتێکدا ئەم توێژینەویەی ئێستا نموونەکەی بریتیە لە ( 44 ) قوتابی، توێژینەوەکانی ( استقلال ، سهاد ، حمه قاضی ) پۆلی حەوتەمی بنەڕەتیان وەرگرتووە کە هاوبەشە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

( 5) بابەتی فێرکاری توێژینەوەکان: هەریەک لە توێژینەوەکان بابەتی جیاوازیان وەرگرتووە بۆ جێبەجێکردنی ئەزموونیەکەیان توێژینەوەکانی ( حسن ، اقديح ، النحال )، بابەتی بیرکاریان وەرگرتووە، توێژینەوەکانی ( خليلية ، عبدالله ، عبكه )، بابەتی زمانی عەرەبیان وەرگرتووە، کە هەریەکەیان لەلایەنێکەوە ئەزمونییەکەیان بەسەردا جێبەجێکردووە، وە توێژینەوە ( محمد کیمیاو توێژینەوەی Al Matrafi زانست، هەروەها توێژینەوەی کەریم زمانی کوردی، توێژینەوەی حمه قاضی مێژوو کە هاوبەشە لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

( 6 ) ئامڕازەکانی توێژینەوە: هەریەک لەتوێژینەوەکان ئامڕازی جۆربەجۆریان بەکارهێناوە بۆ گەیشتن بە ئەنجامەکانیان، هەندێکیان بەشێکی لە ئامڕازەکەیان وەرگرتووە وەک توێژینەوەکانی ( کەریم ، خليلية )، هەروەها هەندێکیان ئامڕازەکەیان ئامادە کردووە وەک توێژینەوەکانی ( النحال ، عبدالله ، محمد ، عبكه ، حمه قاضی ،

Al Matrafi ، اقديح ، حسن ) کەئەمەش لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا یەک دەگرێتەوە کەئامرازەکانی ئامادەکردووە.

( 7 ) ماوەی ئەنجامدانی ئەزموونی: بەشێوەیەکی گشتی ئەو توێژینەوانەی ئاماژەی پێدراوە بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ماوەی ئەزموونیان لەنێوان (6 _ 9)، هەفتەدایە کە نزیکە لەوماوەیەی کە ئەم توێژینەوەیەی ئێستا وەری گرتووە.

( 8 ) ئامرازە ئامارییەکان: هەریەک لە توێژینەوەکان جیاوازن لەهەندێ ئامرازدا جیاوازیان هەیە بەڵام هەموویان تاقیکردنەوەی تایی و لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەی بەکارهاتووە، سەرەڕای ئەوە زۆربەیان هاوکۆلکەی پەیوەستبوونی پێرسوونیان بەکارهێناوە بەپێی پێویستی چارەسەرکردنی کێشەی توێژینەوەکانیان ، ئەم توێژینەوەیەی ئێستا ئامرازە ئاماریەکانی ( هاوکێشەی پەیوەندی پێرسوون ، سپیرمان براون ، لادانی پێوەری و ناوەندی ژمێرەی ، ئاستی قورسی و هێزی جیاکەرەوەی برگە ، کارایی جێگرەوەی هەڵە ، کای دووجا ، جی کوبەر ، تاقیکردنەوەی تایی تی تێست ، هاوکۆلکەی ئەلفاکرونباخ ، هاوکۆلکەی پەیوەندی کندال ، هاوکۆلکەی دووجای ئیتاو کوهین ) بەکارهاتووە.

## 3-2-2 سوود بینین لە توێژینەوەکانی پێشوو:

توێژەر لەچەند لایەنەکەوە سوودی لەتوێژینەوەکانی پێشوو بینیووە نمونەی ئەم لایەنانەی خوارەوە:-

( 1) سوود بینین لەڕووی دارشتنی کێشەو گریمانەکانی توێژینەوەکە.

(2 ) سوود وەرگرتن لەڕووی بەکارهێنانی ئامرازە ئامارییەکان بۆ دەرخستنی ئەنجامی توێژینەوەکە.

( 3 ) بۆ ڕێکارییەکانی توێژینەوەکە توێژەر تارادەیەک سوودی لە توێژینەوەکانی پێشوو وەرگرتووە.

( 4 ) بۆ هەڵبژاردنی قەبارەی نموونەی توێژینەوەکە.

( 5 ) وەک سەرچاوەی زانستی سوودیان لێوەرگیراوە بەتایبەت لەلایەنی تیۆری توێژینەوەکە.

# 3 بەشی سێیەم:

## ڕێکارییەکانی توێژینەوە (إجراءات البحث) Research Procedures

3_1ڕێبازی توێژینەوە (المنهج البحث)

3-2 دیزاینی ئەزمونی (التصميم التجريبی)

3-3 کۆمەڵگەی توێژینەوە (مجتمع البحث)

3-4 نموونەی توێژینەوە (عينة البحث)

3-5 هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە (التكافؤ مجموعتي البحث)

3-6 ئامڕازەکانی توێژینەوە ( أدوات البحث )

3-7 ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە ( إعداد خطة التدريسية )

3_8ڕاستی و دروستی ناوەکی و دەرەکی دیزاینی توێژینەوە(صدق الظاهری و المحتوى للتصميم البحث)

3_9 هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە (خطوات تطبيق التجربة )

3-10 ئامڕازە ئامارییەکان ( الوسائل الاحصائية )

## 1_3 ڕێبازی توێژینەوە (المنهج البحث) research method:

توێژەر ڕێبازی نیمچە ئەزموونی بەکارهێنا چونکە لەگەڵ سروشتی توێژینەوەکەی دا گونجاوە، ئەم ڕێبازە واپێناسە دەکرێت کە ناتوانێت کۆنترۆڵی تەواوی، گۆڕاوەکان بەدەستبهێنێت وەک لە ڕێبازی ئەزمونی دەبینرێت (سلیمان، 2014: 120).

## 2-3 دیزاینی ئەزمونی (التصميم التجريبي) Experimental Design:

بریتیە لە نەخشەسازی توێژینەوەکە بۆ وەرگرتنی وەڵامی توێژینەوەکە، هێڵکاری هەموو ئەو ئامانجانەیە کە توێژەر دەیەوێت بەدیبهێنێت و کێشەکانی توێژینەوەکەی چارەسەربکات و کۆنترۆڵیان بکات (النعیمی واخرون، 2015: 215-216).

توێژەر پشتی بەو دیزاینە بەستوە کە پێی دەوترێت دیزایینی ئەزموونی بۆ دوو گرووپی هاوسەنگ کە یەکەمیان گرووپی ئەزمونی بە بەکارهێنانی گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆ، دووەمیان پێی دەوترێت گرووپی کۆنترۆڵکراو بە بەکارهێنانی ڕێگەی ئاسایی (الضامن، 2007: 147- 148).

بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی ئەزموونیەکە توێژەر تاقیکردنەوەی پاشی بۆ گۆڕاوی دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون بۆ زانینی ڕادەی کارایی گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی شوێن کەوتوو و کارایی ئەم گۆڕاوە بەسەر گرووپی ئەزموونی بە بەراورد بە گرووپی کۆنترۆڵکراو بەکارهێنا، هێڵکاری ( 1 ) ڕونکراوەتەوە.




**هێڵکاری ( 2 ) دیزاینی ئەزموونی توێژینەوە**

## 3-3 کۆمەڵگەی توێژینەوە (مجتمع البحث) Research community

کۆمەڵگەی توێژینەوە بریتییە لە هەموو ئەو کەس و قوتابی و لایەن یان دیاردەیەیی کە توێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام دەدرێت (حافظ، 2012: 58) . کۆمەڵگەی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە قەزای پێنجوێن بۆ ساڵی خوێندنی ( 2021 - 2022 ) کە پێکهاتووە لە ( 46 ) قوتابخانەی بنەڕەتی و ( 897 ) قوتابی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی پاشکۆی (22).

* توێژەر ئەو زانیارییانەی دەستکەوت لە بەشی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی گشتی پەروەردەی قەزای پێنجوێن.

## 4-3 نموونەی توێژینەوە (عينة البحث) The major Sample of the research

نموونەی توێژینەوە ئاماژە بە مۆدێلێک دەکات لە هەڵبژاردنی بەشێک لە کۆمەڵگەی توێژینەوە کە سیفەتی هاوبەشی تێدایە، ئەم کارەش بەپێی میتۆدە زانستییەکان دیاریدەکرێت تاوەکو وێنای کۆمەڵگەی توێژینەوەکە بکات (نوفل و أبوعواد، 2009: 231-232).

توێژەر لە هەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوەکەیدا پشتی بە شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی سادە بەستوە، کە بریتییە لە هەڵبژاردنی نموونەیەک بەشێوەیەکی هەڕەمەکی لە کۆمەڵگەی توێژینەوە چەند شێوازێک لەخۆدەگرێت، بەپشت بەست بە خشتەکانی ئاماری کتێبەکانی ( فیشەرو ، ویتس و کینداڵ )، یەکێک لەشێوازەکان بریتیە لە شێوازی هەڕەمەکی سادە لە ڕێگەی ڕاکێشانی تیروپشکەوە کە دەرفەتی یەکسان دەدات بە هەموو ئەندامانی کۆمەڵگەکە ببنە نموونەی توێژینەوەکە (العزاوي، 2008: 168). قوتابخانەی ( جەلال مەحموودی بنەڕەتی ) بەمەبەست هەڵبژێردرا بە نمونەی توێژینەوە چونکە بینای قوتابخانەکەو ئامرازەکان تێیدا گونجاوبوون، سەرەڕای ئەوە بەڕێوبەرو مامۆستای بابەت هاوکاربوون، پاشکۆی (23)،(24)، نموونەی دیاریکردنی پۆلەکانی حەوتەم لە قوتابخانەکە بەشێوەی هەڕەمەکی سادە هەڵبژێردرا لەنێوان (3) پۆلی خوێندنی حەوتەمی بنەڕەتی لە قوتابخانەی ( جەلال مەحموودی کوڕان ) بەشێوەیەک پۆلەکانی ( ب ، ج ) هەڵبژێردرا بە نموونەی توێژینەوەکە کە ( 51 ) قوتابی بوو.

بۆ دیاریکردنی هەردوو گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکراو بەسەر هەردوو پۆلی نموونەی توێژینەوە، توێژەر جارێکی تر شێوازی هەڕەمەکی سادەی بەکارهێنا لەئەنجامدا هۆبەی ( ب ) بوو بەگروپی ئەزموونی و هۆبەی ( ج ) بوو بە گروپی

**کۆنترۆڵکراو، پاش دوورخستنەوەی قوتابیانی دەرنەچوو لە ساڵی پێشوو کە ( 7 ) قوتابی بوون، نموونەی توێژینەوەکە بوون بە (44) قوتابی، لە کۆتاییدا گروپی ئەزموونی بوو بە (22) قوتابی و گروپی کۆنترۆڵکراو بوو بە( 22 ) قوتابی، هەروەک لە خشتەی ( 4 ) ڕونکراوەتەوە.**

**خشتەی ( 4 ) نموونەی توێژینەوە**

| هۆبەی خوێندن | کۆمەڵەی توێژینەوە | ژ. پێش دورخستنەوە | قوتابیانی دورخراوە ( کەوتوو ) | ژ. کۆتایی قوتابیان |
|---|---|---|---|---|
| ب | ئەزموونگەری | 26 | 4 | 22 |
| ج | کۆنترۆڵکار | 25 | 3 | 22 |
| کۆی گشتی | | 51 | 7 | 44 |

*** هۆکاری دوورخستنەوەی قوتابیانی کەوتوو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو شارەزاییەی کەپێشتر وەریان گرتووە لە بابەتەکە، چونکە کاردەکاتە سەر ووردی و دروستی ئەنجامەکانی توێژینەوەکە.**

## 5-3 هاوتاکردنی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوە (التكافؤ مجموعتي للبحث) Equivalen Of the two Research groups

**هاوتاکردنی نێوان گروپ و نمونەکانی توێژینەوە، یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی توێژینەوەی ئەزموونی، بەپێی توێژینەوە ئەزموونیەکان گۆڕاوەکان کاریگەرییان لەسەر ئەزموون هەیە، ئەم کاریگەریەش بەپێی جیاوازی توێژینەوە ئەزموونیەکان دەگۆڕدرێت، بۆیە پێویستە توێژەر لە هەڵبژاردنی گروپی توێژینەوەکەی ڕەچاوی هاوسەنگی ئەو گۆراوانە بکات و دوو گروپی هاوسەنگ لە کۆمەڵگەی توێژینەوەکەی هەڵبژێریت، هیچ جیاوازییەکی ئاماری لەنێوانیاندا نەبێت لە گۆڕاوەکاندا بۆ گەیشتن بە ئەنجامی درووست لە کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆدا (جابر و کاظم، 1973: 197-198) بڕوانە خشتەکانی (5)،(6).**

**توێژەر هاوسەنگی لەنێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە لەم گۆڕاوانەدا ئەنجامدا:**

### 3_5_1 تەمەنی قوتابیان بە مانگ:

**توێژەر تەمەنی قوتابیانی لە دۆسیەی قوتابیان لە قوتابخانەکەیان و لە قوتابیان خۆیان بە دەستهێنا، پاشان بەرواری لەدایک بوونیان بەمانگ بەر لە دەستپێکردنی ئەزموون دەرهێنا تا ڕێکەوتی ( 2022 /2/5 ) تاقیکردنەوەی (ت) ( T.test ) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆ یەکسانی دەرهێنرا پاشکۆی ( 5 )، لەئەنجامدا دیاربوو کە بەهای ( ت) دەرهێنراو ( 0,331 ) بچوکترە لە بەهای خشتەی (2,021)، جیاوازی ماناداری ئاماری لەنێوانیاندا نییەو گروپەکان هاوتان بڕوانە خشتەی ( 5 ).**

**3_5_2 نمرەی کۆتای ساڵی پێشوو لە بابەتی کۆمەڵایەتی:**

تویژەر نمرەی کۆتایی قوتابیانی هەردوو گروپ لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ساڵی پێشوو( 2020_ 2021 ) بەدەستهێنا لە کارگێری قوتابخانە، پاشکۆی ( 6 ) تویژەر تاقیکردنەوەی (ت) ( T.test )، بەکارهێنا ئەنجامەکەی هاوتاکردنی گروپەکان دەردەخات چونکە بەهای ( ت) دەرهێنراو،( 0,627) بچوکترە لە بەهای خشتەی (2,021 ) بڕوانە خشتەی ( 5 ).

**3_5_3 زانیاری پێشوو لەبابەتی مێژوو:**

بەمەبەستی زانینی زانیاری پێشووی لای قوتابیانی هەردوو گروپی تویژینەوەکە تویژەر هەستا بەئامادەکردنی تاقیکردنەوەیەک لە جۆری بابەتی کە لە ( 15 ) بڕگە پێک هاتبوو پشت بەست بەناوەڕۆکی بابەتی مێژوو لەپەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلەکانی (6،5) ی بنەڕەتی بەڕەچاوکردنی ئەو بابەتانەی کە خوێندرابوون لە ساڵانی پێشوو، بۆ دڵنیابوون لە گونجاوی خرایە بەردەم هەڵسەنگێنەران و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن، پاش وەرگرتنی سەرنج و تێبینییەکانیان پاشکۆی ( 7 )، دواتر جێبەجێکرا بەسەر هەردوو گروپدا لە ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ( 3/1/ 2022)، پاش بەکارهێنانی تاقیکردنەوەی ( T .Test ) دەرکەوت کە بەهای ( ت) دەرهێنراو کە ( 0,517) بچوکترە لە بەهای خشتەی (2,021) پاشکۆی ( 8 ) واتە هەردوو گروپ هاوتان بڕوانە خشتەی ( 5 ).

**3_5_4 هاوتای هەردوو کۆمەڵەکە لە تاقیکردنەوەی زیرەکی:**

تویژەر تاقیکردنەوەی (جۆن ڕاڤن )ی بەکارهێنا بەمەبەستی زانینی ئاستی زیرەکی قوتابیان و هاوسەنگی دووگروپی تویژینەوە، ئەمەش دوای وەرگرتنی بۆچونی کۆمەڵێک شارەزا دەربارەی گونجاوی ئەم تاقیکردنەوەیە لەگەڵ پۆلی خوێندن و تەمەنی قوتابیان.

ئەم تاقیکردنەوەیە بریتییە لە تاقیکردنەوەیەکی نازارەکی لە پێنج گروپ پێک هاتووە، هەر گروپێکی دوانزە بەندی لە خۆگرتووە بەشێوەی وێنەی ڕەنگاو ڕەنگ هەر یەک لەبەندەکانی ئەم تاقیکردنەوەیە چەند هەڵبژاردنێکی بۆ دانراو شێوەیەک تەواو دەکەن یان پەیوەندییەک و لێکچونێک لە شێوەو وێنەکان تێدایە لەئاسانەوە بۆ قورس، تاوەکو جیاکاری قوتابی ئاست بەرزو ئاست لاواز بکات (الزرقین، 2015: 58_59).

تاقیکردنەوەی زیرەکی ڕاڤن لە ڕێکەوتی ( 2022/1/4 ) جێبەجێکرا بەسەر قوتابیانی هەردوو نمونەی توێژینەوەکە پاش هەڵەچنی تاقیکردنەوەکە بەپێ ڕێنماییەکانی تاقیکردنەوەکە، نمرەی بەدەستهێنانی زیرەکی بۆ هەریەک لە قوتابیانی توێژینەوەکە دیاریکرا، پاشکۆی ( 9 ) ڕونکراوەتەوە، پاشان خرانە ژێرچارەسەری ئاماری بە بەکارهێنانی هاوکێشەی ( T.test ) پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری دەرکەوت کە جیاوازی مانادارى ئاماری لەنێوانیاندا نییە و هاوتان چونکە بەهای ( ت) دەرهێنراو ( 0,629 ) بچوکترە لە بەهای خشتەی (021،2) بڕوانە خشتەی ( 5 ).

## 3_5_5 تاقیکردنەوەی پێشینە بۆ زانینی پێوانەی پاڵنەری فێربوون

بەمەبەستی زانینی ئاستی پاڵنەری فێربوون توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی پێوەری ئامادەکراوی پاڵنەری فێربوون بەسەر هەردوو گروپی ئەزمونگەری و کۆنترۆڵکار، لە ڕێکەوتی ( 2022/1/6 ) پاشکۆی (11) پاش گەڕانەوەی وەڵامی قوتابیان و هەڵەچنی ووردی پاشکۆی ( 10 )، تاقیکردنەوەی (ت) (T.test) بەکارهێنا پاش دەرهێنانی ناوەندی ژمێرەی و لادانی پێوەری بەهای ( ت ) دەرکەوت جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە بەهای ( ت) دەرهێنراو کە،( 0,743) بچوکترە لە بەهای (ت) خشتەیی (2,021) قوتابیانی لە نێوان هەردوو گروپەکە و هاوتان بڕوانە خشتەی ( 5 ).

**خشتەی ( 5 ) ناوەندی ژمێرەیی و لادانی پێوەری و بەهای تائی بۆ هاوسەنگی هەردوو گروپی توێژینەوە:**

| گۆڕاوەکان | کۆمەڵەکان | نموونە | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | پلەی ئازاد | بەهای تایی ( ت ) | | ئاستی دەلالەت ( 0,05) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | هەژمارکراو | خشتەیی | |
| تەمەنی قوتابیان بە مانگ | ئەزموونی | 22 | 158.0455 | 12,22596 | 42 | 0,331 | 2,021 | مانادارنیە |
| | کۆنترۆڵکار | 22 | 159,1364 | 9,42285 | | | | |
| نمرەی بابەتی کۆمەڵایەتی ساڵی پێشوو | ئەزموونی | 22 | 57,05 | 9,648 | 42 | 0,627 | 2,021 | |
| | کۆنترۆڵکار | 22 | 55,45 | 6,974 | | | | |
| زانیاری پێشووە لەبابەتی مێژوو | ئەزموونی | 22 | 10,50 | 1,845 | 42 | 0,517 | 2,021 | |
| | کۆنترۆڵکار | 22 | 10,18 | 2,218 | | | | |
| بەدەستهێنانی زیرەکی : | ئەزموونی | 22 | 34,09 | 6,187 | 42 | 0,629 | 2,021 | |
| | کۆنترڵکار | 22 | 32,91 | 6,271 | | | | |
| تاقیکردنەوەی پێشینەی پاڵنەری فێربوون | ئەزموونی | 22 | 76,32 | 9,494 | 42 | 0,743 | 2,021 | |
| | کۆنترۆڵکار | 22 | 74,05 | 10,764 | | | | |

لە خشتەی ( 5 ) بەمەبەست هاوسەنگی لە نێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە ئەنجامدرا، ئەنجامەکان دەریانخست بەهای (تائی هەژمارکراو) هەرپێنج گۆڕاوەکە کەمترە لەبەهای (تائی خشتەیی) (2,021 ) لە ئاستی ئاماژەیی (0,05) بە پلەی ئازادی ( 42 )، ئەمەش مانای وایە هیچ جیاوازییەکی ئاماری نییە لە نێوان ناوەندی نمرەکانی هەردوو گروپ واتە هاوتان.

### 3_5_6 هاوتای ئاستی خوێندەواری دایکان و باوکانی قوتابیان:

توێژەر ئاستی ئەکادیمی دایکان و باوکانی گروپی ئەزموونی و کۆنترۆڵکاری دیاریکرد و دابەشیکرد بۆ شەش ئاست کەبریتین لە:- ( بێ بڕوانامە ، سەرەتایی ، ناوەندی ، ئامادەی ، دبلۆم ، بەکالۆریۆس بەسەرەوە )، زانیارییەکانی لەشێوەی فۆڕمێک لە قوتابیانی هەردوو کۆمەڵەی توێژینەوەکە وەرگرت بە هاوکاری لەگەڵ ئیدارەی قوتابخانەکەدا، پاشان کای دووجای ( کا2 ) لەگەڵ داتاکان بەکارهێنا و بەدەرکەوتنی ئەنجامی بەهای ( کا2 ) دەرکەوت کەهەردوو گروپ هاوتان لەم گۆڕاوانەدا بڕوانە خشتەی ( 6 ).

**خشتەی ( 6 ) ئەنجامی کای دووجایی ئاستی خوێندەواری و دایکان و باوکانی قوتابیان:**

<table dir="rtl">
<tr><th rowspan="2">گروپ</th><th colspan="6">ئاستی خوێندەواری دایکان</th><th colspan="2">بەهای کای دووجایی</th><th rowspan="2">دەلالەت لەئاستی (0,05)</th></tr>
<tr><th>بێ بڕوانامە</th><th>سەرەتایی</th><th>ناوەندی</th><th>ئامادەیی</th><th>دبلۆم</th><th>بەکالۆریۆس بەسەرەوە</th><th>دەرهێنراو</th><th>خشتەیی</th></tr>
<tr><td>ئەزمونگەری</td><td>5</td><td>4</td><td>7</td><td colspan="3">6</td><td rowspan="2">0,948</td><td rowspan="2">2,776</td><td rowspan="2">جیاوازی مانادار نییە</td></tr>
<tr><td>کۆنترۆڵکار</td><td>4</td><td>3</td><td>9</td><td colspan="3">6</td></tr>
<tr><th rowspan="2">گروپ</th><th colspan="6">ئاستی خوێندەواری باوکان</th><th colspan="2">بەهای کای دووجایی</th><th rowspan="2">دەلالەت لەئاستی (0,05)</th></tr>
<tr><th>بێ بڕوانامە</th><th>سەرەتایی</th><th>ناوەندی</th><th colspan="3">ئامادەیی دبلۆم بەکالۆریۆس بەسەرەوە</th><th>دەرهێنراو</th><th>خشتەیی</th></tr>
<tr><td>ئەزمونگەری</td><td>5</td><td>7</td><td>6</td><td colspan="3">4</td><td rowspan="2">0,838</td><td rowspan="2">3,182</td><td rowspan="2">جیاوازی مانادار نییە</td></tr>
<tr><td>کۆنترۆڵکار</td><td>8</td><td>6</td><td>5</td><td colspan="3">4</td></tr>
</table>

***تێبینی: ئەو خانانەی لە (5) کەمترن لەگەڵ خانەی نزیک لە ئاستی خوێندەوای یەکخراون.**

**خشتەی ( 6 ) ئاستی خوێندەواری دایک و باوک دەنوێنێت، بەهای ( کای ) بۆ هەردوو گروپ لە ئاستی ئەکادیمی دایک (0,948) بچوکترە لە بەهای خشتەی (2,776)، لەئاستی بەڵگەداری (0,05 ) پلەی ئازادی (4)، وە بەهای (کای ) بۆ ئاستی ئەکادیمی باوکانی گروپەکان بریتیە لە (0,838) کەمترە لە بەهای خشتەی (3,182)، لەئاستی بەڵگەداری ( 0,05 ) پلەی ئازادی (3) واتە هەردوو گروپ لەم گۆڕاوانەدا هاوتان.**

## 6-3 ئامڕازەکانی توێژینەوە ( أدوات البحث ):

**لە توێژینەوەی زانستیدا چەند ئامڕازێک بۆ کۆکردنەوەی داتاو زانیاری هەیە، هیچ ئامڕازێک نییە بۆ هەموو توێژینەوەکان ببێت، بۆ هەر توێژینەوەیەک ئامڕازێکی گونجاوی هەیە مەرج نییە بۆ هەموو توێژەرێک دەست بدات. ئامڕازی کۆکردنەوەی داتاو زانیارییەکان لە توێژینەوەیەکەوە بۆ توێژینەوەیەکی تر دەگۆڕێت و بەندە بەئامانج و سروشتی توێژینەوەکە و جۆری سامپڵەکە (بۆکانی، 2016: 148).**

**توێژەر دوو ئامڕازی ئامادەکرد بۆ جێبەجێکردن و بەدەستهێنانی ئامانج و گریمانەکانی توێژینەوەکە، ئەوانیش ( پێوەری پاڵنەری فێربوون و تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن ).**

## 1-6-3 ئامادەکردنی پێوەری پاڵنەری فێربوون:

**توێژەر بەمەبەستی پێوانی پاڵنەری فێربوون ئەم هەنگاوانەی خوارەوەی گرتەبەر بۆ ئامادەکردنی پێوەری پاڵنەری فێربوون:-**

**1_ سوود وەرگرتن لەو پێوەرانەی کە لە توێژینەوەکانی پێشوو بەکارهاتوون و لەم توێژینەوەیە ئاماژەیان پێدراوە، وەک توێژینەوەکانی (عبدالكريم، 2011 ، صابر، 2012 ، حمەقازی، 2016، سارة، 2020، السعدی، 2019).**

**2_ سەرچاوە زانستییەکان وەک خوێندنەوەی ئەو پەرتوکانەی کە باس لەپاڵنەرو بەدەستهێنانی دەکەن.**

**3_ ڕاوێژکردن بە شارەزایان و پسپۆڕانی بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن.**

**لەژێر ڕۆشنای ئەم هەنگاوانەی سەرەوە توێژەر پێوەرێکی سەرەتایی ئامادەکرد کە پێکهاتبوو لە ( 34 ) بڕگە بەپێی لیکەرتی سێی.**

**3-6-2 ڕاستگۆی پێوەر :** مەبەست لە ڕاستگۆی واتە ئەو پێوەرەی ئامادەکراوە لە واقعدا دەبێت خەسڵەتەکانی ئەو دیاردەیە بپێون کەبۆی ئامادەکراوە (Kubiszyn, Borich, 2003: 57).

**أ _ ڕاستگۆیی ڕووکەشی**

بەمەبەستی بەدەستهێنانی ڕاستی ڕووکەشی پێوەر، توێژەر شێوە سەرەتاییەکەی دایە لیژنەیەکی بڕیاردەران لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن و مامۆستایانی بواری پەروەردە و پسپۆڕانی بواری مێژووی کۆن و شوێنەوار، پاشکۆی (4 ) پاش گەڕانەوەی پێوەرەکە، توێژەر پشتی بەست بەڕێژەی ڕازیبوونی ( 80%) بەسەرەوەی بڕیاردەران لەسەر هەردەستەواژەیەک بە بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی و هاوکێشەی جی کۆپەر (32 ) دەستەواژە ڕێژەی ڕازیبوونی لە ( 80%) بە سەرەوەیان بەدەستهێنا و پەسەندکران ئەو ڕەخنەو پێشنیارانەی کە کرابوون لەڕووی داڕشتنەوەی زمانەوانی دەستەواژەکان ڕەچاوکرد و ئەو ( 2 ) دەستەواژەشی لابرد کە بڕیاردەران لەسەری ڕازی نەبوون پاشکۆی ( 11 )، بەم جۆرە دروستی ڕواڵەتی پێوەر داپینکرا.

**ب_ ڕاستی وەرگێڕان :**

توێژەر هەستا بە وەرگێرانی ئەو بڕگانەی بە زمانی عەرەبی وەریگرتبوون وەک بەشێک لە ئامادەکردنی پێوەرەکە بۆ ئەوەی ڕاستگۆی وەرگێڕانی پێوەرەکە دەربخات بەم شێوەیەی خوارەوە.

خستنەڕووی ئەو بڕگانەی کە بەزمانی عەرەبی بۆ پسپۆڕیکی زمانی کوردی و بۆ ئەوەی پێوەرەکە وەرگێریتە سەر زمانی کوردی و پاشان پیشاندانی پێوەرە وەرگێڕدراوەکە بۆ پسپۆڕێکی زمانی عەرەبی بۆ وەرگێڕانی بۆ سەر زمانی عەرەبی.

توێژەر بەراوردی برگە سەرەکییەکان بە وەرگێڕانەکە کردن و بەمەش توێژەر دڵنیابوو لە ڕاستگۆی وەرگێڕانەکە، کەهەردوو پێوەرەکە وەک یەکن پاشکۆی ( 5 ).

**3-6-3 تاقیکردنەوەی هەڵسەنگاندن بۆ پێوەر:**

بەمەبەستی زانینی ڕوونی و تێگەیشتن لە بڕگەکانی پێوەرەکە و دیاریکردنی کاتی پێویست و لەوەڵامدانەوەی برگەکانی پێوەرەکە، و سەرەڕای دەرخستنی هێزی جیاکەرەوەی برگەکان و پەیوەستی ناوخۆی بڕگەکان، توێژەر

پێوەرەکەی بەسەر قوتابیانی پەیپێبرد دابەشکرد کە ( 100 ) قوتابی بوون لە قوتابخانەی (ناوشاخانی بنەڕەتی) لە سێ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بەم شێوەیە دەرکەوت زمانی دارشتنی برگەکان روون بوون و کاتی وەڵام دانەوەش ( 28) خولەک بوو پاشکۆی (25).

### 4-6-3 شیکردنەوەی ئاماری برگەکانی پێوەر:

#### 1-4-6-3 هێزی جیاکەرەوەی برگەکانی پێوەر:

پاش زانینی وەڵامی قوتابیان توێژەر نمرەکانی لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە ریزکردن، پاشان توێژەر هاوکێشەی جیاکردنەوەی گروپەکانی کۆمەڵەی بەرزترین و کۆمەڵەی نزمترین بەکارهێنا بۆ دیاریکردنی ئەو گروپەی کە بەرزترین و نزمترین نمرەیان بەدەستهێناوە، رێژەی ( 27%) ی نمرەی سەرەوە کە بەرزترین نمرەن، رێژەی ( 27% ) نمرەی خوارەوە کە نزمترین نمرەن هەڵبژارد کەدەیانکردە ( 54 ) نمرە تاقیکردنەوەی ( T.test) بۆ دوو نموونەی سەربەخۆی یەکسان بۆ هەر برگەیەک لە برگەکان بەکارهێنا، لەئەنجامدا دیاربوو کە بەهای ( T.test) دەرهێنراو بۆ هەر دەستەواژەیەک دەکەوێتە نێوان (12،163_ 2,738)، گەورەترن لە بەهای خشتەیی ( 2,021 ) لەئاستی ( 0,05 ) بەپلەی ئازاد ( 52 )، ئەمەش مانای ئەوەیە کە جیاوازی ماناداری ئاماری لە نێوان ناوەندە ژمێری گروپی سەرەوەو گروپی خوارەوە لەسەر هەر دەستەواژەیەک نییە و هێزی جیاکەرەوەیان هەیە، پاشکۆی ( 12 )،(الخفاجي و العتابي، 2015: 153_155).

_ **راستگۆی پەیوەستی ناوخۆیی برگەکانی پێوەر:** بەمەبەستی دۆزینەوەی پەیوەندی هەموو برگەکانی پێوەر بە یەکترو نمرەی گشتی پێوەر، توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسون بۆ هەریەک لەبرگەکانی پێوەر لەسەر وەڵامی نموونەی بەدەر لە نموونەی توێژینەوەکە کە پێکهاتبوو لە ( 100 ) قوتابی پۆلی حەوتەم لە قوتابخانەی ( ناوشاخانی بنەڕەتی ) لە ئەنجامدا دیاربوو کە نرخەکان دەکەوێتە نێوان (0،821_ 0,236) هەموو برگەکان پەیوەندیان بەهێزە بە کۆی برگەو نمرەی گشتی پێوەرەکە وەک لە پاشکۆی ( 13 ) رونکراوەتەوە (الطريري، 1997: 263_264).

### 3-6-5 نەگۆڕی پێوەر:

مەبەست لە نەگۆڕی بەدەستهێنانەوەی هەمان ئەنجام یان نزیک بەو ئەنجامەی کە پێشتر لە یەک جۆر تاقیکردنەوەدا بەدەست هاتووە بەسەر هەمان کۆمەڵدا لەدوو کاتی جیاوازدا (الطريري، 1997: 180).

بەمەبەستی نەگۆڕی پێوەر توێژەر ڕێگای دووبارە تاقیکردنەوەی بەکارهێنا بەسەر هەمان نموونەی پەیپێبرد کە ( 100) قوتابی بوون لە قوتابخانەی ( ناوشاخانی بنەڕەتی ) لەپاش ( 18 ) ڕۆژ، دیاریکردنی ئەم ماوەیەش بەمەبەستی لە بیرچونەوەی وەڵامەکانیان بوون تاوەکو زیاتر جێگیری پێوەرەکە دەربکەوێت، پاش گەڕانەوەی وەڵامەکان توێژەر خستنیە ژێر چارەسەری ئاماری بە بەکارهێنانی دوو هاوکۆلکە ئەوانیش هاوکۆلکەی (پەیوەندی پێرسوون )، هاوکۆلکەی پەیوەندی ( کندال )، پاشان بەهای نەگۆڕی بۆ هاوکۆلکەی پێرسوون دەرکەوت کە (883 ,0) بوو، وە بۆ هاوکۆلکەی کندال ( 714 , 0 ) بوو کە گونجاوە بۆ بەکارهێنانی پێوەرەکە پاشکۆی ( 14 ).

بەم شێوەیە پێوەر شێوەی کۆتای وەرگرت کە ( 32 ) بڕگە بوو کە بەرامبەر هەر بڕگەیەک سێ بڕێت بەدیلی هەیە نمرەیشیان لە نێوان ( 3 . 2 . 1 ) و ( 1 . 2 . 3 )، نمرەن وەک لەخشتەی ( 8 ) دیارە.

**خشتەی ( 7 ) دابەشکردنی نمرەکان بۆ بڕگەکانی پێوەر**

| بڕگە | بەپلەیەکی بەرز بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت | بەپلەیەکی نزم بەسەرمدا جێبەجێ دەبێت | بەسەرمدا جێبەجی نابێت |
|---|---|---|---|
| ئەرێنی | 3 | 2 | 1 |
| نەرێنی | 1 | 2 | 3 |

### 3-6-2 تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن

مەبەست لە تاقیکردنەوەی دەستهات بریتییە لە کۆمەڵێک پرسیار و ڕەفتار لە ناوەرۆکی بڕیار لێدراوی خوێندن، بە مەبەستی زانینی چەندێتی جێبەجێبوونی ئامانجە ڕەفتارییەکان (مجيد، 2006: 29-30).

یان بریتیە لە کۆمەڵێک پرسیار لە بابەتی خوێندراو بەمەبەستی پێوانی ئاستی قوتابیان و دەرخستنی ڕادەی گونجاوی بابەت و ڕێگاو شێوازەکانی وانەوتنەوە و سەرکەوتنیان لە پرۆسەی پەروەردەو فێرکردندا سەرەڕای دەرخستنی کێشەکانیان و چارەسەرکردنیان. (Seguin, 1993: 90).

**توێژەر تاقیکردنەوەی خوێندنی بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئامادەکرد :-**

**3-6-2-1 دەستنیشانکردنی بابەتی خوێندن:**

**لە بەشی مێژووی پەرتوکی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی (9) بابەت دیاریکران بۆ خوێندن لە ماوەی جێبەجێکردنی ئەزموونییەکە بۆ قوتابیانی هەردوو گروپی توێژینەوە.**

**خشتەی ( 8 )، بابەتی خوێندراو لە ماوەی ئەزمووندا و ژمارەی لاپەڕەکانیان:**

| ژمارە | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| 1 | سەرچاوەکانی مێژوو | 1 |
| 2 | چاخە کۆنەکان / چاخەکانی پێش نوسین | 5 |
| 3 | چاخە مێژووییەکان | 4 |
| 4 | میللەتە دێرینەکانی باشوری دۆڵی ڕافیدەین | 13 |
| 5 | میللەتە دێرینەکانی کوردستان | 11 |
| 6 | شوێنەوارە دێرینەکانی کوردستان | 5 |
| 7 | ئێران لەسەردەمی ئەخمینییەکان ( هەخامەنشینییەکان ) | 6 |
| 8 | ئێران لەسەردەمی فورثیەکان ( ئەشکانییەکان ) | 4 |
| 9 | ئێران لەسەردەمی ساسانییەکان | 4 |
| | کۆی گشتی | 53 |

**3-6-2-2 هەڵهێنجان و داڕشتنی ئامانجەکان**

**مەبەست لە ئامانجە ڕەفتارییەکان لە بواری پەروەردەدا بریتیە لە و گۆڕانە پێشبینیکراوەی کە لەتاکدا دەویسترێت بەدیبهێنرێت لە بابەت وکاتێکی دیاریکراودا بەپێی ئاستی پێگەیشتنی قوتابییان(الكوافحه، 2003: 126-127).**

**بەپێی ناوەڕۆکی هەر بابەتێکی خوێندن و بەگوێرەی چوار ئاستی پۆلێنکردنی ( بلۆم ) لە بواری مەعریفیدا، توێژەر ئامانجی ڕەفتاری داڕشتوە کە سەرجەمیان بریتی بوون لە ( 118 ) ئامانج، بۆ مەبەستی دڵنیابوون لە گونجاوی هەڵهێنجان و دارشتنی ئامانجەکان و دروستی پۆلێنکردنیان بەسەر ئاستەکان، توێژەر لیستی ئامانج و ناوەڕۆکی بابەتەکەی خستەبەردەست لیژنەیەکی پسپۆڕی بواری پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەوتنەوە و پسپۆڕانی مێژوو بەپێی هاوکێشەی ( جی کۆپەر ) هەرئامانجیک لەو ئامانجانە ڕێژەی رازیبوونی لە ( 80% ) زیاتری ڕەزامەندی وەربگرێ پەسەند دەکرێ، پاش بەکارهێنانی هاوکێشەکە و دەرهێنانی ڕێژەی سەدی، ئەوەبوو ( 111 ) ئامانج ڕێژەی ( 80% ) و زیاتری بەدەستهێنا کە( 38 ) ئامانج لە ئاستی بیرهاتنەوە بوون، و ( 41 ) ئامانج لە ئاستی**

( تێگەیشتن ) و ( 19 ) ئامانج لە ئاستی ( پڕاکتیک ) و ( 13 ) ئامانج لە ئاستی شیکردنەوە بوون، لەگەڵ ڕەچاوکردنی هەموو ئەو تێبینییانەی کە تایبەت بوون بەلایەنی زمانەوانی و شێوەی داڕشتنەوەی ئامانجەکان ئەو ئامانجانەشی کە پەسەند نەکران دوورخرانەوە پاشکۆی ( 15 ).

3-2-6-3 **ئامادەکردنی *خشتەی تایبەتمەندی*:** خشتەی تایبەتمەندی بریتیە لە نەخشەیەک بۆ دانانی پرسیار بەپێی ئامانجی ڕەفتاری و گرنگی ناوەڕۆک بەمەبەستی ئەوەی پرسیار بەپێ ڕێژەی ئامانج و گرنگی ناوەڕۆکی خوێندن بهێنرێتەوە، سەرەڕای دانانی نمرە بە شێوەیەکی ڕێکوپێک بۆ هەرپرسیارێک لە پرسیارە دابەشبووەکانی خشتەکە( الفقی، 2014: 194 ). **بڕوانە *خشتەی* (10).**

4-2-6-3 **تویژەر *خشتەی* تاقیکردنەوەی بەپێی ئەم ڕێکارانەی خوارەوە دانا:-**

**أ- دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆک:** بەپێی دیاریکردنی ناوەڕۆکی هەر بەندێکی بابەتی خوێندن بەرامبەر بە گرنگی هەموو بەندوو بابەتەکان کە لە ئەزمووندا دەخوێندرێن بەپێی ئەم هاوکێشەیە:-

$$\text{ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆک} = \frac{\text{ژمارەی لاپەڕەی هەر بەندێکی بابەتی خوێندن}}{\text{کۆی لاپەڕەکانی بابەتەکان}} \times 100$$

**ب- دەرهێنانی ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان:** بەڕەچاوکردنی ڕێژەی گرنگی هەرئاستێک لە ئاستەکانی، ئامانجەکانی ( بیرهێنان ، تێگەیشتن ، جێبەجێکرن ، شیکردنەوە ) لەچاوگرنگی کۆی ئامانجەکان بەم هاوکێشەی خوارەوە:-

$$\text{ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەفتاری لەهەرئاستیکدا} = \frac{\text{ژمارەی ئامانجی ڕەفتاری لەهەرئاستێکدا}}{\text{ژمارەی گشتی ئامانجە ڕەفتارییەکان}} \times 100$$

(مخائیل، 2015: 135-136).

**ج - دیاریکردنی ژمارەی دەستەواژەکانی تاقیکردنەوە:** توێژەر دەستەواژەکانی تاقیکردنەوەی بە ( 30 ) دەستەواژە دیاریکرد کە دەگونجێن لەگەڵ پۆلی خوێندن و بابەت و ماوەی ئەزموون، سەرباری تەماشاکردنی هەندێ توێژینەوەی هاومەبەستی نزیک لەم توێژینەوە کە دەستەواژەکانی تاقیکردنەوەیان ئەوەندەیە یاخود لەمەوە نزیک بوون.

**دیاریکردنی ژمارەی دەستەواژە لە خانەکانی *خشتەی تایبەتمەندی* بەم هاوکێشەیەی خوارەوە بوو:-**

ژمارەی دەستەواژە لەخانە = ڕێژەی گرنگی ناوەڕۆک × ڕێژەی گرنگی ئامانجە ڕەفتارییەکان × ژمارەی گشتی دەستەواژەکانی تاقیکردنەوە (الجلبی، 2005: 235 -236).

### د- دیزاینکردنی خشتەی تایبەتمەندی:

بەپێی ڕێکارەکان کە لە سەرەوە خرانەڕوو، توێژەر خشتەی تایبەتمەندی دیزاینکرد بڕوانە خشتەی (9).

خشتەی(9)خشتەی تایبەتمەندی بۆ تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن:

| بەندی بابەتەکان | ی لاپەڕە | گرنگی ناوەڕۆک | ڕێژەی گرنگی ئامانجی ڕەفتاری | | | | کۆی پرسیارەکان | کۆی ئامانجەکان |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | بیرهێنان %34 | تێگەیشتن %37 | جێبەجێ کردن %17 | شیکردنەوە %12 | | |
| بەندی یەکەم | 23 | 43 | 4 | 5 | 2 | 2 | 13 | 38 |
| بەندی دووەم | 11 | 21 | 2 | 2 | 1 | 1 | 6 | 41 |
| بەندی سێیەم | 5 | 10 | 1 | 1 | 1 | - | 3 | 19 |
| بەندی چوارەم | 14 | 26 | 3 | 3 | 1 | 1 | 8 | 13 |
| کۆ | 53 | %100 | 10 | 11 | 5 | 4 | 30 | 111 |

- ناتەواوەکان نزیککراونەتەوە بۆ ژمارەی نزیک بەخۆیان.

### هـ - بەندەکانی تاقیکردنەوە:

بەپێی ڕێکارەکانی پێشوو، توێژەر تاقیکردنەوەیەکی ئامادەکرد لە دوو جۆر پرسیار پێکهاتبوو و پرسیاری یەکەم جۆری هەڵبژاردن، کە ( 25 ) پرسیار بوو، پرسیاری دووەم، لە جۆری گوتاری وەڵام سنوردار کە ( 5 ) پرسیار بوون کۆی پرسیارەکان ( 30 ) پرسیار بوون.

**توێژە خەسڵەتە سایکۆمەترییەکانی تاقیکردنەوەکەی بەم شێوەیەی خوارەوە دەرهێنا .**

### 5-2-6-3 ڕاستێتی تاقیکردنەوە :

ڕاستێتی و دروستی تاقیکردنەوەکان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەو مەبەستەوە هەیە کە تاقیکردنەوەکەی لەپێناودا ئامادەکراوە، بەمەبەستی زانینی ڕاستێتی پێوانەکردنی ئەوە دیاردەیەیی یان ئەو ڕەفتارەی کە بۆی ئامادەکراوە (المخائیل، 2016: 163).

## 6-2-6-3 ڕاستێتی ڕووکەشی (الصدق الظاهري) Face Validity :

بەمەبەستی دەرهێنانی ڕاستێتی تاقیکردنەوە، توێژەر ناوەڕۆک و لیستی ئامانجە ڕەفتارییەکانی هاوپێچی دەقی تاقیکردنەوە کردوو خستیە بەردەست لیژنەیەکی پسپۆڕ لە بواری پەروەردە و دەروونناسی و ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن و بواری پسپۆڕانی مێژووی کۆن، پاش گەڕانەوەی تاقیکردنەوەکە و بەکارهێنانی ڕێژەی سەدی بە پشت بەست بەڕێژەی لە ( 80% ) و زیاتری بڕیاردان بۆ هەربەندێکی لە تاقیکردنەوە، دەرکەوت کە هەر بەندێک ئەم ڕێژەیان بەدەستهێناوە، توێژەر ئەو تێبینیانەی ڕەچاوکرد کە تایبەت بوو بە بەزمان و شێوازی داڕشتنەوەی بڕگەکان بەم جۆرە ڕاستێتی و دروستی ڕواڵەتی تاقیکردنەوەکە دابینکرا پاشکۆی ( 4 ).

ڕێژەی سەدی : بەمەبەستی دیاریکردنی ڕێژەی بڕیاردەران.

س : ژمارەکان .

مج س : کۆی ژمارەکان .

ن : ژمارەی ژمارەکان .

$$م = \frac{مج\ س}{ن}$$

(عمیرە، 1989: 27)

## 7-2-6-3 ڕاستێتی ناوەڕۆک:

دانانی پرسیار بەپێی ئامانج و گرنگی ناوەڕۆک بەپێی خشتەی تایبەتمەندی ڕاستێتی ناوەڕک دابین کرا، سەرەڕای پشت بەستن بەچەند ڕێگایەکی ئاماری پلەی ئاسانی و گرانی و هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکان و کارایی بەدیلەکانی هەڵەی جۆری پرسیاری هەڵبژاردن جێبەجیکرا بۆ ئەوەی هەریەک لە پرسیارەکان بە ئەرکەکەی خۆی هەستێت لە جیاکەرەوەی قوتابییانی ئاست بەرزو نزم.

## 8-2-6-3 ماوەی تاقیکردنەوە:

دیاریکردنی ماوەی تاقیکردنەوە ئەزموونکردنێکی پێشوەختەیە و گرنگی خۆی هەیە، لە هەڵسەنگاندن و ڕاستکردنەوەی ڕێکارەکانی تاقیکردنەوە، چونکە هەر کەموکوڕیەک لە جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە هەبێت دەتوانرێت چارەسەر بکرێت، ڕادەی گەیشتن بەئامانجەکانی تاقیکردنەوەکە ڕوندەکرێتەوە (باهی و الازهری، 2006: 108). توێژەر تاقیکردنەوەکەی لەسەر نمونەی پەیپێبرد ئەنجامدا، کەبەشێوەیەکی هەڕەمەکی هەڵبژێردرابوون لە( قوتابخانەی ملکەوەی بنەڕەتی)، بەوەرگرتنی ( 100 ) قوتابی لە چوار پۆلی حەوتەمی بنەرەتی کە هەمان بابەتەکانی

تاقیکردنەوەیان خوێندبوو، پاشکۆی (26)، دوای هەڵەچنی وەڵامەکان و ریزکردنییان لە بەرزترین نمرەوە بۆ نزمترین نمرە، توێژەر ڕێژەی ( 27% )ی بەسەرەوە کە نمرە بەرزەکانن و ڕێژەی ( 27%)ی خوارەوە کە نمرە نزمەکانن وەرگرت.

**هاوکێشەی جیاکردنەوەی هەردوو گروپی بەرزترین و نزمترین نمرە**

$$\frac{\text{قوتابیانی تێستکراو} \times 27}{100}$$

(الیعقوبی، 2013: 108)

**-3-6-2-9 شیکردنەوەی ئاماریی بەندەکانی تاقیکردنەوە:**

بەمەبەستی زانینی ئاستی گرانی و ئاسانی بەندەکانی تاقیکردنەوە هێزی جیاکەرەوەو ڕوونی داڕشتن و ڕێنمای وەڵامدانەوەی تاقیکردنەوە و کاتی پێویست لە دوای جێبەجێکردنی تاقیکردنەوەکە بەسەر نموونەی پەیپێبرد توێژەر شیکاری ئاماری بەندەکانی تاقیکردنەوەکەی کرد.

$$\text{ماوەی تاقیکردنەوەکە} = \frac{\text{ماوەی لەسەر خۆترین قوتابی} + \text{ماوەی خێراترین قوتابی}}{2} \quad \frac{32+48}{2} = 40$$

( 40 ) خولەک ماوەی تاقیکردنەوەکەیە .

## 10-2-6-3 هاوکۆڵکەی گرانی بڕگەکان (معامل صعوبة الفقرات) Item difficulty Equation:

مەبەست لەئاستی گرانی ئەو ئاڵۆزیەییە کە قوتابی لە وەڵامی دروستی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەکە ڕووبەڕووی دەبێتەوە، ئەگەر پرسیارێک لەلایەن زۆرترین قوتابییەوە نەتوانرا وەڵام بدرێتەوە، ئەوا بە گران دادەنرێت بە پێچەوانەوەشەوە ڕاستە( الزاملی واخرون، 2009: 368 ).

بۆدەرهێنانی هەربەندێک لە بەندەکانی تاقیکردنەوەکە توێژەر هاوکێشەی ئاستی گرانی بەکارهێنا و دەرکەوت کە ئاستی جۆری بابەتی دەکەویتە نێوان ( 59 , 0 - 74 , 0 )، ئاستی گرانی جۆری گوتاری وەڵام سنوردار

دەکەوێتە نێوان ( 55, 0 - 74 , 0 )، ئەمەش مانای وایە کە ئاستی گرانی هەموو بەندەکان پەسەندن، چونکە ئەگەر ئاستی گرانی هەر بڕگەیەکی تاقیکردنەوە کەوتە نێوان ( 30, 0 - 80 , 0 ) بەپەسەند دادەنرێت (مراد و سلیمان، 2005: 212) پاشکۆی ( 16 ).

## 3-6-2-11 هێزی جیاکەرەوەی بڕگەکانی تاقیکردنەوە (قوة التمييز للفقرات) Discrimination Item Power:

هێزی جیاکردنەوەی بڕگە مەبەست لێی هەربڕگەیەک لە بڕگەکانی تاقیکردنەوە جیاوازی بکات لە نێوان قوتابیانی ئاست بەرزو ئاست نزمدا لە تاقیکردنەوە (الفقی، 2014: 198). پاش ئەوەی توێژەر هێزی جیاکەرەوەی بەندەکانی تاقیکردنەوەی دەرهێنا دەرکەوت کە هێز بۆ بەندەکانی جۆری بابەتی لەنێوان ( 33 , 0 - 48 , 0 ) دایە، بۆ بەندەکانی پرسیاری جۆری گوتاری لەنێوان ( 40 , 0 - 51 , 0 ) دایە واتە هێزی هەموو بەندەکانی تاقیکردنەوە پەسەندە چونکە هێزی بەند بەپەسەند دادەنرێت ئەگەر لە نێوان ( 32, 0 - 73 , 0 ) بەپەسەند دادەنرێت پاشکۆی ( 16 )، (الحسناوی2019، 98).

## 3-6-2-12 کارایی جێگرەوەکانی هەڵە (فعالية البدائل الخاطئة) Effectiveness of alternative distracters:

کارای هەریەک لە جێگرەوە هەڵەکان کاریگەری لەسەر وەڵامی قوتابیان ئەبێت، بۆیە توێژەر پێویستە جێگرەوەیەک هەڵبژێری کە سەرنجڕاکێش بێت و گونجاو بێت لەگەڵ ئاسی قوتابی و بابەتی خوێندن، بۆ ئەوەی بە ڕۆڵە مەبەستدارەکەی خۆی هەڵبستێت، بۆیە توێژەر هەستا بە بەکارهێنانی هاوکێشەی جێگرەوەی هەڵەکان لەسەر بنەمای هەژمارکردنی قوتابیانی هەردوو گروپی بەرز و نزم ئەوانەی کە جێگرەوەی هەڵەیان هەڵبژاردووە، بەڕەچاوکردنی کارایی جێگرەوەیەک لە جێگرەوەی هەڵە بۆ هەربڕگەیەکی پرسیارو بە پەسەندکردنی ئەگەر گروپی خوارەوە ( نمرە نزمەکان ) زۆرتر بێت لە قوتابیانی گروپی سەرەوە ( نمرە بەرزەکان )، ئەم جیاوازیەش ( 5% ) کەمتر نەبێ و ئەنجامی هەریەکەیان بە نەگەتیڤ (سالب) دەربچێت. توێژەر هاوکێشەی کارایی هەموو جێگرەوەکانی هەریەک لە بڕگەکانی پرسیاری جۆری هەڵبژاردنی دەرکرد، بۆی دەرکەوتن هەموویان گونجاون و سەرنجڕاکێشن ( مرسی، 1994: 211) پاشکۆی ( 17 ).

## 13-2-6-3 جێگیری تاقیکردنەوە (ثبات الاختبار) Test Reliability :

مەبەست لە جێگیری واتە تاقیکردنەوەکە هەمان ئەنجام یان ئەنجامێک نزیک بەو ئەنجامە بپێوێت ئەگەر زیاتر لە جارێک دووبارە بکرێتەوە بەسەر هەمان نموونەدا لە دووکاتی جیاوازدا لە دوو بۆ سێ هەفتە کەمتر نەبێت مانای جێگیری تاقیکردنەوەکە دەگەیەنێت (عبیدان واخرون، 1984: 153).

بۆ دەرهێنانی جێگیری تاقیکردنەوەکە توێژەر دوو هاوکۆلکەی بەکارهێنا ئەوانیش(ئەلفاکرونباخ)و ڕێگای بەنیوەکردن لەڕێگەی هاوکۆلکەی سپیرمان براون ( Sperman – Brown Coefficient)، دوای پڕاکتیزەکردنی هاوکێشەکە بەسەر نمرەکانی نموونەی پەیپێبرد کە ( 54 ) نمرەن بەهای جێگیری (0, 863) بەهاوکێشەی ئەلفاو، پاش ڕیزکردنی وەڵامی پرسیارەکان بەشێوەی تاک و جووت بەهای نەگۆڕی (0, 886 ) بوو بە ڕێگای بەنیوەکردن لە ڕێگەی هاوکۆلکەی سپیرمان براون ( تجزئە النصفیە سپیرمان براون )، کە نرخێکی پەسەندە بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوانە.

بەم شێوەیە تاقیکردنەوەکە شێوەی کۆتای وەرگرت کە لە ( 30 ) دەستەواژە پێک دێت و نمرەکەیشی لەنێوان ( 0 - 35 ) نمرەدابوو پاشکۆی ( 18 ).

## 7-3 ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوە ( إعداد خطة التدریسیة ) Preparing a teaching plan:

پرۆسەیەکە لە دانانی پلانی بابەتەکانی خوێندن، مامۆستا پێش ماوەیەکی دیاریکراو دایدەنێت بۆ پێشکەشکردنی وانەکە لە پۆلدا، ئەم پلانە توخمە بنەڕەتییەکان لە خۆدەگرێت وەک ناساندنی بابەت، ئامانجەکان، ئامرازەکان، ئەرکی ماڵەوە، و هەڵسەنگاندن...هتد. بۆیە دانانی پێویستی بەکارامەیی هەیە لە وتنەوەی هەر بابەتێکی خوێندن (علی، 1992: 203).

توێژەر پلانی بابەتەکانی ئەزموونی دانا، بە پێی ستراتیژیی کارتەکراوەکان و ڕێگای ئاسایی کە ( 21 ) پلانی وانەوتنەوە بوون لەو بابەتانەی کەلە ئەزمووندا دەخوێندرێن، نموونەی پلانێکیش خرانە بەردەم مامۆستایانی پسپۆڕی پەروەردەیی لە بواری ڕێگاکانی وانەوتنەوەو پێوانەو هەڵسەنگاندن لەبەر ڕۆشنای تێبینییەکانیان ڕاستکردنەوەی بۆ ئەنجامدراو ئامادەکران بۆ جێبەجێکردن، پاشکۆی ( 19 ).

## 8-3 ڕاستی و دروستی ناوەکی و دەرەکی دیزاینی توێژینەوە ( صدق الظاهری و المحتوی للتصمیم البحث) Virtual and Confidence of content for design of research

بریتین لە کۆنترۆڵکردنی هەموو ئەو گۆڕاوانەی کە پەیوەندیان بە پاراستنی ناوەکی و دەرەکی ئەزموونکردنی توێژینەوەکەوە هەیە هەندێکیان ناتوانرێت کۆنترۆل بکرێن و ڕاستەوخۆ پێوانە بکرێن، بەڵام توێژەر وا گریمانە دەکات کە کۆمەڵێک لەو گۆڕاوانە هەن و کار لەسەر ئەنجامی توێژینەوەکە دەبێت (Harper 2012: 123-124 ,Tuckman).

### ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕاستێتی ناوەکی و چۆنیەتی کۆنترۆلکردنیان:

- **جیاوازی هەڵبژاردن لە نێوان ئەندامانی توێژینەوە:** توێژەر توانی بەسەر ئەم هۆکارانەدا زاڵبێت بە پەیڕەکردنی شێوازی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی.
- **ڕووداوی لە ناکاو لاوەکییەکان:** لە کاتی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە هیچ ڕێگرییەکی بۆدروست نەبوو کە کاربکاتە سەر وەستاندن و ڕێگە لە بەردەوامبوونی بگرێت.
- **دابڕان و وازهێنانی ئەزموونی:** لە ماوەی ئەزموونەکەدا هیچ فوتابییەک لە هەردوو گروپی توێژینەوەکە وازیان نەهێناوە یان نەگوازراونەتەوە بۆ فوتابخانەیەکی تر. تەنها بوونی چەند ئامادەنەبونێک کە تاڕادەیەک یەکسان بوون بۆ هەردوو گروپ.
- **گەشەکردن:** هاوسەنگکردن لەنێوان هەردوو گروپ لەڕووی تەمەنیانەوە، وای کرد ئەم هۆکارە کارنەکاتە سەر ئەزموونەکە لەبەر ئەوەی گەشەکردن تاڕادەیەک یەکسان بوو بۆ هەردوو گروپ.
- **ئامرازی پێوانەکردن:** بەشێوەی یەکسان ئامرازی توێژینەوەکە بەکارهێنرا لەیەک کاتدا بۆ هەردوو گروپ بەتاقیکردنەوەی پاشەکی بۆ دەستهاتی خویندن و پاڵنەری فێربوون.

## - ئەو هۆکارانەی کاردەکەنە سەر ڕاستێتی دەرەکی و چۆنیەتی کۆنترۆڵکردنیان

**- کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لە بێ لایەنبوون لەهەڵبژاردنی نموونەی توێژینەوە:** توێژەر توانی بەسەر ئەم گۆڕاوەدا زاڵ بێت ئەویش بە هاوسەنگیکردن لەنێوان گروپەکانی تویژینەوەکەو پەیڕەوکردنی هەڵبژاردنی هەڕەمەکی لە نێوانیاندا.

**- نهێنی توێژینەوەکە:** توێژەر بە ڕێککەوتن لەگەڵ کارگێڕی قوتابخانەکەدا توانی نهێنی توێژینەوەکە بپارێزێت، ئەویش بەناساندنی توێژەر وەک مامۆستایەکی نوێی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرئەوەی کار لەسەر سەلامەتی و ووردی ئەنجامەکانی تویژینەوەکە دەبوو.

**- مامۆستا و بابەتی خوێندن:** توێژەر خۆی وانەی بە هەردوو گروپ دەوتەوە، سەرەرای ئەوەی لە ڕووی پێدانی بابەتەوە یەکسان بوون.

**- ماوەی ئەزموون:** تویژەر بە شێوەی یەکسان لەیەک کاتدا لە ڕێکەوتی ( 2022/2/7 دەستی کرد بەوانەوتنەوە بۆ هەردوو گروپ و، ( 3 ) وانەش لە هەفتەیەکدا بە هەردوو گروپ دەوتەوە . تا ڕێکەوتی ( 2022/ 4/14 بەردەوام بوو.

**- بیناو ژینگەی قوتابخانە:** ئەزموونەکە لەیەک قوتابخانە جێبەجێکرا کە هاوشێوەبوون لەڕووی ڕووبەرو ژینگەی ساردی و گەرمی و بوونی ئامرازەکانی وانەوتنەوە لە پۆلەکانی خوێندندا.

**- دابەشکردنی بەشە وانەکان:** بۆ زاڵبوون بەسەر ئەم هۆکارەدا بەشەوانەکان بەشێوەی یەکسان دابەشکران بەسەر هەردوو گروپدا کە ( 3 ) وانە بوو لەیەک هەفتەدا و وتنەوەی ئەو وانانەیش لەیەک ڕۆژبوو بۆ هەردوو گروپ بڕوانە خشتەی ( 11 ).

**خشتەی (10) دابەشکردنی بەشە وانەکان:**

| ڕۆژانی هەفتە | گروپی ئەزموونی | گروپی کۆنترۆڵکار |
|---|---|---|
| شەممە | وانەی یەکەم | وانەی چوارەم |
| یەک شەممە | _ | _ |
| دووشەممە | وانەی چوارەم | وانەی پێنجەم |
| سێشەممە | _ | _ |
| چوار شەممە | وانەی سێیەم | وانەی چوارەم |
| پێنج شەممە | _ | _ |

## 3-9 هەنگاوەکانی جێبەجێکردنی ئەزموونەکە (خطوات تطبيق التجربة): Experimintal implementation steps

بەپێی ئەم هەنگاوانەی خوارەوە توێژینەوەکە ئەنجامدرا:-

( 1 ) بەمەبەستی ئاستی جێگیری پێوەرو تاقیکردنەوەی دەستهات توێژەر بەم شێوەیە ڕێگاکانی جیبەجێکردنی گرتەبەر:-

_ لە ڕێکەوتی ( 16 / 12 /2021 ) تاقیکردنەوە بۆ پێوەری پاڵنەری فێربوون کرا لە نموونەی بەدەر لەنموونەی توێژینەوەکە بەمەبەستی جێگیری ( 100 ) قوتابی وەرگرتبوو لە قوتابخانەی ( ناوشاخانی بنەڕەتی ).

_ لە ڕێکەوتی ( 1/2 / 2022 ) بۆ جاری دووەم تاقیکردنەوە بۆ پێوەرە ئامادەکراوەکە ئەنجام درایەوە بەسەر هەمان نموونەی پێشوو.

_ لە ڕێکەوتی ( 10 /2022/4 ) تاقیکردنەوەی دەستهات ئەنجامدرا لە قوتابخانەی ( ملەکەوەی بنەڕەتی ) کە ( 100) قوتابی بوو بەمەبەستی جێگیری تاقیکردنەوەکە.

( 2 ) بە مەبەستی هاوتاکردنی گروپەکانی توێژینەوەکە توێژەر بەم شێوەیەی خوارەوە ئامڕازەکانی توێژینەوەکەی جێبەجیکرد:-

- ڕۆژی یەک شەممە ڕێکەوتی ( 2022/1/3 ) تاقیکردنەوەی مەعریفەی پێشوو ئەنجامدرا بۆ سێ گروپ بە مەبەستی هاوسەنگی.
- ڕۆژی سێ شەممە ڕێکەوتی ( 2022/1/4 ) تاقیکردنەوەی زیرەکی ( ڕاڤن ) بۆ هەردوو گروپ ئەنجامدرا .
- ڕۆژی پێنج شەممە ڕێکەوتی (2022/1/6 ) تاقیکردنەوەی پێشەکی بۆ پێوەری پاڵنەری فێربوون ئەنجامدرا لە هەردوو گروپی توێژینەوە.

( 3 ) جێبەجێکردنی ئەزموون و تاقیکردنەوەکان:

- ڕۆژی دوو شەممە ( 2022/2/7 ) دەستکرا بە ووتنەوەی وانە بۆ هەریەک لە گروپەکان.
- ڕۆژی پێنج شەممە ( 2022/4/14 ) کۆتای بە وانەوتنەوە هێنرا.
- ڕۆژی یەک شەممە ( 2022/4/17 ) تاقیکردنەوەی دووەم بۆ پێوەری پاڵنەری فێربوون کرا بۆ هەردوو گروپ لەیەک کاتدا.
- ڕۆژی پێنج شەممە (2022/4/21 ) تاقیکردنەوەی دەستهات ئەنجام درا بۆ هەردوو گروپ لەیەک کاتدا.

## 10-3 ئامرازە ئامارییەکان ( الوسائل الاحصائية ) Statistical Tools

(1)تاقیکردنەوەی تایی ( T .test ) بۆ دوو سامپڵی سەربەخۆی یەکسان :

**بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی هەردوو گروپ لە هەندێ گۆڕاو بۆ دەرهێنانی هێزی جیاکەرەوەی دەستەواژەکانی پێوەری پاڵنەری فێربوون.**

$$ت = \frac{\bar{س}_1 - \bar{س}_2}{\sqrt{\frac{ع_1^2 + ع_2^2}{ن - 2}}}$$

س1: ناوەندی ژمێرەی گروپی یەکەم .

س2: ناوەندی ژمێرەی گروپی دووەم .

$ع_1^2$: جیاوازی ( تباین ) ی گروپی یەکەم .

$ع_2^2$: جیاوازی ( تباین ) ی گروپی دووەم .

ن: ی تاکەکانی سامپڵی گروپەکان

(ابوالنیل، 1987: 231)

(2)کای دووجا ( کا2 )

**بۆ دەرهێنانی هاوسەنگی لە نێوان هەردوو گروپی لێکۆڵینەوە لەگۆڕاوی ئاستی خوێندنی دایکان و باوکانی قوتابیان :**

$$کا^2 = مج \frac{(ت ل - ت ق)^2}{ت ق}$$

مج : سەرجەم ( کۆ )

ت ل : دووبارەبونەوەی بینراو

ت ق : دووبارەبونەوەی پیشبینی کراو

(القصاص، 2007: 271)

**هاوكێشەی ئەلفاكرونباخ :** بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی تاقیكردنەوەی دەستكەوتی خوێندن بەكارهێنرا .

$$a=\frac{\text{ن}}{\text{ن}-1}\left(1-\frac{\text{مج ع}^2\text{ه}}{\text{ع}^2}\right)$$

ن : ژمارەی گشتی بڕگەكان .

مج $^2$عه : كۆی جیاوازی نمرەكانی هەر بڕگەیەك لەبڕگەكان .

$^2$عن : جیاوازی نمرەی گشتی لەهەرپیوەرێك یان تاقیكردنەوەیەك .

(علام، 2000: 165)

**هاوكۆلكەی سپیرمان براون:** بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی تاقیكردنەوەی دەستهاتی خوێندن بەكارهێنرا .

$$\text{ر}=\frac{\text{ك ر}_1}{1+(\text{ك}-1)\ \text{ر}_1}$$

ر : هاوكۆلكەی جێگیری هەموو تاقیكردنەوەكە

ر 1 : هاوكۆلكەی جێگیری نیوەی تاقیكردنەوەكە .

ك : ی بەشەكانی تاقیكردنەوەكە .

(عبدالرحمان، 2011: 95_ 96)

**هاوكۆلكەی ئاسانی بەندەكانی تاقیكردنەوە :** بۆ مەبەستی ئاستی ئاسانی بڕگەكانی تاقیكردنەوە بەكارهات.

$$\text{ص}=\frac{\text{مج ص ع (أ)}+\text{مج ص د(ب)}}{\text{مج افراد ع}+\text{مج افراد د}}$$

مج ص ع : كۆی وەڵامە ڕاستەكان لە گروپی سەرەوە .

مج ص د : كۆی وەڵامە ڕاستەكان لەگروپی خوارەوە .

مج افراد ع : ژمارەی تاكەكان لە گروپی سەرەوە .

مج افراد د : ژمارەی تاكەكان لەگروپی خوارەوە .

**هاوكۆلكەی قورسی بەندەكانی تاقیكردنەوە:** بۆ مەبەستی ئاستی قورسی بڕگەكانی تاقیكردنەوە بەكارهات.

هاوكۆلكەی قورسی بڕگە = هاوكۆلكەی ئاسانی بڕگە _ 1

**هاوكۆلكەی جیاكەرەوە بەندەكانی تاقیكردنەوە:** بە مەبەستی زانینی ئاستی هێزی جیاكەرەوەی بڕگەكانی تاقیكردنەوەكە لە جیاكردنەوەی قوتابیانی ئاست نزم و بەرزدا.

$$\text{ت}=\frac{\text{م ع}-\text{م د}}{\text{ك}^2\times 1}$$

ت : هاوكۆلكەی جیاكەرەوە .

م-ع : كۆی وەڵامە ڕاستەكان لەكۆمەڵەی سەرەوە .

م-د : كۆی وەڵامە ڕاستەكان لەكۆمەڵەی خوارەوە .

$1\times$ ك$^2$ : تاكەكانی هەردوو كۆمەڵەی سەروەو خوارەوە .

**کارایی جێگرەوەی هەڵە کان**: بە مەبەستی زانینی ئاستی سەرنج ڕاکێشی وگونجاوی هەرەیەک لە جێگرەوەی هەڵەکانی تاقیکردنەوەی دەستهات بەکارهات.

$$ف = \frac{مج\ ص\ ع\ U\ _\ مج\ ص\ ع\ L}{مج\ افراد\ ع + مج\ افراد\ د\ \ L+Nu \times 0.5}$$

ف= کارایی جێگرەوەی هەڵە .

مج ص ع U: کۆی قوتابیانی کۆمەڵەی سەرەوە کەبەدیلی هەڵەیان هەڵبژاردووە .

مج ع ص L: کۆی قوتابیانی کۆمەڵەی خوارەوە کەبەدیلی هەڵەیان هەڵبژاردووە .

مج افراد ع + مج افراد د L+Nu کۆی ژمارەی هەردوو کۆمەڵەی سەرەووو خوارەوە .

(الیعقوبی، 2013: 110_ 112)

**هاوکۆلکەی پەیوەندی پێرسوون** : بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی و پێوەری پاڵنەری فێربوون لە دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا .

ر : هاوکۆلکەی پەیوەندی پیرسون

ن : تاکەکانی نموونە ( عینة )

س : بەهای گۆڕاوی یەکەم .

ص : بەهای گۆڕاوی دووەم .

$$ر = \frac{ن\ مج\ س\ ص\ _\ مج\ س \times مج\ ص}{\sqrt{\{ن\ مج\ س2 - (مج\ س\ 2)\}\ \{ن\ مج\ ص2 - (مج\ ص\ 2)}}$$

(باهی و عنان، 2001: 38)

**هاوکۆلکەی پەیوەندی کندال** : بۆ دۆزینەوەی نەگۆڕی و پێوەری پاڵنەری فێربوون لە دوو تاقیکردنەوەی جیاوازدا .

ر : هاوکۆلکەی پەیوەندی کندال .

مج د : کۆی جیاوازی لە ژمارەی پلەکان .

ن : ژمارە جوتەکانی بەهاکان ( نموونەکە ) .

$$(ر) = \frac{مج\ د}{2/1ن\ (ن_1\ )}$$

(الکنانی، 2014: 92)

**هاوکۆلکەی جی کوپر**

**بەمەبەستی دیاریکردنی ڕێژەی بڕیاردەران لەسەر هەندێ لەپێداویستیەکانی ئامڕازی توێژینەوە بەکارهێنرا.**

$$\text{ڕێژەی ڕێککەوتن} = \frac{\text{ژمارەی چەند جار ڕێککەوتن}}{\text{ژمارەی چەند جار ڕێککەوتن} + \text{ژمارەی چەندجار ڕێکنەکەوتن}}$$

(عطیە، 2009 : 109)

**هاوکۆلکەی دووجای ئیتا:**

**بەمەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆدا .**

$$n2 = \frac{t2}{df + t2}$$

t : **بەهای** ( t ) **هەژمارکراو**

df : **نمرەی ئازاد .**

**هاوکۆلکەی کوهین:**

**بەمەبەستی دەرهێنانی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆدا .**

.

$$d= \frac{2t}{\sqrt{d.f}}$$

t : **بەهای** ( t ) **هەژمارکراو**

df : **نمرەی ئازاد**

(**الدردیر**، 2006: 77_80)

# 4 بەشی چوارەم

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان (عرض وتحليل النتائج) Presentation and analysis of results

### 4-1 خستنەڕووی ئەنجامەکان عرض النتائج

### 4-2 شیکردنەوەی ئەنجامەکان تحليل النتائج

### 4-3 بەراوردکردنی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێستا

## خستنەڕووی ئەنجامەکان و شیکردنەوەیان

لـەم بەشـەدا تـوێژەر ئەنجامـەکان بـە پێی گریمانـە پیشـبینکراوەکان و ئامانجـەکانی توێژینەوەکـە دەخاتـەڕوو شیکردنەوەیان بۆ دەکات و گفتوگۆیان لەسەر دەکات.

## 4-1 خستەڕووی ئەنجامەکان

### 4-1 -1 خستنەڕووی ئەنجامەکان تایبەت بە گریمانەی یەکەم:-

_ جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لە ئاستی (0,05) لە نێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بە (ستراتیژی کارتەکراوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن.

بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە توێژەر تاقیکردنەوەی ( تائی ) بۆ دوو نمونەی بەکارهێنراوە بەکارهێنا بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی و دروستی گریمانەکە، وە هاوکۆلکەکانی( ئیتاو کوهین ) ی بەکارهێنا بۆ قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر دەستهاتی قوتابیانی گروپەکانی توێژینەوە ئەنجامەکە لەخشتەی( 12)دا خراوەتەڕوو.

**خشتەی (11) ئەنجامی تاقیکردنەوەی ( تائی ) بۆ زانینی جیاوازی لە ناوەندە نمرەو لادانی پێوەری وبەهای ( تائی ) لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی هەردوو گروپ**

| گروپ | ی قوتابیان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ( ت ) تائی | | ئاستی بەلگەداری 0,05 |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 22 | 25,27 | 5,329 | 3,343 | 2,021 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆلکار | 22 | 20,23 | 4,659 | | | |

بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لەنێوان ناوەندە ژمێرەیی هەردوو گروپ لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی چونکە بەهای ( تائی ) بریتیە لە (3,343 ) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2,021 ) لە ئاستی بەڵگەدار (0,05 ) بە پلەی ئازادی ( 42 )، بەمەش گریمانەکە ڕەتدەکرێتەوە و گریمانەی جێگرەوە قەبوڵ دەکرێت (وەردەگیرێت).

## 2-1-4 قەبارەی کاریگەری :

بەمەبەستی زانینی کاریگەری ستراتیژیی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی قوتابیان، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی ( ئیتاو کوهین ) (n2) ئاماژەیە بۆ بەهای قەبارەی ئیتا ( D ) ئاماژەیە بۆ بەهای قەبارەی کوهین لەخشتەی ( 13 ) دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (12) بەهای قەبارەی کاریگەری هاوکۆلکەی ئیتاو کوهین**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | گروپی توێژینەوە | قەبارەی نموونە | پلەی ئازادی | بەهای ( ت ) هەژمارکراو | بەهای قەبارەی کاریگەری | | پێوانەی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | n2 | D | |
| ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان | تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن | ئەزمونی | 22 | 42 | 3,343 | 0,210 | 1,03 | زۆر بەهێزە |
| | | کۆنترۆڵکار | 22 | | | | | |

قەبارەی کاریگەرییەکە زۆر بەهێزە بە بەکاهێنانی ستراتیژیی کارتەکراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی چونکە ئەگەر قەبارەی کاریگەری ئیتاو کوهین گەیشتە ( 0,15 ، 0,84 ) کاریگەریەکەی بەهێزە . وەک لەخشتەی ( 14) دیارە.

**خشتەی (13) بەهای ئاستی ئاماژەیی قەبارەی هاوکۆلکەی ئیتاو کوهین**

| هاوکۆلکەی بەکارهاتوو | قەبارەی کاریگەری | | | |
|---|---|---|---|---|
| | بچوک | مامناوەند | بەهێز | زۆر بەهێز |
| N2 | 0,01 | 0,06 | 0,15 | 0,20 |
| D | 0,2 | 0,51 | 0,84 | 1,1 |

(الدردير، 2006 : 77-80)

## 3-1-4 خستنەڕووی ئەنجامەکان تایبەت بەگریمانەی دووەم:

**گریمانەی دووەم /** جیاوازی بەڵگەداری ئاماری نییە لەئاستی (0,05) لە نێوان ناوەندە نمرەی گروپی ئەزموونی کە بە (ستراتیژی کارتەکراوەکان) وانەیان پێدەوترێتەوە، لەگەڵ ناوەندە نمرەی قوتابیانی گروپی کۆنترۆڵکراو کە بە (ستراتیژی ئاسایی) وانەیان پێدەوترێتەوە لە تاقیکردنەوەی پاشەکی پاڵنەری فێربوون.

بۆ سەلماندنی گریمانەی توێژینەوەکە توێژەر تاقیکردنەوەی ( تائی ) بۆ دوو نموونەی بەکارهێنراوە بەکارهێنا بۆ ئاشکراکردنی ڕاستی و دروستی گریمانەکە و هاوکۆلکەکانی( ئیتاو کوهین ) ی بەکارهێنا بۆ قەبارەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ لەسەر گەشەکردنی پاڵنەری قوتابیانی گروپەکانی توێژینەوە ئەنجامەکە لەخشتەی ( 15)دا خراوەتەڕوو.

خشتەی (14) ئەنجامی تاقیکردنەوەی ( ت ) تائی بۆ زانینی جیاوازی لە ناوەندە نمرە و لادانی پێوەری وبەهای ( ت ) لە تاقیکردنەوەی گەشەکردنی پاڵنەری فێربوونی هەردوو گروپ:

| گروپ | ی قوتابیان | ناوەندی ژمێرەیی | لادانی پێوەری | بەهای ( ت ) تائی | | 0,05ئاستی بەڵگەداری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | ئەژمارکراو | خشتەیی | |
| ئەزمونی | 22 | 25,27 | 5,329 | 2,812 | 2,021 | بەڵگەدارە |
| کۆنترۆلکار | 22 | 20,23 | 4,659 | | | |

بەپێی ئەنجامی تاقیکردنەوەکە دەرکەوت کە جیاوازی بەڵگەداری ئاماری هەیە لە نێوان ناوەندە ژمێرەی هەردوو گروپ لە بەرژەوەندی کۆمەڵەی ئەزمونی چونکە بەهای ( ت ) بریتیە لە (2,812 ) گەورەترە لە بەهای خشتەیی (2,021 ) لە ئاستی بەڵگەدار (0,05 ) بەپلەی ئازادی ( 42 )، بەمەش گریمانەی یەکەم ڕەت دەکرێتەوەو گریمانەی جێگرەوە لە بری دادەنرێت.

## 4-1-4 قەبارەی کاریگەری :

بە مەبەستی زانینی کاریگەری ستراتیژی کارتەکراوەکان لەسەر گەشەکردنی پاڵنەری فێربوونی قوتابیان، توێژەر هەستا بە جێبەجێکردنی هاوکۆلکەی ( ئیتاو کوهین ) (n2) ئاماژەیە بۆ بەهای قەبارەی ئیتا ( D ) ئاماژەیە بۆ بەهای قەبارەی کوهین لەخشتەی ( 16 ) دا ڕوونکراوەتەوە.

**خشتەی (15) بەهای قەبارەی کاریگەری هاوکۆلکەی ئیتاو کەهین**

| گۆڕاوی سەربەخۆ | گۆڕاوی پاشکۆ | گروپی توێژینەوە | قەبارەی نموونە | پلەی ئازادی | بەهای ( ت ) هەژمارکراو | بەهای قەبارەی کاریگەری | | پێوانەی قەبارەی کاریگەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | n2 | D | |
| ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان | تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن | ئەزمونی | 22 | 42 | 2,812 | 0,158 | 0,867 | بەهێزە |
| | | کۆنترۆڵکار | 22 | | | | | |

قەبارەی کاریگەرییەکە بەهێزە بە بەکارهێنانی ستراتیژیی کارتەکراوەکان لەسەر گەشەکردنی پاڵنەری فێربوون لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی، چونکە ئەگەر قەبارەی کاریگەری ئیتاو کوهین گەیشتە ( 0,15 , 0,84 ) کاریگەریەکەی بەهێزە.

## 2-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان :

### 1-2-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان تایبەت بە گریمانەی یەکەم:

بە گوێرەی ئەو ئەنجامانەی لە گریمانەی یەکەمەوە پێی گەیشتین دەرکەوت کە جیاوازی ئاماری لەنێوان نمرەکانی هەردوو کۆمەڵەی ئەزموونی و کۆنترۆڵکاردا هەیە لە تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی، ئەمەش لەژێر کاریگەری ستراتیژیی کارتەکراوەکان.

**توێژەر هۆکارەکانی سەرکەوتنی گروپی ئەزموونی (کاریگەری ستراتیژیی کارتەکراوەکان) بەسەر گروپی کۆنترۆڵکراو(ئاسایی) دەگەڕێنێتەوە بۆ ئەم هۆکارانەی لای خوارەوە:-**

- ✓ ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان گونجاوە لەگەڵ ئاستی تەمەنی قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەرەتی و وانەوتنەوەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان، چونکە ئەم ستراتیژە بووە هۆی تێگەیشتنی قوتابیان لە بابەتە خوێندراوەکان لە بڕیارلێدراوی خوێندن.
- ✓ ئەم ستراتیژییەتە یارمەتی قوتابیانی دا بە وروژاندن و بایەخپێدانیان بە بابەتی وانەو حەزوئارەزووی جوڵاند بەرەو وانەکە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکەکانیان لە کاتی خۆیدا.

- ✓ له بەرئەوەی خودی قوتابی بوو بە سەنتەری بەشداریکردن لە کارای و پرسیارو وەڵامدانەوەی بابەتی وانە، ئەمەش وایکرد باشتر فێربن لە بابەتەکان.
- ✓ وانەوتنەوە بەستراتیژیەتی کارتەکراوەکان متمانە بەخۆبوونی لای گروپی قوتابیانی ئەزموونی زیادکرد، سەرەڕای پشت بەستن بە خۆیان لە جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خوێندن و بەرزکردنەوەی ئاستی دەستهاتی خوێندنیان . بە بەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکراو.

## 2-2-4 شیکردنەوەی ئەنجامەکان تایبەت بە گریمانەی دووەم:

بەخستنەڕووی ئەنجامەکانی تایبەت بە گریمانەی دووەم دەرکەوت کە جیاوازی ماناداری ئاماری هەیە لە نێوان هەردوو گروپی توێژینەوەکە لە بەرژەوەندی قوتابیانی گروپی ئەزمونی لەسەر گەشەکردنی پاڵنەری فێربوونیان لەتاقیکردنەوەی پێوەری پاڵنەری فێربووندا لە دوای جێبەجێکردنی ئەزموونەکە، ئەمەش بۆ سەرکەوتوویی و کاریگەری پراکتیزەکردنی ستراتیژی کارتەکراوەکان گەڕایەوە، توێژەر هۆکارەکانی باڵادەستبونی گروپی ئەزمونی بەسەر گروپی کۆنترۆڵکاری دا بۆ ئەم هۆکارانە گەڕاندەوە :

1. بەکارهێنانی زیاتر لە هەستەوەرێک لە پرۆسەی فێربوون و کارایە پۆلییەکاندا بووە هۆی زیادکردنی بیرکردنەوەی قوتابیان و دروستبوون و گەشەکردنی هێزی پاڵنەری فێربوون تیایاندا.
2. پەیڕەوکردنی جیاوازی تاکەکەسی و تێکەڵکردنی قوتابیانی ئاست بەرزو مامناوەند و ئاست نزم لەگەڵ یەکتر بۆ هەماهەنگی و یارمەتیدانی یەکتر، دواجار گەشەپێدانی پاڵنەری هەموویان.
3. کارکردن بە شێوەی تیم و گروپ هانی قوتابیانی دا بۆ زیاتر گرنگیدان بەوانەو زیادکردنی گیانی هاوکاری و پێشبڕکێ تیایاندا.
4. کەمکردنەوەی ئاستی دڵەڕاوکێ و شەرمکردن لە بەشداریکردن و گفتوگۆکانی پۆل بەوەی قوتابی خۆی تەوەری سەرەکی پرۆسەی فیربوون بوو.
5. ستراتیژی کارتەکراوەکان یارمەتیدەربوو لە گەشەپیدانی توانای بیرکردنەوەی قوتابیان لە بابەتەکان و بەوپێیەی ستراتیژیەتەکە ڕێگەی پێدان بۆچونەکانیان دەرببرن و شیبکەنەوە.
6. بەکارهێنانی کارتەڕەنگاوڕەنگەکان ڕەنگدانەوەی پرسیارو وەڵامی بابەتی خوێندن، بووە هۆی سەرنج ڕاکێشانی قوتابیان و زیادکردنی ئاگاییان بۆ وانەکان.

## 3-4 بەراوردکردنی ئەنجامی توێژینەوەکانی پێشوو بە ئەنجامەکانی توێژینەوەکەی ئێستا

توێژەر بەشێوەیەکی کورت بەراوردی ئەنجامی توێژینەوەکان بە ئەنجامی توێژینەوەکەی ئێستا دەکات:

_ توێژینەوەکانی ( Al Matrafi، اقدیح، عبکە، حسن، محمد ) جەخت لەسەر گەشەکردنی ئاستی دەستهاتی قوتابیان دەکەنەوە لە دوای جێبەجێکردنی ستراتیژی کارتە کراوەکان لە بەرژەوەندی گروپی ئەزموونی بەبەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکار کە هاوبەشن لەگەڵ ئەم توێژینەوەی ئێستا ئاستی دەستهاتی قوتابیان گەشەی کرد بۆ گروپی ئەزموونی بەبەراورد بە گروپی کۆنترۆڵکار.

_ ئەنجامی هەموو توێژینەوەکان لە شوێنی جیاوازو بە وەرگرتنی ڕێژەی نموونەی جیاواز نزیک بەیەک سەرکەوتووی گۆڕاوە سەربەخۆکە دەخەنەڕوو سەرەڕای جیاوازیان لەساڵی ئەنجامدانیان و کە جیاوازیان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا هەیە لە ڕووی ساڵی ئەنجامدانی تازەترین توێژینەوەیە کە ئەم ستراتیژییەتەی ئەزموون کردووە و لە شوێنی جیاواز لە توێژینەوەکانی پێشوو لەگەیشتن بە ئەنجامەکان.

_ ئەم توێژینەوەی ئێستا هەردوو هاوکۆلکەی قەبارەی کاریگەری ئیتاو کوهینی بەکارهێناوە بۆ دەرخستنی ڕادەی کاریگەری گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆدا کە ئەمەش گرنگە لە ئەنجامی توێژینەوە بە جیاواز لە هەموو توێژینەوەکانی پێشوو کە هاوکۆلکەکانی قەبارەی کاریگەریان بەکارنەهێناوە بۆ ئەنجامەکانیان .

_ توێژینەوەی (اقدیح) بە بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان کارامەی بیرکردنەوە گەشەی کرد، وە توێژینەوەی (حسن) کارامەیی زانیارییە بیرکارییەکان لای قوتابیانی یەکەمی ناوەندی توێژینەوەی Al Matrafi ئەدای بەشداریکردنی قوتابیان لە بابەتی زانستدا لەکاتێکدا توێژینەوەی ئێستا پاڵنەری فێربوون گەشەی کرد وەک یەکێک لە گۆڕاوە شوێن کەوتووەکان بەبەکارهێنانی هەمان ستراتیژی لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی.

_ هەریەک لە توێژینەوەکانی ( کەریم، النحال، حمە قاضی، عبدالله، خلیلیة )، کە ستراتیژی جیاواز لە ستراتیژی کارتەکراوەکان ئەزموون کردووە جەخت لەسەر پاڵنەری فێربوون و بەدەستهێنان دەکەنەوە لە کاریگەری گۆڕاوی سەرەبەخۆیان وەک ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

_ بە شێوەیەکی گشتی توێژینەوەکان جەخت لە سەرکەوتنی ئەزموونەکەیان بەبەکارهێنانی گۆڕاوی سەربەخۆ بەسەر گۆڕاوی پاشکۆدا دەکەنەوە بە بەراورد بە ستراتیژییەتی ئاسایی کە هاوتان لەگەڵ ئەم توێژینەوەیەی ئێستا.

# 5 بەشی پینجەم :

## دەرئەنجام و ڕاسپاردەو پێشنیارەکان

### 5-1 دەرئەنجامەکان (الاستنتاجات)

### 5-2 ڕاسپاردەکان (التوصيات)

### 5-3 پێشنیارەکان (المقترحات)

## 1-5 دەرئەنجامەکان ( الاستنتاجات) Conclution:-

1- ستراتیژیی کارتەکراوەکان سەرکەوتووترە لە وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتییەکان/مێژوو، لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بە بەراورد بەڕێگا ئاسایی.

2- بەکارهێنانی ستراتیژیی کارتەکراوەکان لە وانەوتنەوەی بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/مێژوو، بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی کارایی زیاترە لە زیادکردنی دەستهاتی خوێندنی قوتابیان بە بەراورد بە ڕێگای ئاسایی.

3- گرتنە ئەستۆی بەرپرسیارێتی زیاترکرد لای قوتابیان، ڕەنگە ئەمەش هۆکاری مانەوە و پاراستنی زانیارییەکانی بابەتەکانی وانەکەبێت لایان.

4- وانەوتنەوە بە بەکارهێنانی ستراتیژیی کارتەکراوەکان کاریگەریی دیارو کارایی هەیە لەگەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتەکۆمەڵایەتییەکان/ مێژوو، بە بەراورد بەڕێگای ئاسایی لە وانەوتنەوەی هەمان بابەت.

## 2-5 ڕاسپاردەکان ( التوصيات ) Recommendations:

لەژێر ڕۆشنایی دەرئەنجامەکانی توێژینەوەکە، توێژەر ئەم ڕاسپاردانە دەخاتەڕوو:-

1. دروستکردنی ژینگەی فێرکاریی گونجاو لە قوتابخانەکان لە جێبەجێکردنی ئەو ستراتیژانەی کاراییان سەلمێندراوە، لە نێویشیاندا ستراتیژی کارتەکراوەکان لەلایەن پسپۆڕانەوە.
2. گرنگیدان بە خولە فێرکارییەکان لە لایەن وەزارەتی بەڕێوەبەرایەتی گشتیەکانی پەروەردە، بە سوود وەرگرتنی لە پسپۆڕانی (ڕێگاکانی وانەوتنەوە) لە وەزارەتی خوێندنی باڵا وتوێژینەوەی زانستی بۆ ڕاهێنانی مامۆستایان بە نوێترین ستراتیژە سەلمێنراوەکانی وانەوتنەوە.

## 3-5 پێشنیارەکان (المقترحات ) Suggestions:-

بۆ زیاتر گرینگیدان بە وانەوتنەوە بەستراتیژیی کارتەکراوەکان توێژەر ئەم پێشنیارانەی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەی دیکە لەم ڕووەوە دەخاتەروو:

1. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بۆ بەراوردکردنی کارایی ستراتیژیی کارتەکراوەکان لەگەڵ ستراتیییژەکانی دیکەی وانەوتنەوە بۆ قۆناغی بنەڕەتی.
2. ئەنجامدانی توێژینەوەیەک بە بەکارهێنانی ستراتیژیی کارتەکراوەکان لە سەر ئاستی قۆناغەکانی دیکەی خوێندن و نیشاندانی کارایی لەگەڵ چەند گۆڕاوێکی پاشکۆی تر وەک: ( گەشەپێدانی باوەربەخۆبوون ، زیادکردنی ئارەزوو بۆ خوێندن..هتد).
3. ئەنجامدانی توێژینەوەیەکی هاوشێوە بە وەرگرتنی جیاوازی ڕەگەز و بابەتی خوێندن.

## سەرچاوەکانی توێژینەوە ( مصادر البحث) References of Research

یەکەم : سەرچاوەکان بەزمانی کوردی ( المصادر باللغة الكردية )

دووەم : سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی( المصادر باللغة العربية )

سێیەم : سەرچاوەکان بەزمانی ئینگلیزی( المصادر باللغة الانجليزية )

## یەکەم/ سەرچاوەکان بەزمانی کوردی ( المصادر باللغة الكردية ):-


**القرآن الكريم**

(1) **احمد، جمال رشيد و ڕەشيد، فەوزی** (2019): **و، کەلاری، ملکۆ، مێژووی کۆنی کورد، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.**

(2) **ئەحمەد، سامان حوسین** (2020): **میتۆدو لێکۆڵینەوە هەنگاوەکانی نووسینی لێکۆڵینەوەیەکی مێژووی، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران.**

(3) **بکر، ڕەنگین صديق** (2016): **کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی وانە گووتنەوەی ڕێکخراوەیی لە بەدەستهێنانی مەعریفی قوتابیانیی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و پارێزگاریکردنی لەبابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی صلاحەدین، هەولێر.**

(4) **بۆکانی، سابیر** (2016): **میتۆدی توێژینەوەی زانستی، ب.د، سلێمانی.**

(5) **بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/ مێژوو لەکتێبی بڕیارلێدراوی خوێندن لەهەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ئامادەکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپی** 2018.

(6) **حمەقاضی، ئەژی** : 2016 : **کاریگەری سیستەمە هێلکاریە مەعریفییەکان بەستراتیژی** ( T.P.S ) **لەسەر دەستکەوت و پاڵنەری بەدەستهێنان لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لەبابەتی مێژوودا، نامەی ماستەر بڵاونەکراوە، فاکەڵتی پەروەردەی وەرزش و بنەڕەتی، زانکۆی سلیمانی.**

(7) **کریم، ئالان پشتیوان** (2007): **بەکارهینانی کارامەییەکانی دەربڕینی زارەکی بەپێی شێوازی فێربوونی هەرەوەزی و کاریگەریەکەی لەسەر بەدەستهینانی کارامەییەکانی دەربڕنی نوسراو و گەشەپیدانی پاڵنەری فێربوون لەزمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، بڵاو نەکراوە، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی صلاحەدین، هەولێر.**

(8) **باقر، تەها** (2018): **سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانە دێرینەکان، و، عەللاف، عوسمان عزیز و کریم، ئەفراسیاب رشید، چاپخانەی تاران، تاران.**

(9) **مەزهەر، کەمال** (2008): **مێژوو، چاپی دووەم، چاپخانەی هێڤی، هەولێر.**

(10) **محەمەد، خەڵات عەبدولقەهار** ( 2015): **کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیجییەتی هەژاندنی مێشک لەسەر دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی لە ئەدەبی کوردیدا و گەشەپیدانی باوەڕبەخۆبوون و ئارەزوویان بۆ خوێندن و فێربوونی ئەدەب، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی صلاحەدین، هەولێر.**

(11) **سەعید، فایەق** (2019): **دیداکتیک مۆدێل و میتۆدەکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، چاپخانە تاران، تاران.**

(12) **سەعید، فایەق** (2020): **لیۆ ڤیگۆتسکی تیۆری سۆسیۆکولتووری و پەروەردەی هاوچەرخ، چاپی یەکەم، چاپخانەی تاران، تاران.**

(13) **سەعید، فایەق** (2021): **فیدباک و کارایی قوتابی زیانەکانی ستایش و خەڵات، چاپی یەکەم، چاپخانە تاران، تاران.**

(14) **عزیز، کریم أحمد** (2021): **ستراتیژە نوێیەکانی وانەوتنەوە، چاپی یەکەم، دەزگای چاپ و پەخشی نارین، هەولێر.**

(15) **قاسم ئاغا، شێرزاد علی احمد (2016): کاریگەری بەکارهێنانی ستراتیژییەتی هەژاندنی هزری لە بەدەستهێنانی دەستکەوتی قوتابیانی پۆلی هەشتەمی بنەڕەتی و گەشەپێدانی پاڵنەری زانیاری لە وانەگوتنەوەی بابەتی مێژوودا**، نامەی ماستەر، بڵاونەکراوە، کۆلێجی پەروەردەی بنەڕەت، زانکۆی صلاحەدین، هەولێر.

## دووەم/ سەرچاوەکان بەزمانی عەرەبی ( المصادر باللغة العربية ):-

(1) الغول، صابرين أديب يونس (2010): **مستوى جودة كتاب التاريخ المقرر على الصف التاسع الاساسي من وجهة نظر مشرفى ومعلمى التاريخ فى محافظات غزة**، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربيه، جامعة الاسلامية، غزة.

(2) الحسناوى، حاكم موسى عبدخضير (2019): **التقنيات التربوية الحديثة فى التدريس**، الطبعة الاولى، دار ابن النفيس، عمان، الاردن.

(3) الزاملى، يحى ابراهيم سليمان (2017): **تقويم مقرر المواد الاجتماعية للصف الخامس الاساسى فى ضوء معايير المجلس الوطنى الامريكى للدراسات الاجتماعية (NCSS)**، رساله ماجستير غير منشوره، كلية التربية، الجامعة الاسلامية، غزة.

(4) الخفاجى، رائد ادريس محمود و العتابى، عبدالله مجيد حميد ( 2015): **الوسائل الاحصائية فى البحوث التربوية والنفسية**، الطبعة الاولى، داردجلة، الاردن.

(5) اليعقوبى، حيدر ( 2013): **التقويم والقياس فى العلوم التربوية والنفسية رؤيا تطبيقية**، الطبعة الاولى، دار الكتب والوثائق، بغداد.

(6) الزبيدى صباح حسن (2009): **اسس بناء وتصميم مناهج المواد الاجتماعية وأغراض تدريسها**، دار المناهج عمان، الاردن.

(7) أبو الحاج و اخرون (2016): **استراتيجيات التعلم النشط**، الطبعة الاولى، مركز ديبونو، عمان.

(8) ابوالنيل، محمود سيد (1987): **الاحصاء النفسيى والاجتماعى و التربوى**، الطبعة الثالث، دارالنهضة العربية، القاهرة.

(9) ابوشريخ، شاهر (2008): **استراتيجيات التدريس**، الطبعة الاولى، المعتز، عمان، الاردن.

(10) أسعد، فرح ايمن (2017): **استراتيجيات التعلم النشط**، ب.ط، دار ابن النفيس، عمان، الاردن.

(11) أقديح، ألفت فتحى أحمد (2017): **أثر استخدام البطاقات المروحية فى تنمية بعض مهارات التفكير الرياضى والتحصيل الدراسيى لدى طالبات الصف رابع الاساسيى فى قطاع غزة**، رسالة ماجستير منشورة، كلية التربية، جامعة الازهر، غزة.

(12) الازيرجاوى، فاضل محسن (1991): **اسس علم النفس التربوى**، الطبعة الاولى، دار الكتب، موصل.

(13) الاشقر، فاطمة عليان عبدالرحمان (2017): **أثر استخدام استراتيجيتين للتعلم النشط فى تنمية المهارات الحياتية بلعلوم لدى طالبات الصف السادس الاساسيى بغزة**، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، الجامعة الاسلامية، غزة.

(14) الجبورى، صبحى ناجى عبدالله واخرون (2011): **استراتيجيات و طرائق تدريس المواد الاجتماعية**، الطبعة الاولى، دار الكتب الوثائق، بغداد.

(15) الجلبى، سوسن شاكر (2005): **اساسيات بناء الاختبارات والمقايس النفسية والتربوية**، الطبعة الاولى، مكتبه ابن عموش، دمشق، سوريا.

(16) الدردير، عبدالمنعم أحمد (2006): **الاحصاء البارامترى واللابارامترى**، الطبعة الاولى، مكتبة عبدالخالق ثروت، القاهرة.

(17) الرابغى، خالد بن محمد بن محمود (2015): **عادات العقل ودافعية الانجاز**، الطبعة الاولى، مركز دى بونو لتعلم التفكير، دبى، الامارات.

(18) الردادى، فهد بن عايد (2019): **التعلم المنظم ذاتيا والتحصيل الدراسى**، الطبعة الاولى، مكتبة الملك، السعوديه .

(19) الريحاوى، قمر محمد خير (2016): **برنامج قائم على التعلم النشط لتنمية مفاهيم التواصل والاستدلال لعلمى الرياضيات**، اطروحة دكتورا غير منشورة، كليه الدراسات العليا للتربية، جامعة القاهرة.

(20) الزاملى، على عبدالجاسم واخرون (2009): **مفاهيم والتطبيقات فى التقويم القياس والتربوى**، الطبعة الاولى، مكتبه الفلاح، بيروت، كويت.

(21) الزبيدى، صباح محسن (2009): **اسس بناء تصميم مناهج المواد الاجتماعية وأغراض تدريسها**، ب.ط، دارالمناهج،الاردن، عمان.

(22) الزغلول، عماد عبدالرحيم (2012): **مبادىء علم النفس التربوى**، ب.ط، دار الكتاب، الاردن.

(23) السعدى، صلاح مجيد كاظم (2019): **مدى امتلاك التعليم المسرع للدافعية نحو التعلم**، مجلة دراسات اسلامية.

(24) السيد، ماجدة مصطفى، (2011): **المناهج ومهارات التدريس**، الطبعة الاولى، دار العربية، القاهرة.

(25) ألشربينى، فوزى عبدالسلام (2005): **التربية الجمالية بمناهج التعليم**، الطبعة الاولى، د.ن، القاهرة، مصر.

(26) الشمرى، ماشى بن محمد (2011): **101 استراتيجية فى التعلم النشط**، الطبعة الاولى، د. ن، السعودية.

(27) الصيفى، عاطف (2009): **المعلم واستراتيجيات التعلم الحديث**، الطبعة الاولى، دار اسامه، عمان، الاردن.

(28) الضامن، منزر عبد الحميد (2007): **اساسيات البحث العلمى**، الطبعةالاولى، دار المسيرة، عمان.

(29) الطريرى، عبدالرحمن بن سليمان (1997): **قياس النفسى والتربوى نظرية، اسسه، تطبيقاته**، الطبعة الاولى، مكتبة الرشد، السعودية.

(30) الطناوى، عفت مصطفى (2008): **التدريس الفعال**، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان، الاردن.

(31) العتوم، عدنان يوسف واخرون (2005): **علم النفس التربوى النظرية والتطبيق**، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان، الاردن.

(32) العدوان، سيد سليمان و الحوامدة، محمد فؤاد (2010): **تصميم التدريس بين النظرية والتطبيق**، الطبعة الاولى ،دار المسيرة، عمان، الاردن.

(33) العزاوى، رحيم يونس كرو (2008): **مقدمة فى منهج البحث العلمى**، الطبعة الاولى، داردجلة، عمان.

(34) العنانى، حنان عبدالحميد (2014): **علم النفس التربوى**، الطبعة الاولى، دار الصفا، عمان، الاردن.

(35) العوضى، منار عمر (2019): **أثر استخدام استراتيجية التعلم التعاونى اساس تراكيب كيغان فى التفكير الابداعى فى الرياضيات لدى طالبات الصف السادس الاساسى فى لواء حساب** ،رساله ماجستير منشورة، كلية علوم التربوية، جامعة شرق الاوسط، عمان.

(36) الفقى، عبد السلام ابراهيم (2014): **الاحصاء التطبيقى باستخدام برنامج spss**، الطبعة الاولى، دارالثقافى، عمان، الاردن.

(37) القصاص، مهدى محمد (2007): **مبادىء الاحصاء والقياس الاجتماعى**، الطبعة الاولى، د. ن، مصر.

(38) الكراجة، عبدالقادر (1997): **القياس والتقويم فى علم النفس**، الطبعة الاولى، دار اليازورى العلمية، عمان، الاردن.

(39) الكنانى، عايد كريم عبدعون (2014): **مقدمة فى الاحصاء والتطبيقات spss**، الطبعة الثانية، مكتبة غريب طوس، مصر.

(40) اللطيف، ايمان عزالدين ابراهيم (2013): **القيم المرتبطة بمفهوم المواطنة مناهج المواد الاجتماعية للصف التاسع الاساسى ومدى اكتساب الطلبة لها**، رساله ماجستير غير منشورة، كلية التربيه، الجامعة الاسلامية، غزة.

(41) المصرى، لينا أحمد سليم (2014): **أثر تطبيق استراتيجيات التعلم النشط على تصميم الخرف الصفية فى مدارس التعلم الاساسى بقطاع غزة**، رسالة ماجستير المنشورة، كلية الهندسة، الجامعة الاسلامية، غزة.

(42) المعايطة، أزدهار حمدو (2007): **اثر المستوى الاقتصادى التعليمى للوالدين فى مستوى الدافعية للتعلم والاتجاهات نحو المدرسة لدى الطلبة الملحقين بغرف المصادر فى المدارس الاردنية**، رسالة الماجستر غير منشورة، كلية الدراسات التربويه العليا، جامعة عمان.

(43) النحال، سهاد فخرى عادل (2016): **أثر توظيف استراتيجية الروؤس المرقمة معا على تنمية مهارات التواصل ودافع الانجاز فى الرياضيات لدى طالبات الصف السابع الاساسى بغزة**، رسالة ماجستير غير منشورة، كلية التربية، الجامعة الاسلامية، غزة.

(44) الوائلى، سعاد عبدالكريم (2004): **طرائق تدريس الادب والبلاغة والتعبير بين التنظير والتطبيق**، الطبعة الاولى، دار الشروق، عمان، الاردن.

(45) أمال، بن يوسف (2007): **العلاقه بين استراتيجيات التعلم والدافعية للتعلم وأثرهما على التحصيل الدراسيى**، رسالة الماجستر منشورة، كلية العلوم الاجتماعية الانسانية، جامعة الجزائر.

(46) النعيمى، واخرون (2015): **طرق ومناهج البحث العلمى**، ب.ط، ابن عموش، عمان، الاردن

(47) امبوسعيدى، عبدالله بن خميس و الحوسينيه، هدى بنت على (2015): **استراتيجيات التعلم النشط 180 استراتيجية مع الامثلة التطبيقية**، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان، الاردن.

(48) باهى، مصطفى حسين و الازهرى، منى أحمد (2006): **أدوات تقويم البحث العلمى**، الطبعة الاولى، مكتبه الانجلو مصرية، القاهرة.

(49) باهى، مصطفى حسين و عنان، محمود عبدالفتاح (2001): **معاملات الارتباط المقاييس اللامعلمية**، الطبعة الاولى، مكتبة الانجلو المصرية، القارة.

(50) بطرس، حافظ بطرس (2009): **طرق تدريس الطلبة المضطربين سلوكيا وانفعاليا**، الطبعة الاولى، دار المسيرة، عمان، الاردن.

**_ ناوی خۆت و پۆل و هۆبەکەت لەسەر پەڕەی وەڵامدانەوە بنووسە.**

**ڕێنمایی وەڵامدانەوە :**

**_ کاتی وەڵام دانەوە ( 40 ) خولەکە.**

**_ پرسیاری یەکەم پێک دێت لە ( 20 ) پرسیار، لە خوارەوەی هەر پرسیارێکی هەڵبژاردندا چوار وەڵام بەشێوەی هەڵبژاردن دانراوە. پرسیارەکان بەجوانی بخوێنەرەوە و وەڵامی درووستیان بۆ هەڵبژێرە بە کێشانی بازنەیەک (   ) بە دەوری وەڵامە ڕاستەکەدا. وەکو ئەم نمونەی خوارەوە**

**1- بۆ یەکەم جار نوسین داهێنرا لای**

**(أ-) سومەریەکان** **ج- ئاشوریەکان**
**ب- ئەکەدیەکان** **د- گوتیەکان**

**پرسیاری دووەم / پێکهاتووە لە ( 5 ) پرسیار بەگوێرەی نەخشەکان وەڵامی ڕاست هەڵبژێرە بەکێشانی بازنەیەک بەدەوری وەڵامە ڕاستەکەدا. بۆ هەرپرسیارێک چوار هەڵبژاردە هەیە تەنها یەک دانەیان ڕاستە.**

**پرسیاری سێیەم / پێکهاتووە لە ( 5 ) پرسیار بەکورتی وەڵامی هەریەک لە پرسیارەکان بدەرەوە.**

**بەکێشانی بازنەیەک وەڵامی ڕاست بۆ هەریەک لەم پرسیارانە هەڵبژێرە**

| ژ | پرسیارەکان |
| --- | --- |
| 1 | شوێنەواری چەرمۆ مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ<br>( أ ) چاخی بەردینی کۆن<br>( ب ) چاخی بەردینی ناوەڕاست<br>( ج ) چاخی بەردینی نوێ<br>( د ) چاخی بەردینی کانزایی |
| 2 | کام لەمانەی خوارەوە بە تۆماری ڕابردووی ئادەمیزاد دەربارەی هەموو گۆڕانکاریەکانی سروشت و مرۆڤ بەیەکەوە دەبەستێتەوە دەناسرێت<br>( أ ) چاخی بەردینی کۆن<br>(ب) چاخەکانی پێش مێژوو<br>(ج) چاخە مێژوییەکان<br>(د) مێژوو |
| 3 | مۆری لولەیی هاوچەرخ (هاوکات)بوو لەگەڵ دەرکەوتنی<br>( أ ) پەرستش<br>( ب ) نوسین<br>( ج ) ئاگر<br>( د ) گوند |
| 4 | لەهۆکارەکانی دووبارە بوژانەوەی دەسەڵاتی سۆمەرییەکان بۆ چی دەگەڕێنیتەوە<br>(أ) ڕاپەڕینەکەی ئۆتۆحیکال لەهەموو شارەسۆمەرییەکان دژبە گوتییەکان<br>(ب) ڕێککەوتنی سۆمەرییەکان لەگەڵ ئەکەدییەکان دژبەگوتییەکان<br>(ج) هاوکاریکردنی سەربازی ئامورییەکان بۆ سومەرییەکان دژ بە گوتییەکان<br>(د) هاوپەیمانیکردنی عیلامی بۆ سومەرییەکان دژ بە گوتییەکان |
| 5 | هۆکاری سەرەکی لاوازی دەوڵەتی ئەشکانی بریتی بوو لە<br>( أ ) شۆڕشی ویلایەتەکان و میرنشینەکان<br>(ب) جەنگی دوو سەدەی نێوان ڕۆمانەکان و ئەشکانیەکان<br>( ج ) فراوانبونی دەوڵەتەکەیان<br>( د ) لاوازی سەرکردەکانیان |

| | |
|---|---|
| کام لەمانەی خوارەوە بۆ نوسینی مێخی بەکارهێنرا بەپلەی یەکەم<br>( أ ) گەڵای بەردی<br>( ب ) تاتە قورینەکان<br>( ج کانزا<br>( د ) چەرم | 6 |
| وڵاتی لولویەکان لای ئاشورییەکان ناسرابوو بە<br>( أ ) نەینەوا<br>( ب ) زاموا<br>( ج ) ئارابخا<br>( د ) نەهارینا | 7 |
| هۆیەکانی بەردەوامبونی جەنگ لەنێوان بنەماڵەی لەگەش و ئوما بۆچی دەگەڕێنیتەوە<br>(أ)هێرشکردنی بەردەوامی بنەماڵەی لەگەش دژ بە بنەمالەی ئور<br>(ب)لەسەر موڵکایەتی زەوی و کەناڵەکانی ئاودێری<br>(ج)زیادکردنی باج لەلایەن بنەماڵەی ئور<br>(د) هاندانی دەوڵەتانی دەرەوە بۆ بەردەوامی جەنگەکانیان | 8 |
| سەرەتای نیشتەجێبونی ئاشورییەکان لە باکوری خۆرئاوای دۆڵی ڕافیدەین نەیانتوانی دەسەڵاتی خۆیان بچەسپێنن بەسەر ناوچەکانیان<br>(أ) لاوازی هێزی سەربازیان<br>(ب)ناکۆکی نێو بنەماڵەکانیان<br>(ج) بە هێزی بنەماڵەکانی ناوەڕاست و باشوری عێراق<br>(د) بێ هێزی بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان | 9 |
| پایتەختی میتانییەکان بریتی بوو لە شاری<br>(أ) واشوکانی<br>(ب) مەدائن<br>(ج) نەینەوا<br>(د) بابل | 10 |
| ئەشکەوتی کونەکۆتر دەکەوێتە<br>(أ) باشوری ڕۆژئاوای شاری سلێمانی لەشاخی بەرانان<br>(ب)یەکێک لەدەربەندەکانی چیای قەرەداخ لەشاری سلێمانی<br>(ج) لەزنجیرە چیای بن زەرد چەمی ڕەزان لەشاری سلێمانی<br>(د) شاخی بادیر لەسەرپێڵی زەهاو لەڕۆژهەڵاتی کوردستان | 11 |

| | |
|---|---|
| هۆکاری هەڵبژاردنی ( پاشا میتریداتسی یەکەم ) ی ئەشکانیەکان نازناوی ( هیلینەکان) ی دەگەڕێتەوە بۆ<br>( أ ) ڕازیکردنی گەلەکەی<br>( ب ) ڕازیکردنی میسریەکان<br>( ج ) وەک ناوبانگێک بەکار یهێنا<br>( د ) ڕازیکردنی یۆنانیەکان | 12 |
| حامورابی فەرمانڕەوای عێراقی کردووە بۆماوەی<br>( أ ) 44 ساڵ<br>( ب ) 43 ساڵ<br>( ج ) 41 ساڵ<br>( د ) 42 ساڵ | 13 |
| یەکەم دەوڵەتی فارس دامەزرا لەسەردەستی پاشا<br>(1) قەمبیز<br>(2) ئەخمینس<br>(3) کۆرش<br>(4) داریوش | 14 |
| ئاینی ڕەسمی بێزەنتیەکان بریتی بوو لە<br>( أ ) زەردەشت<br>( ب ) ئیسلام<br>( ج ) مەسیحی<br>( د ) یەهودی | 15 |
| ئیمپڕاتۆریەتی ساسانی ڕووخا لەلایەن دەوڵەتی<br>( أ ) هکسۆسەکان<br>( ب ) موسوڵمانەکان<br>( ج ) ئەشکانیەکان<br>( د ) هەخامەنشینەکان | 16 |

| | |
|---|---|
| شوێنەواری میلی سەرکەوتنی ئانوبانینی ئاماژەدەکات بە<br>(أ) وێنەی دوو پاشا کە لە ڕێورەسمی ناشتندان<br>(ب) وێنەی پاشای لۆلۆی لە کاتی سەرکەوتنی بەسەر دوژمنەکانیدا<br>(ج) دۆزراوە بەنرخەکانی شاژنە پوئابی<br>(د) شا ئورنەمۆ کە ئامێریەکانی کێشان و پێوانە لە خوداوەندی مانگ وەردەگرێ | 17 |
| لەهۆکاری ڕوودانی جەنگی یۆنانی و هاخامەنشیی بوو<br>( أ ) داگیرکردنی ولاتی هەخامەنشینەکان لەلایەن یۆنانەوە<br>( ب ) دژایەتی کردنی دەوڵەتی هەخامەنشینی لە بەرامبەر یۆناندا<br>(ج) داگیرکردنی ولاتی یۆنان لە لایەن هەخامەنشینەکانەوە<br>( د ) لاوازی دەسەڵاتی هەخامەنشینەکان | 18 |
| کاشییەکان چ داهێنانێکیان خستە سەر شارستانیەتی دۆڵی ڕافدەین<br>(أ) هێنانی ئەسپ بۆیەکەم جارو پێشخستنی بیناسازی و نەخشەسازی<br>(ب)زانستە ئابوری و سەربازییەکان<br>(ج) هونەری پەیکەرتاشی و زانستە ئەدەبییەکان<br>(د) پێشخستنی گلێنەسازی و کەلوپەلی کانزای | 19 |
| بەهۆکاری سەرەکی هاتنە سەردەسەڵاتی ئامورییەکان بۆیەکەم جا دادەنریت لەبابلدا<br>(أ) شەڕوو ئاژاوەی هەردوو بنەماڵەکانی ئیسن و لارسا و لاوازیان<br>(ب) ڕاپەڕینەکەی نەبوبلاسەر لەبابلدا<br>(ج) فراوانخوازییەکانی نەبوخەدنەسربۆ بابل<br>(د) هاوکارییەکانی جولەکەکان بۆ ئامورییەکان | 20 |




پ2/ بەگوێرەی نەخشەکان وەڵام بۆ هەریەک لەم پرسیارانە هەڵبژێرە

1_هێمایی ئاماژەیە بۆ شوێنی شاری
(أ) وەرکا (ب) ئور (ج) نمرود (د) لەگش

2_ هێمای ئاماژەیە بۆ شوێنی شاری
(ا) بابل . (ب) ئاشور (ج) نەینەوا (د) ئەکباتانە

3_ هێمای ئاماژەیە بۆ ئەشکەوتی
(أ) هەزارمێرد (ب) قزقاپان (ج) شانەدەر ( د) بێستوون




4_ ئاماژەیە بۆ شوێنی پایتەختی
(أ) ئاشورییەکان (ب) میتانییەکان (ج) گوتییەکان (د) میدییەکان

5_ ئاماژەیە بۆ شوێنەواری

(أ) کێوی بێستوون (ب) تاقی کیسرا (ج) قەڵای ئامەد (د) قەڵای شێروانە

## پرسیاری سێیەم/ وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە بدەرەوە :

| | پرسیار |
|---|---|
| 1 | بەدوو خاڵ جیاوازی نێوان پاشماوە مێژووییەکان لە تۆماری مێژووی سەردەمی پێش زاین و سەردەمی زاینی دەربخە ؟<br><br>..........................................................................................<br><br>.......................................................................................... |
| 2 | جیاوازیی بکە لە نێوان هەریەک لە سەردەمی پادشا شاپوری یەکەم و شاپووری دووەمی ساسانییەکان لەڕووی ( أ ) ماوەی فەرمانڕەواییان ( ب ) کارەکانی دەرەوەی وڵاتیان ؟<br><br>..........................................................................<br>.........................................<br><br>................................................... |
| 3 | لە هۆکارەکانی دروستبونی ژیاری پێشکەوتووە لە دۆڵی ڕافیدەین بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟<br><br>..........................................................................................<br><br>............................................. |
| 4 | بە پوختی و لەسێ خاڵدا بەراورد لە نێوان چاخی بەردینی ناوەڕاست و چاخی بەردینی نوێ دا بکە ؟<br><br>...............................................................<br><br>..................................................................<br><br>...................................................................... |
| 5 | نازناوی فەرمانڕەوای چوارلای جیهان و پادشای بەهێزی ئەکەد لە لایەن پادشاکانی گوتییەکان شیبکەرەوە ؟<br><br>..........................................................................................<br><br>.................................................................................... |

**پاشکۆی ( 20 )**

**بەناوی خوای گەورە و میهرەبان**

**نمونەی پلان بەشێوەی کۆتایی**

**زانکۆی سلێمانی**

**کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت**

**بەشی زانستە کۆمەڵایەتییەکان**

**خوێندنی باڵا_ ماستەر**

**فۆرمی ڕاوەرگرتنی شارەزایان دەربارەی پلانی وانەوتنەوە**

**بەڕێز.....................................................................................**

**سڵاوی زانست...**

**توێژەر** هەڵدەستێت بەئەنجامدانی توێژینەوەیەک بەناونیشانی (**کارایی بەکارهێنانی ستراتیژی کارتە کراوەکان لەسەر دەستهاتی خوێندن و گەشەپێدانی پاڵنەری فێربوون لای قوتابیانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی لە بابەتە کۆمەڵایەتییەکان**). یەکێک لەپێویستییەکانی ئەم توێژینەوەیە ئامادەکردنی پلانی وانەوتنەوەیە بۆ ئەم بابەتەی کە توێژینەوەکەی تێیدا ئەنجامدراوە بە بەکارهێنانی ستراتیژی کارتەکراوەکان بۆ گروپی ئەزمونی و ڕێگای ئاسایی پەیڕەوکراو بۆ گروپی کۆنترۆڵکراو، ئێوەی بەڕێزیش وەک شارەزایەکی خاوەن ئەزموون لەم بوارەدا، توێژەر دوو پلانی وانەوتنەوە دەخاتە بەردەستتان بەو مەبەستەی بەڕێزتان ڕاوبۆچوونتان دەربارەی کاریگەری و ئاستی گونجاوی بخەنەڕوو، سەرنج و پێشنیارتان بۆ گۆڕانکاری دیاربخەن.

لەگەڵ ڕێزدا..

**هاوپێچ :-**

- نموونەیەک لەپلانی وانەوتنەوە بەپێی ستراتیژیەتی کارتەکراوەکان.
- نموونەیەک لەپلانی وانەوتنەوە بەپێی ڕێگای ئاسایی پەیڕەوکراو.

| خوێندکاری ماستەر | | سەرپەرشتیاران |
|---|---|---|
| هەڵۆ کریم محمد | پ.ی.د.کەریم احمد عزیز | پ.ی.د.احمد رفیق کریم |

## نموونەی پلانێکی وانەوتنەوە بەبەکارهێنانی ستراتیژی ( کارتە کراوەکان )

پۆل : حەوتەمی بنەڕەتی                    بابەت : زانستە کۆمەڵایەتییەکان ( مێژوو )

گرووپ : ( أ ) ئەزموونی

وانەی : دووەم                    کات : (40 ) خولەک

بابەتی وانە: ( چاخە مێژووییەکان )

---

- **ئامانجی گشتی :** ئاشناکردنی قوتابیان بە چاخە مێژووییەکان و چۆنێتی ژیانی مرۆڤ تێدا.

- **ئامانجە رەفتارییەکان : أ/ لە رووی ئامانجە مەعریفیەکان: قوتابی بتوانێت ..**

_ پێناسەی چاخە مێژووییەکان بکات.
_ زانینی کاتی سەرهەڵدانی چاخە مێژوییەکان .
_ جیاکردنەوەی ناوچەکانی سەرهەڵدانی چاخە مێژووییەکان.
_ بزانێت نوسینی مێخی و هیرۆگلۆفی لەسەر چی بەکاردەهات.
_ لەکوێ نوسینەکانی (مێخی و هێرۆگلێفی) بەکارهێنراون.
_ جیاکردنەوەی قۆناغەکانی نوسینی مێخی و شێوازی نوسینی.
_ بزانێت مۆری لولەیی کەی بەکارهێنراوە.
_ بزانێت مۆری لولەیی بۆ چ مەبەستێک بەکارهێنراوە.

_ فێرخواز ڕونیبکاتەوە مۆری لولەییان لەچی دروستکردووە، و چۆن پاراستویانە .

- ب/ بواری ئامانجە ویژدانییەکان :

_ قوتابی هەست بە گرنگی چاخە مێژوویەکان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بکات.

_ قوتابی درک بە سەختی ژیان و شێوازی ژیانکردن لەو ڕۆژگارە درک پێبکات.

_ قوتابی چۆنێتی بەدەستهێنانی خواردن لەڕێگەی ڕاو وشکارەوە بۆ ڕوون بێتەوە.

ج / بواری ئامانجە دەروون-جوڵەییەکان:
_ دیاریکردنی گرنگترین شوێنەواری مرۆڤی چاخەکۆنەکان لە کوردستان لەسەر نەخشە.
_ بینینی هەندێک پاشماوەی (شوێنەواری) مرۆڤ لە چاخە مێژووییە کۆنەکان.
_ وێنەگرتنی هەندێک کەرەستە و قاپ وقاچاخی بەکارهاتووی سەردەمی دێرین.

- پێداویستیە فێرکارییەکان :

وایت بۆرد _ ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ _ کورتە ڤیدیۆیەک (فیچەرێک) لەسەر ژیانی مرۆڤی چاخە بەردینەکان _ وێنەی پێشبینیکراوی مرۆڤ لە چاخی مێژووی کۆن _ وێنەی نوسینی بزماری و هیرۆگلۆفی _ کارتی ڕەنگاو ڕەنگ، نەخشەی مێژوویی کۆن .

- دیاریکردنی ڕێگای وانەوتنەوە: ( بەکارهێنانی ستراتیژی کارتە کراوەکان).

**کرداری وانەوتنەوە :**

| بابەتی وانە | کارایەکان | کات | هەڵسەنگاندن |
|---|---|---|---|
| چاخە مێژووییە کان | ڕەگەزەکان (هەنگاوەکان)ی وانەوتـنـەوە :<br>پێشەکی:<br>مامۆستا لە پلانی وانەوتنەوەکەیدا بابەتی وانەکە دابەش دەکات بەشێوەی پرسیارو وەڵامی جۆراو جۆر بەئاستە جیاوازەکانی بلۆم.<br>پرسیارەکان لەسەر هەر کارتێکی ڕەنگاو ڕەنگ نوسراوە پاشان بابەتی وانە ڕووندەکاتەوە.<br>پۆلەکە دابەش دەکات بەچەند گروپێک کە هەر گروپێک لە چوار کەس زیاتر نەبێت.<br>دواتر ناو بۆ هەر گروپێک دادەنێت.<br>مامۆستا بۆ هەر گروپێک چوار پرسیار و چوار وەڵام دادەنیت. بەجۆرێک پرسیارەکان لەسەر کارتەکان نوسراوە، وەڵامی هەر چوار پرسیارەکەش لەسەر چوار کارتی هاوڕەنگی هەر پرسیارێک تۆمارکراوە.<br>هەرچوار قوتابی دوو دوو بەرامبەر بەیەک لە گروپێک دانیشتوون.<br>پرسیارەکان بە شێوەی کارتی کراوە لای قوتابیی یەکە و وەڵامیش لای قوتابیی چوارەم.<br>مامۆستا دەست دەکات بەوانەکە ئەویش لە ڕێگەی دیاریکردنی گروپێک بۆ ڕاکێشانی پرسیارەکان.<br>مامۆستا لەسەر وایت بۆردەکە ناوی گروپەکانی نوسیوە، بۆئەوەی هەر گروپێک چەند پرسیاری زانیوە بۆیان تۆماربکات.<br>مامۆستا بۆخۆی چاودێری ڕەوشی وەڵامدانەوەکان دەکات.<br>شێوازی ئەنجامدانی ئەرکی هەر گروپێک بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت :-<br><br>(1) قوتابیی یەکەم: کارتەکانی پرسیارەکان ڕوو لەخۆی دەکات و ڕووەکەی تر لە هاوڕێ خوێنکارەکەی کە بەرامبەری دانیشتوە، پاشان داوا لە قوتابیی دووەم دەکات کارتێک هەڵبژێرێت.<br>(2) قوتابیی دووەم/ کارتێک هەڵدەبژێرێ و دەیخوینێتەوە بۆ قوتابیی سێیەم<br>(3) قوتابیی چوارەم / ئاگادار دەکرێتەوە لە پرسیارەکە لە بەرئەوەی وەڵامەکە لای ئەوە .<br>(4) قوتابیی سێیەم/ وەڵامی پرسیارەکە دەداتەوە، دواى ڕونکردنەوە لە قوتابیی چوارەم دەکات ئەگەر پێویست بوو.<br>(5) قوتابیی چوارەم / فیدباکی قوتابیی سێیەم دەکات کە ئایا وەڵامەکەی ڕاستە یان هەڵەیە.<br>( وەک لە هێڵکاری ژمارە ( 3 ) ڕونکراوەتەوە )<br>پرۆسەکە بەردەوام دەبێت تاوەکو هەموو کارتەکان تەواو دەبێت ئەویش بەئاڵو گۆڕی ڕۆڵەکان بۆ هەموو قوتابییێک لە هەر گروپێک لەکاتی وەڵام دانەوەی قوتابیی سێیەم بەدروستی ئەوا مامۆستا وەک پاداشتێک نمرەیەک بۆ گروپەکەیان لەسەر وایت بۆردەکە تۆمار دەکات بەڵام ئەگەر هەڵە بوو ئەوا خاڵ وەرناگرن . دواى تەواوبوونی هەر گروپێک ئاڵوگۆڕ بە کارتەکان دەکرێت . | 5(پێنج خولەک) | چاودێری کردن وهەڵسەنگاندنی مامۆستا بۆ چالاکییەکانی گروپەکان |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | |  | |
| چاودێری کردن وهەڵسەنگاندنی مامۆستابۆ چالاکییەکانی | 20<br>خولەک | هەڵسەنگاندن :<br>گروپی یەکەم :<br>پرسیار بەشێوەی کارت :<br>پ1/ مەبەست لە چاخە مێژووییەکان چیە؟<br>پ2/ چاخە مێژوویەکان لەکوێ دەستی پێکرد؟<br>پ3/ لە دۆڵی ڕافیدەین لە دەوروبەری ساڵی چەند چاخە مێژووییەکان دەستی پێکرد ؟<br>پ4/ چاخە مێژووییەکان لەدۆڵی نیل دەستی پێکرد لە دەوروبەری ساڵی چەند؟<br>وەڵام بەشێوەی کارت:<br>و1.بەو چاخانە دەوترێت کە مێژووی تیادا نوسراوەتەوە، واتە چاخەکانی داهێنانی نوسینە.<br>و2.لە دۆڵی ڕافیدەین و دۆڵی نیل.<br>و3.لە دەوروبەری ساڵی 3200 پ .ز.<br>و4.لە دەوروبەری ساڵی 3100 پ . ز. دەستی پێکرد.<br>گروپی دووەم<br>پرسیار :<br><br>پ1/ بە داهێنانی نوسین چی ڕوویدا؟<br>پ2/ لە دۆڵی ڕافیدەین نوسینی مێخیان لەسەرگەڵای بەرد بەکارهێنا ؟ ( ڕاستە یان هەڵەیە )<br>پ3/ لە دۆڵی ڕافیدەین کام نوسین بەکاردەهات؟<br>پ4/ لە دۆڵی نیل نوسینی ________ بەکارهات؟<br>وەڵام :<br>و1.بەداهێنانی نوسین مرۆڤ دەستی کرد بە تۆمارکردنی نوسین.<br>و2.هەڵەیە.لەسەر تاتە قوڕینەکان و قەڵەمی نوک سێگۆشەیان بەکاردەهێنا.<br>و3.نوسنی مێخی بەکاردەهات.<br>و4.نوسینی هیرۆگلۆفی بەکارهات.<br><br>گروپی سێیەم /<br>پرسیار :<br>پ1/ سەرەتای پەیدابوونی نوسینی مێخی بە چی ناودەبرێت؟<br>پ2/ لە دوای نوسینی کێشانی وێنەی مرۆڤ چۆن نوسینی مێخی بەکاردەهێنا؟ | نوسینی مێخی<br><br>مۆری لولەی |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | پ3/ لە دۆڵی ڕووباری نیل نوسینی هیرۆگلۆفیان لەسەر چی بەکارهێنا و بەچی دەیان نوسی؟<br>پ4/ چۆن نوسینی وێنەی بەکاردەهات؟<br><br>وەڵام:<br>و1.بەنوسینی وێنەی یان دیمەنی ناودەبرێت.<br>و2. مرۆڤ لەدوای نوسینی وێنەی توانی دیمەنی شتەکان بەهێڵی ئاسۆی و ستوونی دەربڕێ.<br>و3. لەسەر گەلای بەردی بەمەرەکەب و قەڵەم و فڵچەو پەڕ.<br>و4. ئەگەر بیویستایە ناوی ماسی ببات ئەوا وێنەی ماسیەکەی دەکێشا و ئەگەر بیویستایە ووشەی ژن .بنوسی ئەوا وێنەکەی دەکرد بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێ گوزارشت لە ژنیکی دیاریکراو بکات.<br>**گروپی چوارەم**<br>پرسیار :<br>پ1/ قەڵەم لەچی دروستدەکرا لە نوسینی مێخی؟ ( دار. پەڕ. قامیش. بەرد ) .<br>پ2/ بۆچی بەنوسینی مێخی ناودەبرێت ؟<br>پ3/ مۆری لولەی کەی دەرکەوت ؟<br>پ4/ مۆری لولەیی لەسەر ________ بەکاردەهات؟<br>وەڵام :<br>و1.قەڵەمی لە قامیش دروستکرد .<br>و2.لەبەرئەوەی نیشانە وێنەییەکان شێوەی مێخیان لەخۆگرت.<br>و3.مۆری لولەی هاوچەرخ بوو لەگەڵ دەرکەوتنی نوسیندا.<br>و4.لەسەر تاتە قوڕینەکان بەکاردەهات.<br><br>**گروپی پێنجەم**<br>پرسیار :<br>پ1/ بۆ چ مەبەستێک مۆری لولەی بەکاردەهات؟<br>پ2/ مۆر لەو سەردەمەدا لەچی دروست دەکرا؟ ( مس. بەردی بەنرخ. دار. ئاسن )<br>پ3/ مرۆڤ لەو سەردەمەدا چۆن مۆری لولەی دەپاراست؟<br>پ4/ بۆچی وێنەو هێماکانی سەر مۆرەکە بەپێچەوانەوە هەڵدەکەندران؟<br>وەڵام :<br>و1.بۆ دەستنیشانکردن و ناسینەوەی کەلوپەلەکان و گەڕانەوەی بۆ خاوەن موڵکی دیاریکراو.<br>و2.لەبەردە بەنرخەکان دروست دەکرا.<br>و3.کونیان تێدەکرد تا لە مەچەکی خۆیانی توند بکەن یان بیکەنە ملیان و لە وون بوون بیپارێزن.<br>و4.بۆ ئەوەی لەکاتی چاپ کردنی بەڕاستی بێنە بەرچاو. | | گروپەکان |
| | **شیکردنەوەو شەرحکردنی وانەکە بەگشتی لەلایەن مامۆستاوە :** | 5خولەک | |
| | کورتەی وانەکە (3) خولەک :کورتەی وانەکە پێکهاتووە لە دووبارەکردنەوەی خاڵە سەرەکیەکانی بابەتەکە بەشیوەی کورت بۆزیاتر ڕونکردنەوەی زانیاریەکان بەم شێوەیە:<br>_ چاخە مێژووییەکان بەو چاخانە دەوترێت کە نووسین تێدا دەرکەوت.<br>_ مێژووی مرۆڤایەتی لەو سەردەمە بەدواوە نوسرایەوە. | 3 خولەک | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | _ مۆری لولەیی لەشارستانیەتەکانی دۆڵی نێوان دوو ڕوبار بەکاردەهات.<br>_ نوسینی مێخی واتە ئەو جۆرە نوسینەی هێماکانی لە شێوەی مێخ یاخود بزمار بوو هەر هێمایەک ئاماژەیە بۆ پیت و مەبەستێک. | | |
| | هەڵسەنگاندن (5) خولەک: مامۆستا پرسیار ئاراستەی قوتابیەکان دەکات بۆ زانینی ڕادەی سەرکەوتنی وانەکەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەکە.<br>_ مەبەست لە چاخە میژووییەکان چییە؟<br>_ کەی چاخە مێژوویەکان دەستی پێکرد؟<br>_ لە کوێ چاخە مێژووییەکان سەری هەڵدا؟<br>_ شیوازەکانی نوسینی مێخی چۆن بوون ؟<br>_ بۆچی پێی دەوترێت نوسینی مێخی؟<br>_ کەی مۆری لولەی دەرکەوت؟<br>_ مەبەست لە دروستکردنی مۆری لولە چیبوو؟ | 5خولەک | |
| | ئەرکی ماڵەوە :<br>پێداچونەوە بۆ بابەتی ئەمرۆ ، خوێندنی بابەتی ( میللەتە دێرینەکانی باشوری دۆڵی ڕافیدەین .... یەکەم / سۆمەرییەکان) | 2 خولەک | |
| | **سەرچاوەکانی وانە:**<br>_احمد، جمال رشید و ڕەشید، فەوزی (2019): و، کەلاری، ملکۆ، مێژووی کۆنی کورد، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.<br>_باقر، تەها (2018): سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانە دێرینەکان، و، عەللاف، عوسمان عزیز و کریم، ئەفراسیاب رشید، چاپخانەی تاران، تاران.<br>سەرچاوەی قوتابی :<br>_بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/ مێژوو لەکتێبی بڕیارلێدراوی خوێندن لەهەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ئامادەکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپی 2018. | | |

## هێڵکاری (3) وانەوتنەوە بەستراتیژیەتی کارتەکراوەکان



## نموونەی پلانێکی وانەوتنەوە شێوەی باو ( ئاسایی )

پۆل : حەوتەمی بنەڕەتی بابەت : زانستە کۆمەڵایەتییەکان ( مێژوو )

گروپ : (أ) ئەزموونی ڕۆژ و ڕێکەوتی جێبەجێکردنی:

وانەی: سێیەم کات : (40) خولەک

بابەتی وانە: (چاخە مێژووییەکان)

---

**ئامانجی گشتی:** ئاشناکردنی قوتابیان بە چاخە مێژووییەکان و چۆنێتی ژیانی مرۆڤ تیایاندا.

**ئامانجە ڕەفتارییەکان:**

**أ/ بواری ئامانجە مەعریفییەکان:**

_ پێناسەی چاخە مێژووییەکان بکەن .

_ زانینی کاتی سەرهەڵدانی چاخە مێژوییەکان.

_ جیاکردنەوەی ناوچەکانی سەرهەڵدانی چاخە مێژووییەکان.

_ فێرخواز فێربێت نوسینی مێخی و هێرۆگلیفی لەسەر چی نوسراون، هەریەک لەم نوسینانە لە کوێ بەکارهێنراون.

_ جیاکردنەوەی قۆناغەکانی نوسینی مێخی و شێوازی نوسینی.

_ فێرخوا بزانێت مۆری لولەیی کەی و بۆ چ مەبەستێک بەکارهێنراوە .

_ فێرخواز ڕونیبکاتەوە مۆری لولەیی لەچی دروستکراوە و چۆن پارێزگارییان لێ کردووە .

- ب/ بواری ئامانجە ویژدانیەکان:

_ هەست بە گرنگی چاخەمێژوویەکان بۆ مێژووی مرۆڤایەتی بکات.

_ درک بە سەختی ژیان و شێوازی ژیانکردن لەو ڕۆژگارانە بکات.

_ بۆی ڕونبێتەوە چۆن توانیویانە خۆراک لە ڕێگەی ڕاو شکارەوە بەدەستبهێنن.

- ج / بواری ئاماجە دەروون- جوڵەییەکان:

_ دیاریکردنی گرنگترین شوێنەواری مرۆڤی چاخەکۆنەکان لەسەر نەخشەی کوردستان.

_ بینینی هەندێک پاشماوەی ئاسەواری شوێنەواری مرۆڤ لە چاخە مێژوویە کۆنەکان.

_ وێنەگرتنی هەندێک کەرەستە و قاپ و قاچاخی بەکارهاتووی سەردەمی کۆن.

**ئامرازە فێرکارییەکان: بریتین لە:** (وایت بۆرد _ ماجیکی ڕەنگاو ڕەنگ _ کورتە ڤیدیۆیەک (فیچەرێک) لەسەر ژیانی مرۆڤی چاخە بەردینەکان _ وێنەی پێشبینیکراوی مرۆڤ لە چاخی مێژووی کۆن _ وێنەی نوسینی بزماری و هیرۆگلۆفی _ کارتی ڕەنگاو ڕەنگ . نەخشەی مێژووی کۆن)

**پێشەکی ( 5 ) خولەک**

مامۆستا دەست دەکات بە گونجاندن و وروژاندنی بیرو حەزی قوتابیان لەڕێگەی دووبارەکردنەوەی وانەی ڕابردوو. قوتابیان لەوانەی رابردوودا باسمان لە چاخەکانی پێش مێژوو و قۆناغەکانیمان کرد. لەوانەی ئەمرۆدا چەند بابەتێکی نوێ باسدەکەین.

**خستنەڕوو ( 25 ) خولەک**

مامۆستا. قوتابییەکان ئاڕاستە دەکات بۆ ناونیشانی بابەتەکە کە لەسەر تەختەی سپی پۆل نوسراوە. پاشان دەست دەکات بە خستنە ڕووی وانەکە بەشێوەی پرسیارکردن بۆنمونە. تەوەری سەرەکی بابەتی ئەمڕۆمان بریتیە لە چاخە مێژووییەکان.

پ/ مەبەست لە چاخە مێژووییەکان چیە؟

و.بەو چاخانە دەوترێت کە مێژووی تیادا نوسراوەتەوە. واتە چاخەکانی داهێنانی نوسینە.

مامۆستا: زۆر ڕاستە

پ / چاخە مێژوویەکان لە کوێ دەستی پێکرد؟

و. له دۆڵی ڕافیدەین و دۆڵی نیل.
مامۆستا: ئافەرین .
پ / کەی چاخە مێژووییەکان له دۆڵەکانی ڕافیدەین و نیل دەستیان پێ کرد؟
و.له دەوروبەری ساڵی 3200 پ .ز له دۆڵی ڕافیدەین و له دەوروبەری ساڵی 3100 پ . ز له دۆڵی نیل دەستی پێکرد.
مامۆستا/ زۆر ڕاسته هەربژی.
پ / بەداهێنانی نوسین چی ڕوویدا؟
و. به داهێنانی نوسین مرۆڤ دەستی کرد به تۆمارکردنی نوسین.
مامۆستا: زۆر باشه
پ / خەڵکی دێرینی دۆڵی ڕافیدەین و دۆڵی نیل چ نوسینێکیان بەکاردەهێنا؟
و.له دۆڵی ڕافیدەین نوسینی مێخی بەکارهات بەڵام نوسینی هیرۆگلۆفی له دۆڵی نیل بەکارهات.
مامۆستا: زۆرباشه ئافەرین.
پ/ له دۆڵی ڕافیدەین نوسینی مێخیان لەسەرچی دەنوسی. چ قەڵەمێکیان بەکاردەهێنا؟
و.لەسەر تاته قوڕینەکان و قەڵەمی نوک سێگۆشەیان بەکاردەهێنا.
مامۆستا/ ئافەرین
پ / دانیشتوانی دێرینی دۆڵی نیل. نوسی هێرۆگلێفییان لەسەر چی دەنوسی؟ چیان بەکاردەهێنا بۆ نوسین؟ بەچی دەیان نوسی؟
و. نوسینه هێرۆگلێفییەکان لەسەر گەڵای زەل نوسراون. مەرەکەب له نوسینەکه بەکارهێنراوە. قەڵەم و فڵچه و پەڕیان بەکارهێناوە بۆ نوسین.
مامۆستا / ئافەرین ڕاسته
مامۆستا: بەڵێ. بەداهێنانی نوسین کۆتایی به چاخەکانی پێش مێژوو دێت و چاخه مێژووییەکان دەست پێدەکات ئەمەیش له دۆڵی ڕافیدەین( میسۆپۆتامیا ) له دەوروبەری 3200 پ . ز و له دۆڵی نیل له دەوروبەری 3100 پ .ز. مرۆڤ توانی بەم داهێنانه دەست بکات بەتۆمارکردن و نوسینەوەی مێژوو ئەمەش وەرچەرخانێکی گرنگ بوو له مێژووی مرۆڤایەتیدا چونکه لەم قۆناغه بەدواوە مرۆڤ توانی هەموو ڕووداو پێش کەوتن و شارستانیەکانیەکانی بنوسیتەوەو لەفەوتان ڕزگاریان بکات و جێی بهێڵێت بۆ نەوەکانی داهاتووی. له دۆڵی ڕافیدەین نووسینی بزماری (مێخی) لەنوسیندا بەکاردەهێنا لەسەر تاته قوڕینەکان بەقەڵەمی نوک سێ گۆشه . هەروەها له دۆڵی نیل نوسینی هیرۆگلۆفی لەنوسیندا بەکاردەهات لەسەر گەڵای بەردی بەمەرەکەب و قەڵەم و فڵچه و تەل .
پ / سەرەتای پەیدابوونی نوسینی مێخی بەچی ناودەبرێت؟
و.بەنوسینی وێنەی یان دیمەنی ناودەبرێت.
پ / چۆن نوسینی وێنەی بەکارهات؟
و.ئەگەر بیویستایه ناوی ماسی ببات ئەوا وێنەی ماسیەکەی دەکێشا و ئەگەر بیویستایه ووشەی ژن بنوسی ئەوا وێنه کەی دەکرد .
مامۆستا/ ئافەرین
پ / لەدوای نوسینی وێنەی مرۆڤ چۆن و بەچ شێوازێک نوسینی مێخی بەکاردەهێنا؟
و.مرۆڤ لەدوای نوسینی وێنەی توانی دیمەنی شتەکان بەهێڵی ئاسۆی و ستوونی دەرببڕێ.
مامۆستا/ دەست خۆش
پ / ئەو پێنوسەی که نوسینی مێخی پێ دەنوسرا له چی دروستکرابوو؟
قەڵەمی له قامیش دروستکرد وو نووکی سێگۆشەی بەکارهینا.
مامۆستا / ئافەرین
پ / بۆچی بەنوسینی مێخی ناودەبرێت؟
و.لەبەرئەوەی نیشانه وێنەییەکان شێوەی مێخیان لەخۆگرتبوو .
مامۆستا / زۆرباشه
مامۆستا: بەڵێ نوسینی مێخی بەچەند قۆناغێکدا تێپەڕیوە لەسەرەتای پەیدابونیدا بەنوسینی وێنەی یان دیمەنی ناودەبرێت بۆنموونه ئەگەر بیویستایه ووشەی ژن بنوسی ئەوا وێنەکەی دەکرد بەڵام بەبێ ئەوەی بتوانێ گوزارشت له ژنێکی دیاریکراو بکات دواتر مرۆڤ بەرە بەرە نیشانه وێنەییەکانی سادەتر کرد تاگەیشته ئەوەی دیمەنی شتەکانی بەهێڵی ئاسۆیی و ستونی دەرببڕێ. قەلەمی لەقامیش دروست

**دەکرد بۆ ئەم مەبەستە نووکی سێ گۆشەی بەکاردەهێنا. لەئەنجامدا نیشانە وێنەییەکان شێوەی مێخیان وەرگرت بۆیە بەنوسینی مێخی ناودەبرێت.**

**پ/ مۆری لولەی کەی دەرکەوت؟**

**و.مۆری لولەی هاوچەرخ بوو لەگەڵ دەرکەوتنی نوسیندا.**

**مامۆستا/ ئافەرین**

**پ / مۆری لولەی لەسەر چی و بۆ چ مەبەستێک بەکاردەهات؟**

**و.لەسەر تاتە قوڕینەکان بەکاردەهات. بۆ دەستنیشانکردن و ناسینەوەی کەلوپەلەکان و گەڕانەوەی بۆ خاوەن موڵکی دیاریکراو.**

**پ / مۆر لەو سەردەمەدا لەچی دروست دەکرا مرۆڤ چۆن مۆری لولەی دەپاراست؟**

**و.لەبەردە بەنرخەکان دروست دەکرا. کونیان تێدەکرد تا لەمەچەکی خۆیانی توند بکەن یان بیکەنە ملیان و لەوون بوون بیپارێزن**

**مامۆستا : هەربژی**

**پ / بۆچی وێنەو هێماکانی سەر مۆرەکە بەپێچەوانەوە هەڵ دەکەندران؟**

**و.بۆ ئەوەی لە کاتی چاپ کردنی بەڕاستی بێنە بەرچاو.**

**مامۆستا: ئافەرین**

**مامۆستا: بەڵێ دەرکەوتنی مۆری لولەی هاوچەرخ بوو لەگەڵ دەرکەوتنی نوسیندا لەسەر تاتە قوڕینەکان. بیرۆکەی مۆری لولەی لەبەرد یان لەبەردە بەنرخەکان دروست دەکران، مەبەست لە دروستکردنی مۆر بۆ ناسینەوەی کەلوپەلەکان و دەستنیشانکردنیان بووە و گەڕانەوەیان بوو بۆ خاوەن موڵک، وێنە و هێماکان کە لە سەرمۆرەکە هەڵدەکەندران بەپێچەوانەوە هەڵدەکەنران بۆ ئەوەی لەکاتی چاپکردن بەڕاستی بێنە بەرچاوو. بۆ پاراستنی مۆر مرۆڤ لەوسەردەمەدا کونیان تێدەکرد تالە مەچەکی خۆیانی توند بکەن یان بیکەنە ملیان و لەونبوون بیپاریزن .**

**کورتەی وانەکە (3) خولەک** :کورتەی وانەکە پێکهاتووە لەدووبارەکردنەوەی خاڵە سەرەکیەکانی بابەتەکە بەشیوەی کورت بۆزیاتر ڕونکردنەوەی زانیاریەکان بەم شێوەیە:

**_ چاخە مێژووییەکان بەو چاخانە دەوترێت کە نووسین تێدا دەرکەوت.**

**_ مێژووی مرۆڤایەتی لەو سەردەمە بەدواوە نوسرایەوە.**

**_ مۆریی لولەیی لە شارستانیەتەکانی دۆڵی نێوان دوو ڕوبار بەکاردەهات.**

**_ نوسینی مێخی واتە ئەو جۆرە نوسینەی هێماکانی لە شێوەی مێخ یاخود بزمار بوو هەر هێمایەک ئاماژەیە بۆ پیت و مەبەستێک**

**. هەڵسەنگاندن (5) خولەک**: مامۆستا یەک پرسیار ئاڕاستەی قوتابیەکان دەکات بۆ زانینی ڕادەی سەرکەوتنی وانەکەو بەدیهێنانی ئامانجەکانی وانەکە.

**_ مەبەست لە چاخە میژووییەکان چییە؟**

**_ کەی چاخە مێژوویەکان دەستی پێکرد؟**

**_ لە کوێ چاخە مێژووییەکان سەری هەڵدا؟**

**_ شیوازەکانی نوسینی مێخی چۆن بوون ؟**

**_ بۆچی پێی دەوترێت نوسینی مێخی؟**

**_ کەی مۆری لولەی دەرکەوت؟**

**_ مەبەست لە دروستکردنی مۆری لولە چیبوو؟**

**ئەرکی ماڵەوە (2) خولەک:**

**پێداچونەوە بۆ بابەتی ئەمڕۆ، خوێندنی بابەتی( میللەتە دێرینەکانی باشوری دۆڵی ڕافیدەین .... یەکەم/ سۆمەرییەکان)**

**سەرچاوەی وانە:**


**_احمد، جمال رشید و ڕەشید، فەوزی (2019): و، کەلاری، ملکۆ، مێژووی کۆنی کورد، چاپی پێنجەم، چاپخانەی ئەندێشە، سلێمانی.**

**_باقر، تەها (2018): سەرەتایەک بۆ مێژووی شارستانە دێرینەکان، و، عەللاف، عوسمان عزیز و کریم، ئەفراسیاب رشید، چاپخانەی تاران، تاران.**

**_بابەتەکۆمەڵایەتیەکان/ مێژوو لەکتێبی بڕیارلێدراوی خوێندن لەهەرێمی کوردستانی عێراق بۆ پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی ئامادەکراوە لەلایەن وەزارەتی پەروەردەیی حکومەتی هەرێمی کوردستان، چاپی 2018.**

## پاشکۆی ( 21 )

## کلیلی وەڵامە نموونەی تاقیکردنەوەی دەستهاتی خوێندن

### وەڵامی پرسیاری یەکەم / هەڵبژاردن

| | أ | ب | ج | د |
|---|---|---|---|---|
| 1 | | | ✓ | |
| 2 | | | | ✓ |
| 3 | | ✓ | | |
| 4 | ✓ | | | |
| 5 | | ✓ | | |
| 6 | | | ✓ | |
| 7 | | ✓ | | |
| 8 | | ✓ | | |
| 9 | | | ✓ | |
| 10 | ✓ | | | |
| 11 | | | ✓ | |
| 12 | | | | ✓ |
| 13 | | | | ✓ |
| 14 | | ✓ | | |
| 15 | | | ✓ | |
| 16 | | ✓ | | |
| 17 | | ✓ | | |
| 18 | | | ✓ | |
| 19 | ✓ | | | |
| 20 | ✓ | | | |

### وەڵامی پرسیاری دووەم / هەڵبژاردن

| | أ | ب | ج | د |
|---|---|---|---|---|
| 1 | | ✓ | | |
| 2 | ✓ | | | |
| 3 | | | ✓ | |
| 4 | | | | ✓ |
| 5 | ✓ | | | |

## وەڵامی پرسیاری سێیەم / وەڵام سنوردار

| | وەڵامی دروست بۆ پرسیاری وەڵام سنوردار | نمره |
|---|---|---|
| 1 | سەرچاوەکانی پێش زاین بریتین لە ( أ ) ئامێرە بەردینەکان ( ب ) نەخش و نیگاری سەر دیواری ئەشکەوت و ئێسقانەکان<br>پاشماوەی سەرچاوەکانی دوای زاین ( أ ) نوسین ( ب ) پاشماوەی شارەکۆنەکان تەلارو خانوی پەرستگاکان | 2 |
| 2 | _ ماوەی فەرمانڕەوای شاپوری یەکەم لەنێوان ساڵانی ( 242_ 272 ) ز<br>_ کارەکانی دەرەوەی بریتی بوو لە کەمکردنەوەی مەترسی بێزەنتیەکان و سەرکەوتن بەسەریاندا<br><br>_ ماوەی فەرمانڕەوای شاپوری دووەم لەنێوان ساڵانی ( 310_ 379 ) ز<br>قەڵای ئامەدی لە دەستی بێزەنتیەکان ڕزگارکرد . عەرەبەکانی هەرێمی بەحرەینی شکاند پەیمان بەستن لەگەڵ هۆزەکانی هون . | 2 |
| 3 | بەهۆی بەپیتی زەویەکەی گونجاوی کەش و هەواکەی و بوونی سەرچاوەی ئاوی باش تێیدا . | 2 |
| 4 | چاخی بەردینی ناوەڕاست : 1 _ لە دەشت و دۆڵە بەپیتەکان دەژیان . 2 _ پەرەی بەئامێرە بەردینەکان دا وەک دەستاڕو پاچەکۆڵە 3_ چاڵی تایبەتی دروستکرد بۆ کۆکردنەوەو پاراستنی دانەوێلە .<br><br>چاخی بەردینی نوێ : 1 _ دەستکردن بەکشتوکاڵکردن 2 _ خانوی دروستکردوو نیشتەجێبوونی هەمیشەی دەستی پیکرد . 3_دەرکەوتنی سیمای پەرستش . | 2 |
| 5 | بەهۆی فراوانبونی دەسەڵاتیان و داگیرکردنی وڵاتی سۆمەرو ئەکەدەوە بۆماوەی سەدەو چارەکە سەدەیەک . | 2 |

## پاشکۆی ( 22 )

## نمرەی قوتابییانی هەردوو گروپی توێژینەوە لە تاقیکردنەوەی دەستهات

| ژ | گروپی ئەزمونی | گروپی کۆنترۆڵکار |
|---|---|---|
| 1 | 27 | 24 |
| 2 | 16 | 12 |
| 3 | 26 | 26 |
| 4 | 28 | 20 |
| 5 | 30 | 16 |
| 6 | 30 | 23 |
| 7 | 28 | 25 |
| 8 | 32 | 27 |
| 9 | 19 | 11 |
| 10 | 17 | 23 |
| 11 | 14 | 20 |
| 12 | 24 | 14 |
| 13 | 29 | 18 |
| 14 | 30 | 22 |
| 15 | 26 | 21 |
| 16 | 21 | 20 |
| 17 | 26 | 24 |
| 18 | 33 | 17 |
| 19 | 25 | 22 |
| 20 | 20 | 15 |
| 21 | 25 | 27 |
| 22 | 30 | 18 |

## پاشکۆی (23)

## قوتابییانی پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی



ژمارەی قوتابیان بە پێی حاڵەت و پۆل و ڕەگەز

| پەروەردەی گشتی | پەروەردە | قوتابخانە | ژمارەی قوتابیان بە پێی حاڵەت و پۆل و ڕەگەز و قوتابخانە | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | پۆلی حەفتەم | | | کۆی گشتی |
| | | | نێر | مێ | کۆی گشتی | |
| ب.گ.پ.سلیمانی | ب.پ.پێنجوین | بادەڵان ی بنەڕەتی | 1 | 1 | 2 | 2 |
| | | بۆرپدەر ی بنەڕەتی | 2 | 5 | 7 | 7 |
| | | پێنجوێن ی بنەڕەتی | 12 | 2 | 14 | 14 |
| | | تایمس ی بنەڕەتی | 1 | | 1 | 1 |
| | | تەرتەوەن ی بنەڕەتی | 2 | 8 | 10 | 10 |
| | | جلال محمود ی بنەڕەتی | 91 | 2 | 93 | 93 |
| | | چوتیسە ی بنەڕەتی | 1 | 2 | 3 | 3 |
| | | چەوتان ی بنەڕەتی | 1 | 1 | 2 | 2 |
| | | دارۆخان ی بنەڕەتی | 3 | 4 | 7 | 7 |
| | | دەرەمیانە ی بنەڕەتی | 6 | 2 | 8 | 8 |
| | | سمایل ئاوا ی بنەڕەتی | 4 | | 4 | 4 |
| | | سەرسوراو ی بنەڕەتی | 4 | 7 | 11 | 11 |
| | | سوراو ی بنەڕەتی | 1 | | 1 | 1 |
| | | سوترە ی بنەڕەتی | 1 | | 1 | 1 |
| | | سیاگوێز ی بنەڕەتی | 2 | 1 | 3 | 3 |
| | | سیامێوە ی بنەڕەتی | 6 | 4 | 10 | 10 |
| | | شلێر ی بنەڕەتی | 21 | 13 | 34 | 34 |
| | | شۆڕشی نوێ ی بنەڕەتی | 1 | 54 | 55 | 55 |
| | | شێرە ی بنەڕەتی | 1 | 1 | 2 | 2 |
| | | کەژان ی بنەڕەتی | 91 | 1 | 92 | 92 |
| | | گولانی ناوەڕاست ی بنەڕەتی | 7 | 2 | 9 | 9 |
| | | گوخلان ی بنەڕەتی | 7 | 9 | 16 | 16 |
| | | گەرمك ی بنەڕەتی | 20 | 25 | 45 | 45 |
| | | ملەکەوە ی بنەڕەتی | 121 | 1 | 122 | 122 |
| | | میراوا ی بنەڕەتی | 1 | 1 | 2 | 2 |
| | | مێرگەسیر ی بنەڕەتی | 7 | 12 | 19 | 19 |
| | | مێشەرۆ ی بنەڕەتی | 5 | 3 | 8 | 8 |
| | | هۆمەران ی بنەڕەتی | 12 | 7 | 19 | 19 |
| | | وێنە ی بنەڕەتی | 3 | 3 | 6 | 6 |

https://e-parwarda.com/Student/ReportViewer?type=normal#

1/2

ژمارەی قوتابیان بە پێی حاڵەت و پۆل و ڕەگەز

| پەروەردەی گشتی | پەروەردە | قوتابخانە | نێر | مێ | کۆی گشتی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | پۆلی حەفتەم | | | |
| ب.گ.پ.سلێمانی | ب.پ.پێنجوێن | کانی خان ی بنەڕەتی | 4 | 1 | 5 | 5 |
| | | کانی هەرمێ ی بنەڕەتی | 1 | 1 | 2 | 2 |
| | | کواوا ی بنەڕەتی | 2 | 1 | 3 | 3 |
| | | کورە مێوی خوارو ی بنەڕەتی | 1 | | 1 | 1 |
| | | باخ ی بنەڕەتی | | 1 | 1 | 1 |
| | | بلکیان ی بنەڕەتی | | 75 | 75 | 75 |
| | | کانی ماسیان ی بنەڕەتی | | 3 | 3 | 3 |
| | | ماسیدەر ی بنەڕەتی | | 2 | 2 | 2 |
| | | کۆموفتی پێنجوێنی ی بنەڕەتی | | 56 | 56 | 56 |
| | | ناوشاخان ی بنەڕەتی | | 100 | 100 | 100 |
| | | هۆشیاری ی بنەڕەتی | | 1 | 1 | 1 |
| | | ڕەزلە ی بنەڕەتی | | 2 | 2 | 2 |
| | | کانی میرانی باباعلی ی بنەڕەتی | | 3 | 3 | 3 |
| | | کۆی گشتی | 443 | 417 | 860 | 860 |
| کۆی گشتی | | | 443 | 417 | 860 | 860 |

Table title: ژمارەی قوتابیان بە پێی حاڵەت و پۆل و ڕەگەز و قوتابخانە

10/13/21, 10:35 AM

ژمارەی قوتابیان بە پێی حاڵەت و پۆل و ڕەگەز

ژمارەی قوتابیان بە پێی حاڵەت و پۆل و ڕەگەز و قوتابخانە

| پەروەردەی گشتی | پەروەردە | قوتابخانە | نێر | مێ | کۆی گشتی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | پۆلی حەفتەم | | | |
| ب.گ.پ.سلێمانی | ب.پ.پێنجوێن | دواناوەندی سێکوان ی ئێواران ی تێکەڵاو | 3 | | 3 | 3 |
| | | دواناوەندی ناوخوان ی تێکەڵاو | 8 | 6 | 14 | 14 |
| | | دواناوەندی نالپارێز ی تێکەڵاو | 14 | 6 | 20 | 20 |
| | | کۆی گشتی | 25 | 12 | 37 | 37 |
| کۆی گشتی | | | 25 | 12 | 37 | 37 |

## پاشکۆی (24)

## ڕێگەپێدان بۆ کاری ئەزموونی توێژینەوەکە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی پێنجوێن



حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ . پەروەردەی سلێمانی
ب. پەروەردەی پێنجوێن

حكومة إقليم كوردستان-العراق
رئاسةمجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية تربية بينجوين

ژمارە : ٢٩٨ / خۆیەتی و میلاک
ڕێکەوت: / / ٢٧٢١ کوردی

العدد: ٢٩٨ /
التأريخ: ٩ / ٢ / ٢٠٢٢

بۆ / قوتابخانەی جلال محمودی بنەڕەتی

بابەت / مەشقی پراکتیکی .

بەڕێز ( هەڵۆ کریم محمد ) خوێندکاری خوێندنی باڵا / ماستەر /لە بەشی زانستە کۆمەڵایەتیەکانی زانکۆی سلێمانی، بەمەبەستی ئەنجامدانی مەشقی پراکتیکی لە قوتابخانەکەتان دێتە لاتان بۆ ماوەی ( ٣ ) مانگ لە سەرەتای وانەی دووەمی خوێندنەوە .

لەگەڵ ڕێزدا ...... .

بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن
دەرچوو
ژمارە :
بەروار : / /

ئالان ابوبکر احمد
لێپرسراوی خۆیەتی و میلاک

وێنەیەک بۆ :-
- ئەرشیف .

کەژان / ٢٠٢٢/٢/٩

ناونیشان:هەرێمی کوردستان-عێراق- پێنجوێن- گەڕەکی بەرباخ عنوان:اقليم كوردستان-العراق-بينجوين-محلة برباخ Address:Kurdistan Region-Iraq-Penjwen-Barbax Quarter
ئیمەیڵ: Penjwen@suliparwarda.com تەلەفون: ( ٠٠٩٦٤٧٧٠٢٦٤٦٤٠٤+ ) www.gov.krd

## پاشکۆی (25)

## ئەنجامدانی کاری ئەزموونی لەقوتابخانەی جلال محمودی بنەڕەتی

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عیراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ. پەروەردەی سلێمانی
ب. پەروەردەی پێنجوێن
قوتابخانەی ( جلال محمود) ی بنەرەتی

حکومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية تربية بنجوين
مدرسة ( جلال محمود ) الاساسية

ژمارە: ٣٧
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی

العدد:
التأريخ: ١٧ / ٨ / ٢٠٢٢

بۆ/ بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن

بابەت/ پشتگیری

پشتگیری بەڕێز (هەڵۆ کەریم مجمد ) دەکەین بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢١-٢٠٢٢) لەوەرزی دووەم بابەتە کۆمەڵایەتیەکانی پۆلی حەوتەمی قوتابخانەکەمانی ووتۆتەوە.

لەگەڵ ڕێزدا...

بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن
قوتابخانەی (جلال محمود)ی بنەرەتی

محمد صالح علی
بەڕێوەبەر

ناونیشان: هەرێمی کوردستان-عێراق- پێنجوێن- گەڕەکی کانی مینا
عنوان: اقليم كوردستان-العراق- بنجوين- محلة كانى مينا
Address: Kurdistan Region-Iraq, Penjwen, Kani-Mina Quarte
ئیمەیل: jalalmahmoud2004@gmail.com
تەلەفۆن: ٠٧٧٢٥٢٧٩٦٤٧
www.gov.krd

## پاشکۆی (26)

## پشتگیری قوتابخانەی ناوشاخانی بنەڕەتی بۆ ڕێکارییەکانی توێژینەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان-عێراق
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ . پەروەردەی سلێمانی
ب. پەروەردەی پێنجوێن
قوتابخانەی ( ناوشاخان )ی بنەڕەتی

حكومة إقليم كوردستان-العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانية
مديرية تربية بينجوين
مدرسة ( ناوشاخان ) الاساسية

ژمارە :
ڕێکەوت: / / ٢٧٢١ کوردی

کۆدی قوتابخانە / ٢١٢٠٢٩

العدد: ٥٥
التأريخ: ١٧/ ٨ / ٢٠٢٢

بۆ / بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن

بابەت / پشتگیری

بە نووسراومان پشتگیری لە بەڕێز ( هەڵۆ کریم محمد ) دەکەین کە بۆ تەواو کردنی کاری توێژینەوەکەی سەردانی قوتابخانەکەمانی کردووە لە پۆلی حەوتەمی بنەڕەتی بۆ ساڵی خوێندنی ( ٢٠٢١ - ٢٠٢٢ ) ، لەسەر داوای خۆی ئەم پشتگیرییەمان بۆ کرد .

لەگەڵ ڕێزدا ..

قوتابخانەی ناوشاخان

محمد محمود علی

بەڕێوەبەر

نیشان:هەرێمی کوردستان-عێراق- پێنجوێن- گەڕەکی ڕزگاری عنوان:اقلیم کوردستان-العراق-بینجوین-محلة رزگاری Address:Kurdistan Region-Iraq-Penjwen-rzgary Quarter

تەلەفون: ( +٩٦٤(٠٧٧٠١٩٨٨٧٨١

www.gov.krd

## پاشکۆی (27)

## پشتگیری قوتابخانەی ملەکەوەی بنەڕەتی بۆ ڕێکارییەکانی توێژینەوە

حکومەتی هەرێمی کوردستان
ئەنجومەنی وەزیران
وەزارەتی پەروەردە
ب.گ . پەروەردەی سلێمانی
بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن
قوتابخانەی ( ملەکەوە)ی بنەرەتی

حكومة إقليم كوردستان- العراق
رئاسة مجلس الوزراء
وزارة التربية
المديرية العامة لتربية السليمانيه
مديرية تربية بنجوين
مدرسة ( ملەکەوە) الاساسيه

ژمارە : ٥٧ العدد:
ڕێکەوت: / / ٢٧٢٢ کوردی التأريخ: ١٧ / ٨ / ٢٠٢٢

بۆ / بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوێن

بابەت / پشتگیری

پشتگیری مامۆستا ( هەڵۆ کریم محمد ) دەکەین وەک بەشێک بۆ تەواوکردنی کاری توێژینەوەکەی سەردانی قوتابخانەکەمانی کردووە بۆ سالی خویندنی (٢٠٢١-٢٠٢٢) .

لەگەل ڕێزدا ......................................

بەڕێوەبەرێتی پەروەردەی پێنجوین
قوتابخانەی ملەکەوەی بنەرەتی

هەژار کمال عبدالله

بەڕێوەبەر

Adress: sulaimanyah, penjwen ,rzgary
Phone Number :+ ٩٦٤٧٧٠١٢٢٣١١٠ 07501178823

ناونیشان : سلێمانی- پینجوین – رزگاری
تەلەفون: 07501178823 ٩٦٤٧٧٠١٢٢٣١١٠+

حكومة اقليم كردستان / العيراق

وزارة التعليم العالي والبحث العلمي

جامعة السليمانية

كلية التربية الاساسية

قسم العلوم الاجتماعية

# فاعلية استخدام استراتيجية البطاقات المروحية على التحصيل الدراسى وتنمية الدافعية التعلم لدى طلاب الصف السابع الأساسي في مواد الاجتماعية

رسالة مقدمة الى مجلس كلية التربية الاساسية _ جامعة السليمانية كجزء من متطلبات نيل درجة الماجستير في التربية _ طرائق تدريس العلوم الاجتماعية

**الطلاب**

**هەڵۆ كريم محمد**

**باشراف**

**م.م.د.كريم احمد عزيز** **م.م.د احمد رفيق كريم**

2722 كردي 2022 ميلادي 1444 هجري

## ملخص البحث:

هدف البحث الى معرفة: (فاعلية استخدام استراتيجية البطاقات المروحية على التحصيل الدراسى وتنمية الدافعية التعلم لدى طلاب الصف السابع الأساسي لمادة الاجتماعيات) وذلك من خلال الفرضية الاتية:

- لا يوجد فروق ذات دلالة إحصائية بمستوى (0,05 بين المتوسط الحسابى للمجموعة التجريبية التي درست على وفق (استراتيجية البطاقات المروحية) و المتوسط الحسابي للمجموعة الضابطة التي درست على وفق الطريقة الاعتيادية في اختبار التحصيل الدراسي.

- لا يوجد فروق ذات دلالة إحصائية بمستوى (0,05 بين المتوسط الحسابى للمجموعة التجريبية التي درست على وفق (استراتيجية البطاقات المروحية) و المتوسط الحسابي للمجموعة الضابطة التي درست على وفق الطريقة الاعتيادية في المقايس دافعية التعلم.

اعتمد الباحث على التصميم التجريبي للمجموعتين متكافئتين، والتي درست المجموعة التجربية على وفق استراتيجية البطاقات المروحية، المتوسط الحسابي للمجموعة الضابطة التي درست علي وفق الطريقة الاعتيادية، وذلك من خلال اختبار القبلي والبعدي للمتغير التابع الاخر وذلك على أساس منهج شبه التجريبي.

مجتمع البحث: تألفت مجتمع البحث من مدارس قضاء بنجوين الاساسية والبالغ عددها (46) مدرسة للسنة الدراسية (2021 - 2022)، والبالغ عدد طلابها في مرحلة السابع الاساسي (897) طالبا وطالبة، حيث يدرسون في الدوام الصباحية.

اختيار الباحث عينة البحث بطريقة العشوائية بسيطة. وعمد الباحث الى اختيار مدرسة (جلال محمود الأساس) كعينة البحث. وقام الباحث عشوائيا باختيار شعبة (ب) لتكون مجموعة التجريبية وشعبة (ج) مجموعة الضابطة وذلك بعد ابعاد الطلبة الراسبين والبالغ عددهم (7) طلابا فصارت بذلك عينة البحث (44) طالبا. فأصبح مجموع كلتا المجموعتين (22) طالبا بالتساوي.

قام الباحث بالتكافؤ بين كلتا المجموعتين في المتغيرات (العمر، الذكاء، المعلومات المسابقة، درجاتهم للسنة الماضية في المواد الاجتماعية، المستوى التعليمي للوالدين، الدافعية)

استخدم الباحث أداتين في تطبيق البحث: الأولى اختبار التحصيل الدراسي والتي من اعداد الباحث وتكونت من (30) فقرة حسب أربع مستويات لتصنيف (بلوم) من نوعية اختيار المتعدد، وأخرجت الخصائص السيكومترية: نسبة

الصعوبة والسهولة. قوةالتمييز ، وفاعلية البدائل الخاطئة. ثم أخرج ثبات الاختبار علي أساس اجابات (100) طالب من خلال معادلة (ألفاكرونباخ) وطريقة (التجزئة النصفية) باستغدام معادلة (سثيرمان براو).

أما الأدات الثانية, فكانت مقايس دافعية التعلم, أعد الباحث هذا المقايس وصححة، ثم طبق عليه التحليلات الاحصائية التي تتمثل في ( قوة تمييز الفقرات، صدق الاتساق الداخلي للفقرات) ثم أخرج القيمة الثابتة عبر المعادلتين اللتين كانتا معادلة (بيرسون)، ومعادلة (كندال). وكانت النتائج مقبولة من حيث الجانب الاحصائي.

من أجل الوصول الى نتيجة أدق للبحث، تم الحصول علي الصحة الداخلية والخارجية للتجريبية لمجموعة من المتغيرات.

بدأ الباحث في ( 2022/2/7) بالعمل التجريبي، وكان يدرس ثلاث حصص في أسبوع، وفي (2022/14/4) أنهى تدريسه، فتبين من خلال عرض الفرضية الأولي والثانية أن هناك فروق ذات دلالة احصائية بين درجات كلتا المجموعتين في البحث، وذلك لمصلحة المجموعة التجريبية وذلك من خلال ازدياد التحصيل الدراسي، وتطوير دافعية التعلم لديهم بعد توصل الباحث في ضوء النتائج المستخلصة الي أن:

**استخدام استراتيجية البطاقات المروحية في مادة الاجتماعيات / التأريخ للصف السابع الاساسي كانت أكثر تاثيرا في التحصيل الدراسي وتنمية دافعية التعلم لدي الطلبة، مقارنة بالطريقة الاعتيادية.**

بناء علي نتائج البحث، تم تقديم حزمة من التوصيات والاقترحات لعلها تكون نافعة.

Kurdistan Region Government/Iraq

Education& Sciencec Reaserch Ministry Of Higher

University Of Sulaimani

Colleg Basic Education

Department OF social siences

# *the effectiveness of using Fan_N_Pick strategies on the academic achievement and development of learning motivation of seventh grade students in social subjects*

***thes is submited to the Council of the College of Basic Education- University of Sulaimani as a partial of the Requirements for the Master of the Degree of Education / Teaching Methods of Social Sciences***

***By***

***HALO Kareem Mohammed***

***Supervised By***

***P.A.D. Kreem Ahmad Aziz & P.A.D.Ahmad Rafiq Kareem***

1444 AIL AD 2022 2722K

**Abstract**:

*The aim of this study was to examine "the effectiveness of using Fan_N_Pick strategies on the academic achievement and development of learning motivation of seventh grade students in social subjects" by testing the following hypotheses:*

- *There is no statistically significant difference at the level of (0.05) between the mean score of the experimental group taught with "Fan_N_Pick strategies" and the mean score of students in the control group taught with "normal strategy" with respect to study achievement.*
- *There is no statistically significant difference at the level of (0.05) between the mean scores of the experimental group taught with the Fan_N_Pick strategy and the mean scores of the control group taught with the normal strategy in the final test administered to measure learning motivation.*

*The researcher relied on experimental design for two balanced groups of participants. The experimental group was taught the subject according to the Fan_N_Pick strategies while the control group was taught the same subject adopting the normal strategy followed by two end tests. A test for the variable "learning motivation" and the other targeting educational achievement variable based on the experimental method.*

*The population of this study were 897 seventh-grade students of 46 basic schools in Penjwin district for the academic year (2021-2022).*
*The researcher relied on a simple random selection method to identify the research sample. The (Jalal Mahmoud Primary School) was purposely selected from the research community as the research sample. Then 51 students were randomly selected from among three classes(branches) of seventh-grade in the (B. G) primary school. To select both experimental and control groups on both classes of the research sample the researcher again used a simple random method in which (B) became the experimental group and the group (G) became the controlled group after eliminating the students who did not pass the previous year, seven (7) students, the sample of the study was reduced to (44) students.*

*Therefore, the experimental group became (22) students and controlled group contained (22) students. Then, both groups were balanced on with regard to "age, intelligence, previous knowledge about taught subjects, last year's marks in social subjects, parents' literacy level, and motivation".*

*The researcher used two tools to conduct the study: The first was the academic test results that the researcher had prepared and derived its psychometric characteristics through drawing a table exhibiting test results.*

*According to the table, 30 questions were prepared based on Bloom's four levels of multiple-choice and limited-response questions as well as applying validity on the test. Then, the researcher performed statistical analysis on the test which included the level of difficulty and ease of the test items. The separating force and effectiveness of distraction and test reliability based on the responses of 100 students outside the study sample by using Cronbach-Alpha equation and the Spearman halving method.*

*The second tool was the measure of learning motivation. The researcher prepared this criterion and exposed the validity and then implemented the statistical analysis of them including: ability to separate the items, and content coherence. Next, the constant value was measured by two equations: the Pearson correlation coefficient and the Kendall correlation coefficient. The obtained results were statistically acceptable.*

*To further refine the study results, internal and external validity were obtained for some variables.*

*The researcher started the experiment on (7/2/2022) and taught three lessons per week and ended on (14/4/2022). By presenting the results of the first and second assumptions, it appeared that there was a difference in statistics between the scores of both research groups in favor of experienced students which caused an increase in academic achievement and developing their learning motivation. These positive results were due to implementing and practicing effective Fan_N_Pick strategies.*

*Based on the results, the researcher concluded that the use of open card strategies in teaching social subjects such as history for the seventh grade is more effective than using normal strategy in terms of learning achievement and development of learning motivation. In the end, considering the findings of the study, some recommendations and suggestions are proposed which can be useful for people in the field.*